# هۆلۆکۆست



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ستیڤان برۆشفێڵد و پاوڵ ئا.لڤین

# هۆلۆکۆست

## لەسەر ئێوەیە ئەم ڕووداوە بگێڕنەوە

کتێبێک لەمەڕ کۆمەڵکوژیی یەهوودییەکان لە ئەوروپا
ساڵەکانی ١٩٣٣ – ١٩٤٥

وەرگێڕانی:
شۆڕش غەفووری



ئەم کتێبە پێشکەشە بە:
ڕوحی ئەو مرۆڤانەی کە هەروەک یەهوودییەکان لە بیابانە لماوی و زەردهەڵگەڕاوەکانی عێراقدا، کرانە ژێر خاکەوە.

ناوی کتێب: هۆلۆکۆست
نووسینی: ستیڤان برۆشفێڵد و پاوڵ ئا.لڤین
وەرگێڕانی: شۆڕش غەفووری
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦٦٥
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١١٦٧)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## پێشەکیی وەرگێڕ

رامان لە مرۆڤدۆستی و مرۆڤبوون پێویستی بە چوونە قوولایی و گەڕانە یەک لەدوای یەکەکان و ڕوحە بالاکان هەیە، واتە پێویستی بە ڕوحێک هەیە کە مرۆڤ نەخاتە مەترسییەوە بۆ موقەدەسی ئاسمانی، بەلام مەترسیدارترین هزر ئەوەیە کە مرۆڤ هاوشێوەکانی خۆی بخاتە نێو پرۆسەی تۆقاندن و لەنێوبردنەوە لەپێناو موقەدەسبوونی خۆی. ئەو کتێبەی کە هەنووکە لەبەردەستی ئێوە خوێنەردایە، کۆمەڵە بەڵگە و دیکۆمێنت و وێنەگەلێکە لەو جۆرە موقەدەسەی دووەمیان. مرۆڤ کوشتن لەپێناو مرۆڤی دیکەدا. مێژوو و دیرۆکی گەلان پڕیەتی لەم جۆرە قەتڵوعامانە کە ئیشیان لەسەر سڕینەوەی لاوازەکان و ژێردەستەکانی خۆیان کردوە. کوشتنی بە کۆمەڵی یەهوودی و قەرەج و بەندییەکانی شەڕی دووەمی جیهانی بە مانای لاوازیی هەستی مرۆڤدۆستییە و دەرخەری دڕندەیی و وەحشیگەری مرۆڤە. نەژادی پاک و ئارییایی ڕەسەن کە لە دروشمەکانی نازییە ئەڵمانیاییەکان بوو، شەش ملیۆن و شتێک قوربانی بەدوای خۆیدا هێنا، بەلام بەداخەوە ئەم کۆمەڵکوژییە بۆ ئێمەی کورد زۆر ڕوون و ئاشکرا نییە و تەنیا بە ڕوخسار لێی تێ گەیشتووین، هەر بۆیە یەکێک لە ئامانجەکانی وەرگێڕانی ئەم کتێبە، بۆ ئاشناکردنی خوێنەر کوردە بەم کارەساتە، و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تاک تا بەها و قیمەتی مرۆڤمان بۆ دەرکەوێت و پەند لە مێژوو وەربگرین.ئامانجێکی تری وەرگێڕانی ئەم



کتێبە، هاوشێوەبوونی کارەساتەکەیە لەگەڵ ئەنفال کە وەک یەکێک لەجینۆسایدە گەورەکانی مرۆڤایەتی لەمەڕ بەدیهێنانی ئامانجی سڕینەوەی گەلی کورد ئەنجام درا. بۆیە ئەگەر بێت و ئەم کارەساتەش هەروەک کارەساتی ئەنفال نەمانگریێنێ و هەڵوەستەمان پێ نەکا لەسەر کردار و هەستەمرۆییەکان، ئەوا ئیشکالییەت لە هەستی مرۆڤدۆستیی ئێمەشدا هەیە و دەبێت وەک مەترسی سەیر بکرێت. ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت، ئەوەیە کە ئەم کتێبەم بە چاپکراوی، واتە چاپە فارسییەکەیم وەک کتێب، بەرچاو نەکەوتوە و تەنیا بە وەرگێڕدراوی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتم بینیوە، ئەمەش تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە سیاسییەی کە هەنووکە حاکمە بەسەر فارسزمانەکاندا.

سەرۆک وەزیر (یۆران بەرشۆن)، لە درێژەی چەند دانیشتن و لێدوانێکدا لە نێوان ڕێبەرانی حیزبەکان لە حوزەیرانی ١٩٩٧، ئەنجامدانی چالاکیی بەربلاوترکردنی زانیاری بە ناوی "مێژووی زیندوو – Levande historia لەبارەی کۆمەڵکوژی یەهوودییەکانەوە گرتە دەست. ئامانج لەمەش هێنانەگۆڕێی مەسەلەی کوشتاری یەهوودییەکان لە ماوەی شەڕی جیهانیی دووەم بوو و بابەتە پەیوەندیدارەکانی وەک مرۆڤایەتی، دیموکراسی و یەکسانیی بەهای گشت مرۆڤەکان.

"مێژووی زیندوو"، پێکهاتەی چالاکییە سیاسییەکان و پێدانی زانیاری بە دایک و باوک و خەڵکی بە گشتی و هەروەها ئەنجامدانی چالاکی لە قوتابخانە و زانکۆ و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەیە. چاپکردنی ئەم کتێبە یەکێک لەو چالاکییانەیە کە لە چوارچێوەی مێژووی زیندوودا ئەنجام دەدرێت. پلەی یەکەم ڕووی قسەی ئەم کتێبە لە گەورەسالانە.

# پێشەکیی کتێبەکە

بەرهەمهێنان و نووسینی ئەم کتێبە لەسەر پێشنیاری میرییە وەک بەشێک لە پرۆژەی مێژووی زیندوو. نووسینی کتێبێک لەبارەی بابەتێکی دژوار و بەربڵاوی وەک کۆمەڵکوژیی یەهوودییەکان ئەویش لە کەمترین ماوەدا کارێکی سانا نییە. لەگەڵ گشت ئەمانەشدا ئێمە ئەم ئەرکەمان قبووڵ کرد، چونکە هەردووکمان لەسەر ئەو باوەڕەین کە گێڕانەوەی ڕاستییەکانی کۆمەڵکوژی یەهوودییەکان لە چوارچێوەیەکی جیدیدا جێگای بایەخ پێدانە. زانیاری لەمەڕ ئەم کۆمەڵکوژییە بە شێوەیەک نییە کە بشێت یا بتوانرێت بە ئامرازێک یا ئەخلاقیاتی دەسەڵاتدار لەسەر دۆزینەوەی بازاڕ بخرێتە ڕوو. لە ڕاستیدا ئێمە ناتوانین بڕیاری ئەوە بدەین کە لە کارەکەماندا سەرکەوتوو بووین، بەڵام هەوڵمان داوە کە زانیاریی تایبەت بەم ڕووداوە و دەنگی مرۆڤەکان پێکەوە بەراورد بکەین و ناچار بووین بڕیاری دژوار بدەین. هەڵبژاردنی دەنگەکان و ڕوخسارگەلێک کە ڕاستییەکان دەگێڕنەوە لە نێوان بەڵگەنامە و بەجێماوەی وەها قورس و بەربڵاو، کارێکی تاقەت پڕووکێنە. زانیاریی شەخسەکان زۆرە لەبارەی لەنێوبردنی یەهوودییەکانەوە و چۆنیەتی هەنگاوەکانی ئەم ڕووداوە ساڵانێکە ڕوون کراوەتەوە. جادەیەک کە بە ئاوشویتیس کۆتایی پێ هات، بە ڕیکلامی پڕ لە کینە دەستی پێ کرد و بووە هۆی وەلاوەخستن و دوورخستنەوە و جیاکردنەوەی مرۆڤەکان و دواتریش بووە هۆی کۆکردنەوەیان



لەشوێنێک و دەرکردنیان و لەنێوبردنی جەستەییان لە ئۆردووگا تایبەتییەکان. سەرەڕای ئەوەی کە هیچ کات ژمارەی تەواوی قوربانیانی دەستی نازییەکان، ئەڵمانییایەکی گەورە و پێکهاتوو لە نەژادی پاک، دەرناکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕەهەندەکانی ئەم ڕووداوە ڕوون و ئاشکران. ژمارەی قووربانییانی ئەم کۆمەڵکوژییە بەرنامە بۆ داڕێژراوە، لە نێوان پێنچ تا نزیکەی شەش ملیۆن یەهوودی و زیاتر لە نیو ملیۆن قەرەج بوو. قوربانییەکانی دیکە کە بە دەستی نازییەکان پێک هاتبوون لە (١٠٠٠٠٠) کەم ئەندام و کەمئەقڵ و خەڵکی بێزراو و هەزاران هۆمۆسێکسواڵ و هەزاران کەس لە دەستەی شایەتیی یەهووە (Jeh Oras vittnen)، چەند ملیۆن پۆڵۆنیایی بێ چەک و گیراوانی شەڕی ڕووسیا بوون، بەڵام تۆ بڵێیت ئەم ژمارانە چ مانایەکیان هەیە؟

چونکە ئەم ژمارانە نائاسایی دێنە بەرچاو و زۆر مەزنن و مرۆڤ بە شێوەیەکی ئاسایی لێیان دەڕوانێ، هەر بۆیە دەبێت هەوڵ بدرێت بۆ دەرککردنی ئەم ڕاستییەی کە لە پشت هەر ژمارەیەکەوە ناوێک، ڕوخسارێک، مرۆڤێکی لەدڵاشیرین و داهاتوویەکی بەفیڕۆدراو هەیە. ئەم ژمارانە منداڵ، باوان و کەس و کارەکانیان لەخۆدەگرێت، هەر لەبەر ئەمەشە لە لاپەڕەکانی دواتردا بە چیرۆکی منداڵانی "بۆلنهۆسەردام – "Bullenhuser Damm دەست پێ دەکەین. ئەمە چیرۆکێکە کە کۆتاییەکی خۆشی نییە و ئەم بەداخەوە نموونەیەکی دیارە لە کۆمەڵکوژی یەهوودییەکان. نازییەکان لەماوەی شەڕدا ملیۆن و نیوێک منداڵی یەهوودییان کوشت، ئەمەش بەو مانایەیە کە لە هەر دە منداڵێکدا نۆ منداڵی یەهوودیی ئەورووپا گیانی خۆیان لەدەست دا.

چۆنچۆنی ڕووداوێکی وەها ڕوودەدات؟ ئێمە بەهیواین کە ئەم کتێبە لە سویددا بەسوود بێت و زانیاریی پێویست لەمەڕ کۆمەڵکووژییەکەی یەهوودییەکان بداتە خوێنەران. نەک تەنیا ئەمڕۆکە، بەڵکوو لە داهاتووشدا، وەک خاڵی دەسپێک و گفتوگۆ بەدەر دەکەوێت لە باسەکانی نێوان دایک و باوکەکان و منداڵەکانیان لەبارەی ئەخلاقیات، دیموکراسی، بەها مرۆڤایەتییەکان، بەڵام ئەم کتێبە بۆ ئوگران و خوازیارانی ئەم باسە تەنیا خاڵی دەسپێکە. زانیارییەکانی ئەم پەرتووکە تەنیا، دڵۆپێکن لەو زانیارییانەی کە لەبارەی ساڵانی دڕندەیی ماوەی شەڕی دووەمی جیهانییەوە. ئێمە تەنیا توێژێکی ناسکی ئەم ڕاستییەمان هەڵداوەتەوە و بە خوێنەران دەڵێین کە خۆیان هەوڵ بدەن و زانیاری زیاتر لەم بوارەدا بەدەست بهێنن. لە کۆتاییدا ئەم هەلە دەقۆزینەوە و سپاسی گشت ئەو کەسانە دەکەین کە لە نووسینی ئەم کتێبە و لە ماوەیەکی کەمدا یارمەتییان داوین، چونکە بە بێ یارمەتیی ئەوان کارێکی وەها مەحاڵ بوو و هەموویان هەوڵی تەواویان داوە لە بە ئەنجامگەیاندنی پرۆژەیەکی وەهادا:

– لێنا ئالبێن Lena Albihn (چاپەمەنیی سروشت و کەلتوور)

– ئاننا – کارین یوهانسۆن Anna _ Karin Johan(SS)on (زانیاریی دەبیرخانەی دەوڵەت و بەرپرسی پرۆژە)

– سانا یوهانسۆن Sanna Johan(SS)on (بەڕێوەبەری وێنە)

– جاکوب وێگلیۆس Jakob Wegelins (بەڕێوەبەری نەخشە و وێنەکان)

– ئەلیسا واڵفارد Elsa Wohlfahrt (وێنەکێش)

– ماریتا سۆنابێندMarita Zonabend و ئاوا ئۆکربێرگ Eva Akerberg (بەڕێوەبەری وەرگێڕان)



دواجار دەخوازین سپاسی دەستەی نووسەرانی خۆمان، ئانیتا کارب و میالۆنکارت بکەین،چونکە ئەوان هەریەکەیان بەشێکی تەواویان لە کتێبەکە لە ئەستۆ بووە و بەبێ یارمەتیی ئەوان ئامانجەکەمان نەدەپێکا.

ستۆکهۆڵم – حوزەیرانی ١٩٩٨

ستیڤان برۆشڤێڵد

پاوڵ. ئا. لڤین

# منداڵان وەک ئاژەڵی تاقیگە

(نیسانی ١٩٤٥)، هێزە هاوپەیمانەکان چوونە نێو خاکی ئەڵمانیای نازییەوە، بەڵام خۆبەدەستەوەدانی ئاڵمانیا تا ٨ی مانگی ئایار درێژەی کێشا. لەم نێوەندەدا ئەوان پەییان بە تاوانەکانی خۆیان بردبوو هەر بۆیە هەوڵیان دەدا بەڵگەی تاوانەکانیان بە



تەواوی بفەوتێنن. دەمژمێر ٨ی شەوی ٢٠ نیسانی هەمان ڕۆژ کە "ئەدۆڵف هیتلەر" بۆ دوایین جار جێژنی لەدایک بوونی خۆی دەگێڕا، دەستگیرکراوە ئەسکەندەناڤییەکان لە ئۆردووگای "نویەنگامە – Neuengamme" هەڵکەوتوو لە دەرەوەی هامبۆرگ بەو پاسانەی کە بە پاسی سپی ناسرابوون، گوازرانەوە. لەم ئۆردووگایەدا لەو بیست منداڵە یەهوودییەی کە لە نێوان تەمەنی (٥ تا ١٢) ساڵان بوون، ١٠ کچ و ٢ کوڕ کە دوو جووت خوشک و برایان تێدا بوو، هێڵرانەوە و ئەمانە نەدەچوونە نێو خانەی کردەی ڕزگارکردنەوە. پزیشکەکان بۆ چەندین مانگ ئەم منداڵانەیان وەک توخمی تاقیکاریی لێکۆڵینەوەیی بەکار هێنابوون. لە لایەن "کورت هیس مێر – Kurt Heiss meyer" پزشکی (SS)ەوە لیمفە ڕژێنی منداڵەکان بە نەشتەرگەری دەرهێنرابوو و بەکتریای زیندووی سیلیان بە دەرزی لێ درابوو. ئەم بەکتریایانە لە ڕێگای بۆرییەکەوە ڕاستەوخۆ



کرابوە نێو سیی چەند دانە لە منداڵەکانەوە. هیس مێر لە لێپرسینەوەدا لە ساڵی ١٩٦٤ ڕایگەیاندبوو کە بۆ ئەو (یەهودییەکان جیاوازییەکی بنەڕەتییان نییە لەگەڵ ئاژەڵاندا). چەند کاتژمێرێک دوای ئەوەی کە دواهەمین زیندانییەکانی



ئەسکەندەناوی، ئۆردووگاکە بەجێبهێڵن، منداڵەکانیان لەگەڵ چوار بەندکراوی دیکەی بەتەمەن کە ئەرکی پاراستنی منداڵەکانیان لە ئەستۆ بوو، گوازرابوونەوە بۆ بینای قووتابخانەیەکی گەورە لە هامبۆرگ. ئەوان پێش لە نیوەشەو گەیشتبوونە ئەوێ. کەسە بە تەمەنەکان دوو پزیشکی فرەنسەوی بە ناوەکانی "گابرییێل فلۆرانس – Gabriel Florence" و "رەنا کۆنۆوێڵ – Rene Quenouille" و دوو کەسی هۆڵەندی بە ناوەکانی "دێرک دووتەکۆم – Dirk Dentekom" و "ئەنتۆن هۆلسێڵ –Anton Holzel " بوون. قووتابخانەکە "Bullenhuser Damm"ی ناوبوو، چەند مانگێک وەک بەشێک لە ئۆردووگا سوودیان لێوەردەگرت. سوود لەم قووتابخانەیە وەردەگیرا وەک ناوەندی کۆبوونەوەی دەستەبەسەرکراوە ئەسکەندەناوییەکان کە بڕیار وابوو ئازاد بکرێن. ئەو گرووپە دەستبەسەرکراوانەیان بردە ژێرزەمینەکەوە. سەرەتا لە کوورەخانەکەدا گەورەکانیان بە لوولەکانەوە هەڵواسی و دواتر نۆرە گەیشتە منداڵەکان. بە پێی گووتەکانی پزیشکی (SS) بە ناوی ئاڵفێرد ترسەبینسکی کە لەوێدا بوە، مۆرفینیان دابوو بە هەندێک لە گیراوەکان بەتایبەت بە "جۆرج . ئانورە کۆهن -George Andre Kohn" حاڵی لە هەمووان خرابتر بوو. جۆرج ئاندرە کە لەخەودا

بوو، پێش لە هەموویان نەک بە لوولەکەدا، بەڵکوو هەڵیان واسیبوو بە قولاپێکی دیوارەکەوە. ئەفسەرەکەی (SS) یوهان فرام ناچار بوو تەواوی کێشی جەستەی خۆی بەکاربهێنێت هەتاوەکوو بتوانێت تەنافەکە بکێشێت بۆ بەرزکردنەوەی جۆرج. فرام لە لێپرسینەوەیەکدا لە ساڵی ١٩٤٦ دانی بەوەدانا کە هەردوو منداڵەکەی بە قولاپ وەک وێنەیەکی دیواری هەڵواسیوە بە دیوارەکەوە. وتبووی هیچ یەک لە منداڵەکان نەگریان، کاتێ کە هەموو منداڵەکان مردن، گلاسێک مەشرووب و جگەرەیەکیان لەنێوان ئەندامەکانی (SS)دا دابەش کرد. دواتر نۆرە گەیشتە سەر بیست گیراوەکەی تر کە ڕووسی بوون، هەموویان هەڵواسین، هەرچەندە کە زانیارییەک لەمەڕ ناوەکانیان لەدەستدا نییە، بەڵام ناوی منداڵەکان ئەمانەی خوارەوەیە:

– مانیا ئالتمان – Mnnia Altmann ، ٥ ساڵان
– لیلکا بێرنبانم – Lelka Birnbanm ، ١٢ ساڵان
– سورکێس گۆڵدێنگەر – Surcis Goldinger ، ١١ ساڵان
– ڕیوکا هێرسزبێرگ – Riwka Herszberg ، ٧ ساڵان
– ئەلیکساندەر هۆرنمان – Alexander Horneman ، ٨ ساڵان
– ئیدوارد هۆرنمان – Eduard Horneman، ١٢ ساڵان
– ماریک جێمیس – Marek James ، ٦ ساڵان
– و. یونگلیب – W – Junglieb ، ١٢ ساڵان
– لیا کلیگێرمێن – Lea Klygermann ، ٨ ساڵان
– جۆرج ئاندرە کۆهێن – George _ Andre Kohn ، ١٢ ساڵان
– بلومێل مێکلەر – Blumel Mekler ، ١١ ساڵان



– ژاکلین مۆرگێنسترین – Jacqueline Morgnstern ، ١٢ ساڵان
– ئیدوارد ڕایشنباوم – Eduard Reichenbanm ،١٠ ساڵان
– سێرجیۆ دی سیمۆن – Sergio De Simone ، ٧ ساڵان
– ماریک ئیشینباوم – Marek Steinbaum ، ١٠ ساڵان
– هـ. واسێرمین –H – Wasserman ، ٨ ساڵان
– ئیلنۆرا ویتۆنسکی – Elenore Witonski ، ٥ ساڵان
– ڕۆمان ویتۆنسکی – Roman Witonski ، ٧ ساڵان
– ڕۆمان سلێر – Roman Zeller ، ١٢ ساڵان
– ڕۆشلا سیلبێرگ – Ruchla Zylberberg ، ٩ ساڵان

ڕۆژی ١٧ ئابی ١٩٤٤، جۆرج ئاندرە کۆهێنی ١٢ ساڵان و بنەماڵەکەی لە پاریس دەرهێنران و ڕەوانەی "ئاوشۆیتیس " کران. ئەمە (٧٩)یەمین و دوایین گوێزرانەوەی یەهوودییە فەرەنساییەکان بوو. جۆرج ئاندرە هەر لە چوونە نێو ئاوشۆیتیسەوە بردرا بۆ تاقیکاریی پزیشکی. ئەو لە دوارۆژەکانی نۆڤەمبەردا بردرا بۆ ئۆردووگای "نویەنگامە – Neuengamme". وێنەکەی لە ساڵی ١٩٤٤، پێش بردنەدەرەوەیان لە پاریس کێشراوە. وێنەکەی تریشیان بەدوای دەرهێنانی لیمفە ڕژێنی ژێرباڵی لە لایەن کۆرت هیس میرەوە، پزیشکی (SS) لە نۆیەنگامە گیراوە، ڕۆژی دواتر لاشەکانیان گواستنەوە بۆ نویەنگامە و سووتاندیانن. ئەوڕۆکە ئەم قوتابخانەیەیان ناو ناوە "یانووس کۆرساک –Janusz-Korczak-Schule" و لە حەوشەی قووتابخانەکەدا باخچەیەکی بچووک لە گوڵی سوور، بەیادی ئەم منداڵان دروست کراوە.

هیچ هۆکارێک ڕازیکەرتر نییە لەوەی کە تاک بزانێت خاوەنی نەژادە. تاکێک کە نەژادێکی دیار، واتە نەژادێکی پاک بێت هەستی بەرزی لەسەر نەژادێکی تر هیچ کات لەدەست نادات.. نەژاد دەبێتە هۆی بەرزیی مرۆڤ: ڕەگەز هێزێکی لەبن نەهاتوو. بەلانیکەمەوە دەتوانم بڵێم هێزی میتافیزیکی – دەداتە مرۆڤ، بە شێوەیەک کە تەواو لە کەسێکی دیکە کە لە تێکەڵبوونی چەندین نەژادی جیاواز لە دوورترین شوێنی گۆی زەوی لە دەوری یەک کۆبوونەتەوە، جیاواز دەردەکەوێ.

ه. س. چەمبرلین- H-S- Chamberlian

تیۆریزانی نەژادی ئەوروپایی

مێژووی ئەڵمانیای نازی جیا نییە لە جیهانیی نازییەکان. کوشتاری یەهوودییەکان، دەرەنجامی هزری نەژادپەرستانە – ئایدۆلۆژیکی ئادۆڵف هیتلەر بوو کە لە پەرتووکەکەیدا «Mein Kampf» شی کراوەتەوە. هیتلەر و حزبی نازی، ڕوانگەیان لە پێکهاتەی نەژادپەرەستانەی خۆیان سەبارەت بە مرۆڤ و نەفرەتەکانیان لە کۆمەڵگای دیموکراتیک و بەهاکانی نەشاردوەتەوە. بۆ نازییەکان نەژاد لەخۆگری هەموو شتێکە. بەهای تاک تەنیا لەوەدا کورت دەبێتەوە کە ئامرازێکە لە دەست دەوڵەتی نەژادپەرستی. ئەم ئایدۆلۆژیایە بە زوویی لە دوای بە دەسەلات گەیشتنی نازییەکان لە ٣٠ کانوونی دووەمی ١٩٣٣دا هاتە ئاراوە.





## بنەمای هزری نەژادپەرستی

زۆر لەمێژە ئەم هزرە لە ئەوروپادا بڵاوبووەتەوە و ڕەگی داکوتاوە. بیرمەندان و فەیلەسووفان لە سەدەی حەڤدەهەم لەمەڕ پەیدابوونی نەژادی مرۆڤەکان زۆر دواون و ڕۆچوونەتە قووڵایی بابەتەکەوە. دیپلۆماتێکی فەرەنسایی بە ناوی"ئارتۆر(ئارسەر) دی گۆبێنیۆ – Arther De Gobineau"، لە ساڵی ١٨٥٤ کتێبێکی پڕخوێنەری لەمەڕ نایەکسانیی نەژادی مرۆڤەکانەوە چاپکرد. بە بڕوای گۆبینیۆ نەژادی ئاریایی لەسەرووی نەژادی ترەوەیە، بەڵام لە مەترسیی تێکەڵاوی نەژادی دایە لەگەڵ نەژادە نائارییاییەکان کە دوورن لەگشت بەهایەکی بەرز. ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە لە سەردەمانێکدا کە نەتەوەخوازی و ئیمپریالیزمی ئەوروپی بایەخی زۆری پەیدا کردبوو، پێشوازییەکی زۆری لێ کرا. زانایان و ڕووناکبیران لە ڕۆژئاوا بە ئیلهام وەرگرتن لە تیۆری چارلز داروین، لەمەڕ هەڵبژاردنی سروشتی، یا بە مانایەکی دیکە، تاکێک کە زیاتر لە هەمووان هاوگونجاوی پێشان دەدات، درێژە بە مانەوەی هەتا هەتایی خۆی دەدات، دەستیان بە کارکردنی بیرۆکە بایۆلۆژییەکانی لە کۆمەڵگای مرۆیی دا. دیاردەی بەنێو داروینیزمی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە هێزدار مافی دەسەڵاتدارییەتیی لەسەر لاواز هەیە. ه. س. چیمبرلێن یەکێ لەو بیرمەندانە بوو کە لایەنگری زۆری هەبوو. ئەو لە ساڵی ١٨٩٩ ڕوانگەیەکی خستە ڕوو کە ڕەگەزی ئاریایی بە ڕێبەرایەتیی ئەڵمانییەکان شارستانییەتی مەسیحیی ئەورووپی لە دوژمنەکەیان، واتە یەهوودییەت ڕزگار دەکەن.

## دژه یەهوودی و زیندەوەرزانیی نەژادی

یەهوودییەکان هەر لە سەدە کۆنەکانەوە لە ئەوروپا نیشتەجێ بوون. لە سەرەتای سەدەی ناڤیندا، کلیسای مەسیحی، یەهوودییەکانی تاوانبار کرد بە کوشتنی حەزرەتی عیسا مەسیح و ئەوەیان بەسەردا بڕین کە حەزرەتی عیسایان وەک مەسیحی وادەپێدراو قەبووڵ نەکردوە. بە دوای ئەم تۆمەتانە بارودۆخی یەهوودییەکان ڕووی لە خراپە کرد. بە دوای چەندین سەدە ئازار و توندوتیژی، یەهوودیکوژی ڕووی لە زیادبوون کرد. بە دوای شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ و ئامانجە دیموکراتییەکانی، دەرگا بەڕووی باشتربوونی بارودۆخی یەهوودییەکان کرایەوە. ڕووداوی بەنیو ڕزگاریی یەهوودییەکان لە سەدەی نۆزدەدا، ئەو هەلەی پێ بەخشین کە هەروەک هاووڵاتییەکانی دیکە بەشدار بن لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا. لەدوا ساڵانی سەدەی نۆزدەدا، شێوەیەکی دژە یەهوودی «ئەنتی سمیتیزم»، وەک دژکردەوە لەبەرامبەر ڕەوتی ڕزگاریی یەهوودییەکان، هەروەک ئامرازێکی سیاسی هاتە کایەوە. لە سەردەمەکانی ناسەقامگیریی مەزهەبی، ئابووری و سیاسیی دوژمنایەتی لەگەڵ یەهوودییەت، یەهوودییەکانی بە لایەنگری لە ڕادەبەدەری کۆمەڵگا تاوانبار کرد. یەهوودییەکان، بەوە تاوانبار دەکران کە دەیانهەوێت دەسەڵات لە گشت جیهاندا بگرنە دەست. هەر لەو سەردەمانەدا زانستی نوێی کاریگەر بە بیرۆکەکانی داروینیزمی کۆمەڵایەتی، دەستی پێ کرد و ئەم کردارەش لە پلەی یەکەمدا بە شێوەی ناوی نەژاد پاکی(یوژنیک) فراوانتر بووەوە.


"کێشەی یەهوودییەت تەنیا کێشەیەکی ئابووری نییە، بەڵکوو کێشەیەکی نەژادی و کەلتوورییشە (...)



یەهوودییەت هۆکاری تووڕەیی خەڵکی ئەوروپایە."

پێر ئیمانوێل لیساندێر – Pehr Emanual Lithander

بازرگانی سویدی و نوێنەری پەرلەمان – ١٩١٢




ئەم یارییە ناوی دەرکردنی یەهوودییەکانە، کە لە دەیەی ١٩٣٠ لە لایەن بەرهەمهێنەرێکی ئەڵمانییەوە لەژێر ناوی یارییەکی لە ڕادەبەدەر خۆش بۆ منداڵان و گەورە ساڵان، دروست کرا. کڵاوی داشەکان وەک ئەو کڵاوانەیە کە یەهوودییەکان ناچار بوون لە سەدەی ناڤیندا بیانکەنە سەریان. لەسەر کڵاوەکان هەندێک کاریکاتێری دژە یەهوودی دەبینرێن. لە پانتایی یارییەکە نووسراوە: ئەگەر بتوانی ٦ یەهوودی بکەیتە دەرەوە تۆ براوەی هەموو یارییەکەیت.

"ئەم مێرمنداڵانە شتێک فێر نابن، جگە لەوەی ئاڵمانیایی بیر بکەنەوە و ڕەفتار بکەن. کاتێک کە ئەم کچ و کوڕانە لە تەمەنی دە ساڵییەوە بێنە نێو ڕێکخراوەکانی ئێمەوە و بۆ یەکەمجار هەوای ئازادی هەڵمژن و دوای چوار ساڵ لە یەکەی پێشڕەوان دێنە نێو ڕێکخراوی لاوانی هیتلەرەوە و ئێمە چوار ساڵی دیکە لەوێدا ڕایان دەگرین (...) و ئەوان هەتاوەکوو دوا تەمەنی خۆیان ئازاد نابن."

لە گوتاری ئادۆڵف هیتلەر – لە دووەمی کانوونی یەکەمی ١٩٣٨دا



کورێک کە ئەندامی ڕێکخراوی لاوانی هیتلەرە، لە یەکێک لە کۆلۆنییەکانی ئەڵمانیا خەریکی دەرس وتنەوەیە بە کچێک. ئەم کۆلۆنیایە بە مەبەستی بەرفراوانترکردنی فەزای ژیانی ئاڵمانیایی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات بنیاد نراوە. خەڵکی ناوچەیی لە شوێنەکانیان کرانە دەرەوە و بنەماڵە ئەڵمانیاییەکان شوێنیان گرتنەوە."

بڕواهێنەرانی ڕەگەزپاکی ئەیانوت، کۆمەڵگا لە لایەن جینە خراپ و لاوازەکانەوە لە مەترسی دایە. ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە بە بەرگرتن لە زاوزێ و بڵاوەپێکردنی جینەکان ئەتوانرێت کۆمەڵگا بەرەو سلامەتی و باشتربوون ببردرێت. بیرۆکەی جوولانەوەی بڕواپێهێنەرانی نەژادی پاکی لە ماوەی سەدەی بیستەم لە ئەوروپا و ئەمریکا، لە ڕێگەی نەزۆککردن و خەساندنی سەدان هەزار کەسەوە کە زۆربەیان ژن بوون وەڕاست گەڕا. شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٨ – ١٩١٤)، توانای پیشەسازی دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژیی پێشانی جیهان دا. زۆرێک لە ئەندامانی حیزبی نازی بەشدارییان لە شەڕ کردبوو و ئەزموونی بەڵا و تۆقاندنەکانیان کردبوو. شکانی ئەڵمانیا کە یەهوودییەکانیان بە تاوانبار و هۆکاری ئەو شکستە دەزانی، مەیلی تۆڵەسەندنەوەی دروست کرد. نازییەکان دەیانوت کە کارایی زیندەوەرزانیی ڕەگەزی، پاکسازیی ڕەگەزی و دژە یەهوودییەت بۆ ڕزگاریی ئەڵمانیا لە سیاسەتە پراکتیکییەکاندا کارێکی پێویستە.



ئامانج پێکهێنانی کۆمەڵگایەک بوو لە نەژادی پاک و یەک ڕەنگ کە تیایدا بەها بە پێی جیاوازییە سروشتییەکانی مرۆڤەکان دیاری دەکرا. یەکێک لە دیارکەوتەکانی ئەم کارە، یاسای نۆرەنبێرگ بوو لە ساڵی ١٩٣٥. ئەم یاسایە لەبارەی یەهوودییەکانەوە بوو، بەڵام بە زوویی قەرەجەکانیشی گرتەوە. تەنیا هاووڵاتییە ئاڵمانیاییەکان یا هاوخوێنەکان مافی تەواوی هاووڵاتیبوونیان هەبوو. ڕاڤە و لێکدانەوەی مافپەروەران کە لەسەر پێشنیاری یاسا کاریان کردبوو، بەم شێوەیە بوو:" سەرەڕای گشت زانیارییەکان لەبارەی یەکسان بوونی هەموو مرۆڤەکان(...)، سوسیالیزمی نەتەوەیی پشت بە ناسینی دژوار، بەڵام پێویستییە جیاوازییەکانی کۆمەڵگا دەبەستێت ..."

هەموو ئەو هۆکارانە چ لە لایەنی ئایدۆلۆژییەوە و چ لە لایەنی دەروونناسی و تەکنۆلۆژییەوە، بنەمای کۆمەڵکوژی یەهوودییەکانیان داڕشت. لە نێوان ساڵانی ١٩٣٣ تا ١٩٤٥ ڕەشەکوژیی یەهوودی و قەرەجەکان ئەنجامدرا کە دەرەنجامەکەی ئایدۆلۆژیای هیتلەر و نازیزم بوو.

## ئانی هۆرۆویتس –Anni Horoiwit




بە دوای داگیرکردنی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٤٠ ناوی هەموو یەهوودییەکان ناونووس کرا و ئەمەش یەکەم هەنگاوی کۆمەڵکوژییەکەیان بوو. ئان لەدایک بووی ١٩٣٣ی ئیستراسبۆرگە، ژنێکی

یەهوودی و بەپێی ناوەرۆکی پێناسەکەی (کەسێکی خاریجیی لەژێر چاودێری) بوو. ئەو سەرەتا لە ئۆردووگایەکی نزیک بە تۆرس Tours نیشتەجێ کرا و دواتر گوێزرایەوە بۆ ئۆردووگای دارنسی لە سنووری پاریس. ئەو لە ١١ی سپتەمبەری ١٩٤٢ بە سی و یەکەمین گواستنەوەی یەهوودییەکان لە فەرەنساوە بەرەو ئاوشۆیتیس بردرا. دایکی واتە فریدا و خوشکەکەی پائۆلێتیشی لەگەڵدا بوون. لە ناو ئەم گرووپە ڕاگوێزراوەدا هەزار پیاو، ژن و منداڵ هەبوون. زۆربەی گرووپەکە واتە (٦٠٠) کەسی نێو هەزار کەسەکە منداڵ بوون. هەر بە گەیشتنیان ڕاستەوخۆ بردرانە نێو ژوورەکانی غازەوە. ئانی و پائۆلێت، دووکەس بوون لەو ملیۆن و نیو منداڵە یەهوودییە کە لە ماوەی پلانی لەنێوبردنی یەهودییەکاندا کوژران. بە شێوەیەکی نێونجی لەهەر ١٥ منداڵ، یەکێکیان لە شەڕدا ڕزگاری دەبوو. چانسی بە زیندوومانەوەی منداڵە یەهوودییەکان لە هەندێک ناوچەی وەک پۆڵۆنیا و وڵاتانی ڕۆخ دەریای باڵتیک کەمتر بوو.

"گشت لاوە ئەڵمانییەکان جگە لە پەروەردەکردنی ماڵ و قوتابخانە دەبێت لە بواری جەستەیی، ڕوحی و ئەخلاقیشەوە لە ڕێکخراوی لاوانی هیتلەر و لە ژێر ئالای سوسیالیزمی نەتەوەیی لە خزمەت میللەت و یەکیەتیی نەتەوەییدا پەروەردە ببێت."

یاسای ڕێکخراوی لاوانی هیتلەر – ١٩٣٥

کتێبی منداڵی ئەڵمانی بە ناوی «کوارگی ژەهراوی» لە ساڵی ١٩٣٨ چاپ کرا. وێنەکە پیشان دەدات کە چۆنچۆنی منداڵانی یەهوودی و مامۆستاکەیان لە قوتابخانەکەیاندا دەردەکرێن، هەتاوەکوو قوتابخانەکە "ئاریایی پاک"ی تێدا بمێنێتەوە. لەم پەرتووکەدا باس






لەوە کراوە کە جوێکردنەوەی «کوارگی ژەهراوی» دژوارە لە کوارکی خۆراکی، پەی بردن بە بێ قیمەتی و تاوانباریی یەهوودییەکان زۆر دژوارترێکە.

## ڕووداوە گرینگەکانی نێوان ساڵانی ١٩١٩ تا ١٩٤٥

١٩١٩: ١٦ی ئەیلوول: ئادۆڵف هیتلەر بووە، ئەندامی حیزبی کرێکارانی ئەڵمانیا(DAP).

١٩٢٠: ٨ی ئاب: دروستکردنی حیزبی کرێکاری سوسیالیستی نەتەوەیی ئەڵمانیا (NSDAP).

١٩٢٣: ٨ – ٩ی تشرینی دووەم: "کودەتای ئۆلهاریس"، هیتلەر هەوڵیدا حکوومەتی باڤاریا بڕووخێنێت، بەڵام سەرنەکەوت. ئەو لە نیسانی ١٩٢٤ بە پەنجا ساڵ زیندان حکوم درا. هەر لە زینداندا کتێبەکەی بە ناوی تێکۆشانی منی نووسی.

١٩٢٥: تشرینی دووەم: (SS) وەک گاردی تایبەتی هیتلەر لە مۆنیخ دروست کرا.

١٩٢٨: ٢٠ ئایار: هەڵبژاردنی پەرلەمان. حیزبی نازییەکان ٢/٦ی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

١٩٣٠: ١٤ ئەیلوول: هەڵبژاردنی پەرلەمان. بە دوای سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری لە جیهاندا، حیزبی نازی ٣،١٨ی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

١٩٣١: کانوونی یەکەم: بێکاری لە ئەڵمانیادا بووە هۆی ئەوەی کە ٦،٥ ملیۆن کەس بێکار بن.

١٩٣٢: بەهار: هیتلەر لە دوو هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئەڵمانیادا شکستی خوارد.

١٣ تەمووز: هەڵبژاردنی پەرلەمان – حیزبی نازی بە شێوەیەکی ئازادانە گەورەترین سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەست هێنا. حیزبی نازی بە بەدەستهێنانی ١،٣٧ی دەنگەکان بووە گەورەترین حیزبی ئەڵمانیا.

٦ تشرینی دووەم: هەڵبژاردنی پەرلەمان. دەنگی نازییەکان لە کورتی دا. حزبی نازی ١،٣٣ی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

١٩٣٣: ٣٠ کانوونی دووەم: ئادۆڵف هیتلەر بووە سەرۆکی ئەڵمانیا.

یەهوودییەکانی ئەڵمانیا یەکسەر هەستیان بە بوونی سیاسەتی دژە یەهوودیی نازییەکان کرد.

٢ ئازار: یەکەمین ئۆردووگای کۆکردنەوەی یەهوودییەکان بە ناوی "داشائو – Dachau" لە ١٦ کیلۆمەتریی باکووری ڕۆژئاوای مۆنیخ دروست کرا.

١ – ٣ نیسان: هەردوو مەکتەبی پارێزەران و پزیشکانی



یەهوودییە یاساغ کران.

نیسان: یەهوودییەکان بێبەش کران لە خزمەتی نێو دامودەزگانی دەوڵەتییەکان.

١٠ ئایار: نازییەکان بە بەرچاوی خەڵکەوە دەستیان کرد بە سووتاندنی بەرهەمەکانی نووسەرانی یەهوودییە و نووسەرە دژە نازییەکان.

١٤ تەمووز: حیزبی کرێکاری سوسیالیستیی نەتەوەیی ئەڵمانیا(NSDAP) بووە تەنیا حیزبی ئازاد لە ئەڵمانیادا.

یاسایەک بۆ نەزۆک کردنی بەزۆری قەرەجەکان، کەمئەندامەکان و کەم عەقڵەکان و ئەڵمانییە ڕەنگین پێستەکان دانرا.

ئەیلوول: یەهوودییەکان کاری و چالاکیی کەلتووریان لێ یاساغ کرا.

١٩٣٤: ٣ تەمووز: ژن و ژنخوازی لەنێوان ئەڵمانیاییەکان و کەسانی سەر بە نەژادە بێگانە و ناتەواوەکان کە ئەڵمانی نین بە شێوەیەکی یاسایی یاساغ کرا.

٢ ئاب: کۆچی دوایی پێلـفۆن هیندبزگ، سەرۆک کۆماری ئەڵمانیا.

١٩ ئاب: هیتلەر نازناوی ئیمپراتۆری ڕایشی سێیەمی بۆ خۆی هەڵبژارد.

تشرینی یەکەم و دووەم: دەستبەسەرکردنی هۆمۆسێکسواڵەکان لە سەرتاسەری ئەڵمانیادا.

١٩٣٥: نیسان: پەیڕەوانی گرووپی شاهیدانی یەهووە – Jehovas Vitt-nen لە خزمەتگوزارییەکانی حکوومەت بێبەش کران و

زۆربەشیان دەستبەسەر کران.

٢١ ئایار: یەهوودییەکان لە خزمەتی ئەرتەش دەرکران.

١٥ ئەیلوول: لە کەمپێکی نازییەکاندا یاسای نۆرێنبێرگ ڕادەگەیەنرێت. یەهوودییەکان مافی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیان لەگەڵ کەسانی ئەڵمانی واتە "ئەوانەی خوێنی ئەڵمانییان تێدایە"نییە و نابێت پەیوەندیی سێکسیان هەبێت. لەماوەی دەیەی ١٩٣٠ زیاتر لە (٤٠٠) یاسای جیاواز چەسپێندران کە مافی یەهوودییەکانیان بەرتەسک دەکردەوە.

٢٦ تشرینی دووەم: قەرەجەکان و ڕەش پێستەکان مافی ئەوەیان نییە کە ژیانی هاوسەری لەگەڵ ئەڵمانییە ڕەسەنەکان پێک بهێنن.

١٩٣٦: ١٧ حوزەیران: هێنریش هیملێر، سەرۆکی (SS) وەک سەرۆکی پۆلیسی ئەڵمانی هەڵبژێردرا.

١ – ١٦ ئاب: هیتلەر یارییەکانی ئۆلەمپیادی لە بەرلین کردەوە.

١٩٣٨: ١٣ ئازار: پێوەلکاندن. ڕایشی سێیەم نەمسای خستە سەر سنووری دەسەڵاتی خۆی.

نیسان: یاسای تایبەت دانرا بۆ دەستبەسەرداگرتنی موڵک و دارایی یەهوودییەکان.

١٥ – ١٦ تەمموز: نوێنەرانی ٣٢ وڵاتی جیهان لە Evian، بابەتی پەنابەریەتیی یەهوودییەکانیان خستە بەرباس.

١٧ ئاب: ژنانی یەهوودی ناچار بوون ناوی سارا و پیاوەکانیش ناوی ئیسرائیل بە نێوە سەرەکییەکەی خۆیانەوە زیاد بکەن. لە



پاساپۆرتی یەهوودییەکانی ئەڵمانیادا پیتێکی گەورەی سوور (G) وەک نیشانەی یەهوودیبوون دانرا.

٢٨ تشرینی یەکەم: نزیکەی (١٧٠٠٠) یەهوودی بەرەچەڵەک پۆڵۆنیایی بەرەو سنوورەکانی پۆڵۆنیا پەلکێش کران.

٩ – ١٠ تشرینی دووەم: شەوی کریستاڵ. ئازار و ئەزیەت و توندوتیژی دژی یەهوودییەکان. یەهوودیکوژی و وێرانکردن. نزیکەی (٣٠٠٠٠) یەهوودی نێردرانە ئۆردووگاکانەوە.

١٥ تشرینی دووەم: منداڵە یەهوودییەکان مافی چوونە قوتابخانەی ئەڵمانییەکانیان لێ سەنرایەوە. سوید ڕازی بوو بە سەفەرکردنی (٥٠٠) منداڵی یەهوودیی ئەڵمانیا بۆ ئەو وڵاتە پاش شەوی کریستاڵ.

١٩٣٩: ٣٠ کانوونی دووەم: هیتلەر بە پەرلەمانی ئەڵمانیای ڕاگەیاند کە شەڕێکی جیهانی بۆ لەنێوبردنی یەهوودییەکانی ئەورووپا لە ڕێدایە.

٢١ شوبات: یەهوودییەکان ناچار بوون زێڕ و زیو و کەرەستە گرانبەهاکانیان بدەن بە دەستەوە.

٢٩ حوزەیران: زیاتر لە (٤٠٠) ژنە قەرەج لە نەمساوە بەرەو ئۆردووگاکانی "ڕەڤانسبێرگ" – (Ravensbruk) پەلکێش کران.

١ ئەیلوول: شەڕی دووەمی جیهانی بە هێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر پۆڵۆنیا دەستی پێ کرد. هێزەکانی گورز وەشێنی ئەڵمانیا کەشیش، زانکۆیی و یەهوودییەکانیان دایە بەر ڕێژنەی گوللە. یەهوودییەکانی ئەڵمانیا بە دوای کاتژمێر ١٠ی شەو مافی هاتوچۆیان نەبوو.

٢٠ ئەيلوول: يەهووديیەكـان مـافی ئەوەيان نەبوو كـە ڕاديۆيان هەبێت.

تشرينی يەكەم: دەركردنی يەهووديیەكان لە ئەڵمـانيای نازی بۆ ناوچەكانی "لۆبلين – "Lublinomradet–

20 تشرينـی دووەم: هێنريش هيملـێر فـەرمـانی زينـدانيكردنی هەموو ژنە فاڵگرەوە قەرەجەكانی دەركرد.

٢٣ تشـرينـی دووەم: هەمـوو يەهودييـەكی پۆڵۆنيـايـی دەبووايە نيشانەی ئەستێرەی داوود بدات لە باڵی، ئەم كارەش وردە وردە ئاڵمـانيـا و ئەو وڵاتانـەی گـرتـەوە كــە لە لايەن ئـەڵمــانيــاوە داگيركرابوون.

١٩٤٠: كـانوونی دووەم: يەكـەم كـووشـتـاری نەخـۆشـە دەروونـيـيـە يەهوودی و نايـەهووديـيـەكان بە هـۆی غـازەوەلە خـەڵوەتگـەكانی ئەڵمانيادا دەستی پێ كرد.

نيسـان – حـوزەيران: دانيمـارك، نەرويج، بەلجيكـا، هۆڵەندا و فـەڕەنسـا كـەوتنە ژێر دەسـەڵاتـی ئەڵمـانيـاوە. قـەرەجـەكـانی ئەڵمانيا بەرەو پۆڵۆنيا ڕاونران.

نيسـان: پەيوەنديی گيتـۆی لۆديس لەگـەڵ دنيـای دەرەوە پچڕا.

هيملێر بڕياری دروستكردنی ئۆردووگای ئاوشۆيتيسی دەركرد.

٣ تشــرينـی يەكـــەم: چەســـپـــاندنی ياســـای تايبـــەت بـە يەهووديیەكانی فەرەنسا(ناوچەی ويشی).

تشـــرينـی يەكـەم: يەهووديـيـەكـانی وارشـــۆ، گـــوێزرانـەوە بۆ گـيـتـۆيەك و لە كۆتـايی تشـرينی دووەم پەيوەنديی ئەم گـيـتـۆيە لەگەڵ دنيای دەرەوە پچڕێنرا.



١٩٤١: كـانوونی دووەم: بـەدەسـتـهـێنانـی ليسـتـی ناوی يەهـووديەكـانی هۆڵەندا.

ئازار: هيـملـێر دەچـێـتـە ئاوشـۆيتـسـی و فـەرمـانی دروسـتكردنی ئۆردووگايەكی ديكە لە بيركنائۆ دەدات(ئاوشۆيتيسی ژمارە ٢) و ئيـزنی ئەوە دەدات كە كۆمـپـانيـای كيـمـيـايی ئای. گ. فـاربن سـوود لە زيندانييەكان وەربگرێت بۆ دروستكردنی كارخانەيەك لە نێزيكی ئاوشۆيتيس .

٢٢ ئازار: ئيزن نادرێ منداڵی قـەرەجەكان و ڕەنگين پێستـەكان بچنە قوتابخانە.

٣١ ئازار: هيتلەر بە ژەنراڵەكانی خۆی ڕادەگەيەنێت كە شـەڕی تازەيان، (شەڕی دژ بە ڕووسيە) شەڕێكی ماڵوێرانكەر دەبێت.

٢٢ حوزەيران: ئاڵمانيا هێرش دەكاتە سـەر يەكيەتيی سۆڤيەت. گـرووپـی گـوزر وەشـانـدن، قـەتڵـوعـامـێك لە ڕۆژهـەڵاتی پۆڵۆنـيـا دەست پـێ دەكــەن. هـەر ئەو ڕۆژە يەكـــێك لە ڕێبـــەرانـی نازی بەناوی ڕۆبێـرت لی، لە مـيـتـينگێكی برسلۆ بەم شـێـوەيە قسـەی كرد:

"يەهوود دوژمـنـی سـەقـامگـيـری ئاشـتـيی ئێـمـە بـووە و هـەوڵی زۆری داوە بـۆ بڵاوەپـێ كـــردن و لەتـكردنـی نەتـەوەكـــەمـــان تـا بتـوانێت بەسـەرمـاندا سـەركـەوێت، هـەربـۆيەشـە دەبێت ئێـمـە بۆ لەنـێـوبـردنـی ئەوان خــەبات بكـەين و وێرانيــان بكـەين! ئـێــمــە نامـانـهـەوێت تـەنيـا لە ناوەوە، بەڵكوو دەمـانـهـەوێت لە دەرەوەشـدا ئازاد بين!. "

٣١ تەممـووز: مـــارشـــاڵـی هـەمـــوو وڵات، هـێــرمـــەن گـــۆريـنـگ،

فەرمانێک واژوو دەکات کە تیایدا سەربەخۆیی تەواو دەدات بە (SS)بۆ ئامادەکردنی پلانی "چارەسەری تەواوی کێشەی یەهوود".

١ ئەیلوول: یەهوودییانی لەسەرووی ٦ ساڵ، ناچار بوون ئەستێرەی زەرد ڕەنگی داوود بەخۆیانەوە هەڵواسن.

١٨ ئەیلوول: یەهوودییەکان بۆ سوود وەرگرتن لە کەرەستەی گواستنەوە، دەبووایە ئیزن وەرگرن.

٢٩ – ٣٠ ئەیلوول: زیاتر لە (٣٣٠٠٠) یەهوودی لە شاری کییێف، لە لایەن هێزە تایبەتەکانەوە لە دۆڵی بابیج جار کوژران.

١٥ تشرینی یەکەم: کۆچی یەهوودییەکان لە ئەڵمانیاوە یاساغ کرا.

تشرینی دووەم: یەکەم گرووپی یەهوودییەکان دەبردرێنە دەرەوە بۆ گیتۆ. ئۆردووگای ترسێن ئۆستاز، وەک "کۆمەڵگەیەکی نموونەیی یەهوودی" دروست کرا کە لەبار بوو بۆ لێکۆڵینەوە لەلایەن خاچی سوورەوە.

٧ کانوونی دووەم: یابان هێرش دەکاتە سەر بەندەری پێرڵ هاربێر. ئەمریکاش دێتە نێو شەڕەکەوە.

٨ کانوونی یەکەم: هەوەڵین گرووپی یەهوودییەکان لە ئۆردووگای شلمنۆی پۆڵۆنیا بە غاز کوژران.

١١ کانوونی یەکەم: ئاڵمانیا شەڕی دژە ئەمریکای ڕاگەیاند.

١٢ کانوونی یەکەم: لە ئەڵمانیادا سوود وەرگرتن لە یەهوودییەکان یاساغ کرا.

١٩٤٢: ٢٠ کانوونی دووەم: ڕینهار هیدریش، سەرۆکی ئاسایشی (SS)، بەشداریی لە کۆنفرانسێکی لە وانسی هەڵکەوتوو لە



دەرەوەی بەرلین کرد کە تیایدا فەرمانبەرە پلە بەرزەکانی نازی لەمەڕ ڕێکخستنی"ڕێگا چارەی کۆتایی" کۆبووبوونەوە.
کردنەدەرەوەی یەهودیی و قەرەجەکان لە ئۆردووگای لۆدس بۆ شلمنۆ بەردەوام دەبێت.

١٥ شوبات: یەکەم قۆناغی گواستنەوەی ئەو یەهوودییانە کە بە غازی "سیکلۆن ب"لە ئاوشۆیتیس کوژرابوون دەستی پێ کرد.
پاڕاستنی ئاژەڵانی ماڵی بۆ یەهوودییەکانی ئەڵمانیا یاساغ کرا. یەکەم کۆکوژ بە غاز لە ئۆردووگای لەنێوبردنی بلزیک، هەڵکەوتوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی لۆبلین.

٢٠ ئازار: سوود لە ژوورەکانی غازی ئاوشۆیتیس – بیرکنائۆ وەرگیرا لەو دوو بینایەی کە بۆ ئەم مەبەستە دروست کرابوون.
یەکەم قوربانییانی یەهوودیی پۆڵۆنیا، خەڵکانی ئۆبرشلسین بوون.
نیسان – ئایار: ئۆردووگای مەرگی سۆبیبۆر دروست کرا.

٤ ئایار: بۆ یەکەمجار لەنێو زیندانەکانی ئاوشۆیتس – بیرکنائۆ کە چەند مانگ بوو سوودیان لێ وەردەگیرا لەنێو بەندکراوەکاندا هەڵبژاردن کرا، ئەوانەی کە توانای کارکردنیان نەبوو بۆ ژوورەکانی غاز نێردران.

١٢ ئایار: چوونە سەرتاشخانە و ساڵۆنە ئاریاییەکان بۆ یەهوودییەکان یاساغ کرا.

ئایار– حوزەیران: یەهوودییە ئەوروپاییەکانی ڕۆژئاوا دەبووایە ئەستێرەی داوود بە خۆیانەوە هەڵواسیا.

١٢ حوزەیران: یەهوودییە ئەڵمانییەکان دەبووایە گشت کەرەستە کارەباییی و دەزگا وێنایی و پاسکیل و دەزگاکانی

چاپیان بدەن بە دەستەوە.

١ تەمموز: منداڵانی یەهوودی بێبەش دەکرێن لە فێرکردن.

٤ تەمموز: بۆ یەکەمجار هەڵبژاردن ئەنجامدرا لە نێو ئەو زیندانییە یەهودییانەی کە لە ئیسلواکی هێنرابوون، کە هەڵبژاردنەکەش لەسەر سەکۆی هەڵرشتنی بەندکراوەکان بوو.

٧ تەمموز: هێنریش هیملێر لەمەڕ نەزۆککردنی ژنە یەهوودییەکان لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر کارل کلاوبری و ئەوانی دیکە گفتوگۆی کرد. هیملێر بە کلاوری ڕادەگەیەنێت کە ئاوشوێتیس دەخاتە خزمەتییەوە بۆ تاقیکردنەوە لەسەر زیندانییەکان.

١٥ تەموز: بە کلاوبری ڕادەگەیەنرێت کە هیملێر دەخوازێت بۆ نەزۆککردنی ژنە یەهوودییەکان بەرەو ڕاونبێرگ بڕوات. هیملێر دەخوازێت بزانێت کە ماوەی نەزۆککردنی (١٠٠٠) ژنی یەهوودی چەند دەخایەنێت.

١٥ – ١٦ تەمموز: یەکەم ڕاگواستنی یەهوودییەکانی هۆڵەندا بەرەو ئاوشوێتیس .

١٦–١٨ تەمموز: پۆلیسی فەرەنسا (١٣٠٠٠) یەهوودیی "بێ نیشتمان" لە پاریس دەستبەسەر کرد. (٩٠٠٠) کەس کە تیایاندا (٤٠٠٠) منداڵ بەرچاو دەکەوت گوێزرانەوە بۆ ئاوشوێتیس .

١٩ تەمموز: هیملێر فەرمانی ئەوە دەردەکات کە دەبێت لەنێوبردنی یەهوودییەکانی پۆڵۆنیا هەتاوەکوو کۆتایی ساڵ ئەنجام بدرێت.

٣٠ تەمووز: ئەنجومەن و ناوەندە یەهوودییەکانی ئەڵمانیا دەبووایە کەرەستە کەلتوورییەکانیان کە لە کانزای گرانبەها





بوو، بدەن بە دەستەوە.

٢٢ تەمموز – ١٢ ئەیلوول: گواستنەوەی بە کۆمەڵی یەهوودییەکان لە گیتۆی وەرشۆوە بەرەو ئۆردووگای مەرگی تربلینکا.

٩ تشرینی یەکەم: فرۆشتنی کتێب بە یەهوودییەکان لە کتێبخانە ئارییاییەکاندا یاساغ کرا.

٢٦ تشرینی دووەم: یەهوودییەکانی نەرویج دەبردرێن بۆ ئاوشوێتیس .

١٨ کانونی یەکەم: هاوپەیمانەکان ڕادەگەیەنن کە ئەو کەسانەی یەهوودی بکوژن، لە دوای شەڕ سزا دەدرێن.

١٩٤٣: ٨ کانوونی دووەم: یەکەمین شۆڕش لە گیتۆی وەرشۆ دەستی پێ کرد.

٢ شوبات: هێزەکانی شورەوی سەرکەوتن بەسەر ئەرتەشی ئەڵمانیا لە ستالینگراد.

٢٢ شوبات: سۆفی سۆڵ، یەکێک لە ئەندامانی گرووپی "ڕۆزی سپی"(گرووپێکی بەربەرەکانێ قوتابییانی زانکۆی مۆنیخ بوو)، بە دوای دادگاییکردن لە دادگا تایبەتەکانی نازییەکان بە تاوانی خیانەت ئیعدام کرا.

٢٦ شوبات: یەکەمین دەستەی قەرەجەکانی ئەڵمانیا هێنران بوو ئاوشوێتیس. ئەوان لە ئۆردووگایەکی تایبەت بە قەرەجەکان ڕێگایان کرایەوە.

٢٢ ئازار تا ٢٥ حوزەیران: لە ئاوشوێتیس – بیرکنائۆ، دروستکردنی ٤ کوورەی مرۆڤ سووتاندن، کە ژووری تایبەتی

غازیان هەبوو ڕاگەیەندرا و بۆ کۆکوژی ئامادە کران.

١٩ – ٣٠ نیسان: نوێنەرانی ئەمریکا و بەریتانیا لە دوورگەی بەرمۆدادا، لەمەڕ ڕزگارکردنی گیانی یەهوودییەکان کەوتنە گفتوگۆ، بەڵام ئەم چاوپێکەوتنە نەچووە خانەی پراکتیکەوە.

١٩ نیسان: شۆرش لە گیتۆی وەرشۆ دەستی پێ کرد.

١٦ ئایار: شۆرشی گیتۆی وەرشۆ سەرکوت کرا و گیتۆکە چۆڵ کرا.

٨ حوزەیران: ٣٠٠٠ منداڵ و دایکەکانیان لە هۆڵەنداوە گوێزرانەوە بۆ ئۆردووگای سۆبیبۆر و بە گەیشتنیان بە غاز کوژران.

١١ تەمموز: هیتلەر قسەکردنی لەبارەی ڕێگاچارەی کۆتایی بۆ چارەسەری کێشەی یەهوودییەکان، لە بەرامبەر خەڵکدا یاساغ کرد.

١– ٢ تشرینی یەکەم: دانیمارکییەکان هەندێک هەنگاویان بۆ ڕزگارکردنی یەهوودییەکان لە دانیمارک هەڵگرت.

١٩٤٤: ١٩ ئازار: ئاڵمانیا مەجارستان (پۆڵۆنیا)ی داگیرکرد و ڕاگواستنی یەهودییەکانی بۆ شوێنە دوورەکان دەست پێ کرد.

٦ حوزەیران: هێزە هاوپەیمانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە نۆرماندی دەگەیشتنە سەر وشکانی.

٢٠ تەمموز: هەندێک لە ئەفسەرەکان هەوڵ دەدەن هیتلەر تیرۆر بکەن.

تەمموز: ئۆردووگای مەرگی ماژدانک لە لایەن سوپای سوورەوە ئازاد دەکرێت.



٢ ئاب: ئۆردووگای مەرگی بنەماڵەیی قەرەجەکان لە ئاوشۆیتیس هەڵدەوەشێندرێتەوە.

تشرینی یەکەم: کۆتایی هێنرا بە کۆمەڵکووژی یەهوودییەکانی ئاوشۆیتیس لە ژووری غازە ژەهراوییەکاندا.

١٩٤٥: ١٧ – ١٨ کانوونی دووەم: (SS) چۆڵکردنی زۆرەملێی زیندانەکانی ئاوشۆیتیسی دەست پێ کرد. زیندانییەکان ناچار دەکران بە پێی پیادە بەرەو ئاڵمانیا بە شێوەی ڕژە کە بە «ڕژەی مەرگ» ناسرا بوو، بڕۆن.

٢٧ کانوونی دووەم: سوپای سوور ئاوشۆیتیسی ڕزگار کرد.

١١ نیسان: هێزەکانی ئەمریکا ئۆردووگای بۆشنواڵیان ئازاد کرد.

٢٩ – ٣٠ نیسان: ئۆردووگای ڕاونسبرۆک لە لایەن هێزەکانی سۆڤیەتەوە ئازاد کرا و لووتیان تەقی بە لووتی ٣٥٠٠ ژنی بەندکراوەوە.

٣٠ نیسان: هیتلەر خۆی دەکوژێت.

٧ – ٨ ئایار: ئاڵمانیا خۆی دەدات بەدەستەوە کە ئەمە ڕۆژی سەرکەوتن بوو و شەڕی ئەورووپا کۆتایی پێ دێت.



کاریکاتێرێکی کلاسیکی دژە یەهوودی هی ساڵی ١٨٩٨

"... هەموو زیندانییە یەهوودییەکان کە لە پیاوان و ژنان و منداڵان پێک هاتبوون بە عارەبانەی چوارپێکان ڕادەگوێزران، هەندێکیان بەرەو ئەڵمانیا و هەندێکی تریشیان بەرەو سنوورەکانی پۆڵۆنیا دەبردران(...).
لە بۆداپۆست بەتەواوی دەستگیرا بەسەر سامانی هەموو یەهوودییەکاندا. ئەوان ناچار بوون ٨ تا ١٠ کەسیان لە ژوورێکدا بژین(...). ئەوانەی کە شانسیان هەبوو و توانای کارکردنیان هەبوو دەبردرانە یەکە پیشەسازییەکانی ئەڵمانیاوە و واش پێ دەچێت کە بە تارادەیەک لەگەڵیاندا بە باشی ڕەفتار کرابێت، سەرەرای ئەوەی کە بە پێی زانیاری، ئەوانی دی، واتە منداڵەکان، ژنانی لاواز و بە ساڵاچووەکان نێردرانە ئۆردووگای مەرگی ئاوشۆیتیش-بیرکنائۆ لە نێزیکی کاتۆوتیس لە پۆڵۆنیا."

ئیڤان دانیلسۆن
جێگری باڵیۆزی سوید لە بۆداپۆست
راپۆرت بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە ستۆکهۆڵم
٢٤ی حوزەیرانی ١٩٤٤

"جیهان ترسناکتر و لەوەیە کە بکرێ تێیدا بژین بەسەر – نەک لەبەر ئەو کەسانەی کە ڕەفتاری نامرۆڤانەی ئەنجام دەدەن، بەڵکوو لەبەر ئەو کەسانەی کە لە تەنیشتییانەوە وەستاون و ئیزنی ئەنجامدانی ڕەفتارە نامرۆڤەکان دەدەن."
ئەلبێرت ئەنیشتاین
فیزیکدان و تێکۆشەری مافی مرۆڤ



## ژیانی یەهوودییەکان پێش شەڕ



پێش لە دەسەڵاتی نازییەکان، لەهەر وڵاتێکی ئەوروپاییدا ژمارەیەک یەهوودی دەژیان. هەرچەندە کە ژیانی یەهوودییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ناڤین جیاواز بوو لەگەڵ ژیانی یەهوودییەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپایی و ڕۆژئاوایی لە نێوی سەدەی نۆزدەیەمدا و بەدوای چەندین سەدە جیاوازیدانان و هەڵواردن، چاوەدێری و ئازار و گۆشەگیرکردنی زۆربەی یەهوودییەکان لە گیتۆکاندا، مافی هاووڵاتیبوونی ئەوانیان لەماوەی ئەو بڕیارەی کە بە بڕیاری ڕزگاری ناسرابوو، چەسپاند. بەهۆی ئەو ئازادییەوە، یەکسەر یەهوودییەکان بەشدارییان لە مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگای ئەورووپایی کرد. یەهوودییەکان سەرەڕای سەرکەوتنی ئامانجی هێرشە سیاسییەکان، لە پلەی یەکەمدا لە لایەن گرووپە دژ بەگۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە، جێگایان گرت. زۆربەی یەهوودییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ناوەند وەک بەشێکی تەواوی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکران، هەرچەندە کە ڕەق و ڕەفتاری دژە یەهوودی هێشتا بەردەوام بوو، بەڵام زۆربەی بنەماڵە یەهوودییەکان هەستیان بە ئاسایش و هومێد و ژیان دەکرد. پیاوانی یەهوودی لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا بەشدار بوون و بە شانازییەوە بۆ وڵاتی خۆیان جەنگان. ئەوان لە بنیاتنانەوەی وڵاتەکانیاندا بەشدار

بوون، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کە ڕێژەیەکی کەم لەوان دەیانتوانی بیر لەوە بکەنەوە کە دەرکەوتنی لە ناکاوی نازیزم بە مانای کۆتایهێنان بە ژیانیان بێ. یەهوودییەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە سەدەی چواردە و پازدەوە لە وڵاتانی ئەڵمانیا و فەرەنساوە هاتبوون. لە وڵاتانی وەک پۆڵۆنیا، وڵاتانی دەورووبەری دەریای باڵتیک، ئۆکرانیا، ڕووسیا و ڕۆمانیا کە گەورەترین ژمارەی یەهوودیان تێدا کۆبووبووە، لەماوەی چەندین سەدە کەلتوورێکی پشت ئەستوور بە دینی یەهوودی و زمانە نوێیەکەی " تێکەڵاوییەک لە عیبری و ئاڵمانی " دروست بوو. یەهوودییەکان لە شار و گوندەکاندا بە جیا لە مەسیحییەکان دەژیان. زۆربەی یەهوودییەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە دەسپێکی سەدەی بیستەمدا خەریکی کردە نەریتییەکانی خۆیان بوون و بەپێی ئاین و دابونەریتی لەمێژینەی خۆیان هەڵسوکەوتیان دەکرد، بەشێکی زۆر لە یەهوودییەکان بەرەوپێش هەنگاویان هەڵێنایەوە و بوونە بەشێک لە چینی ناوندی شاری. سەرەڕای پێشداوەرییە بەربڵاوەکان کە دژی ئەوان لەگۆڕێدا بوون، یەهوودییەکان ڕۆڵێکی گرینگیان لە ژیانی شاریدا دەگێڕا. دژە یەهوودی ڕەگی قووڵی لە کەلتووری ئەوروپای ڕۆژهەڵات داکوتابوو و بەهۆی ئەو ڕیکلام و سیاسەتە دژە یەهوودییەی وڵاتەکان، ئەم کارە بەرەبەرە زێتر دەبوو. سەختی باری ژیان پێشتر بووبوە هۆی ئەوەی کە بە ملیۆنان یەهوودی ڕووبکەنە ئەمریکا. لە ماوەی دەیەی ١٩٣٠، لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا پەیوەندیی نێوان یەهوودییەکان کە کەمینە بوون و مەسیحییەکان کە زۆرینە بوون، خراپ و نالەبار بوو و زۆربەی خەڵکی لە هەردوولا، واتە یەهوودی و غەیرە یەهوودی، پێکهێنانی گۆڕانێکی بنەڕەتییان لەو بارودۆخەی



ژیانیاندا بە پێویست دەزانی. بە ملیۆن یەهوودی کە هێشتا لەسەرەتای شەڕی جیهانی دووەم لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی دەژیان، بە زوویی لەگەڵ دەزگای مردنی نازییەکان ڕووبەڕوو بوونەوە و بە لەنێوبردنی ئەوان کەلتووری دەوڵەمەندی یەهوودیش لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات لەنێوچوو.

### ئان فرانک Anne Frank



ئان فرانک لە حوزەیرانی ١٩٢٩ لە فرانکفۆرتی ئەڵمانیا لەدایک بوە. دەفتەری بیرەوەرییەکانی یەکێکە لە ناودارترین بەڵگەنامەکانی تایبەت بە کۆمەڵکوژیی یەهوودییەکان. ئەم کچە نووسینی بیرەوەرییەکانی خۆی لە ١٣ ساڵییەوە دەست پێکرد. بەم دواییە دەقی ئەم دەفتەری بیرەوەرییە چاپ کرا کە بۆ زیاتر لە (٥٠) زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە. ئان لەگەڵ بنەماڵەکەی خۆیدا، واتە باوکی ئۆتۆ و دایکی ئیدیت و خوشکی مارگۆت، بە ماوەیەکی کەم بە دوای بەدەسەڵات گەیشتنی هیتلەر ڕایان کرد بۆ هۆڵەندا. بنەماڵەی فرانک هەروەک زۆربەی یەهوودییەکانی ئەڵمانیا وەها بیریان دەکردەوە کە لە ئازار و مەینەتی ڕزگاریان بووە و خۆیان حەشار داوە. لە وێنەکەدا ئان فرانکی تەمەن ٦ ساڵان (کچەکەی دەستی ڕاست) لەگەڵ هاوڕێکەیدا سان لە ئەمستردام، لە ساڵی

١٩٣٥ پێکەوە وەستاون. داگیرکردنی هۆڵەندا لە ئایاری ١٩٤٠ لە لایەن ئاڵمانییەکانەوە، لە ناکاوێکدا ژیانی ئاسایی ئەم بنەماڵەیەی لە ئەمستردام شێواند. ئازاردان و تەنگ پێ هەڵچنینی یەهوودییەکان لە لایەن نازییەکانەوە لە هۆڵەندا و ئەوروپای ڕۆژئاوا، ئۆتۆی ناچار کرد بۆ دۆزینەوەی حەشارگەیەک و ڕزگارکردنی بنەماڵەکەی لە ئۆردووگاکانی مەرگی پۆڵۆنیا. ئەوان لە مانگی تەممووزی ١٩٤٢، خۆیان لە ژوورێکی بچووکی نهێنی لە ژێرزەمینێکدا شاردەوە.

ئان لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا لەمەڕ ئەو بارودۆخە بەم شێوەیە نووسیویەتی: "خۆشاردنەوە ترسناک بوو. هەرکاتێک یەهوودییەک ئاشکرا بووایە کە خۆی شاردوەتەوە یەکسەر بەرەو ئۆردووگا زۆرەملێکانی یەهوودییەکان ڕکێش دەکرا و سزای ئەو کەسەی کە یارمەتیی یەهوودییەکانی دابایە مەرگ بوو."

سەرەڕای ئەوەی کە دراوسێکانی بنەماڵەی فرانک یارمەتیی زۆریان دان، بەڵام دواجار ڕاپۆرتیان لێ درا و ئەم بنەماڵەیە لە بەرواری ٤ ئابی ١٩٤٤ دەستبەسەر کران. ئەوانیش وەک ئەو ١٠٠٠٠٠ یەهوودییە هۆڵەندییەی تر نێردرانە ئەو ئۆردووگایانەی کە بە ناوی (ویستربۆرک – Westerbork) لە دەرەوەی ئەمستردام بینا کرابوون و لە سپتەمبەری ١٩٤٤ نێردرانە ئۆردووگای یەهوودییەکان لە ئاوشۆیتیس .

ئیدیت فرانک ماوەیەک دوای ئازادکردنی ئاوشۆیتیس لە کانوونی دووەمی ١٩٤٥دا مرد و ئان و مارگۆت نێردرانە ئۆردووگای یەهوودییەکان لە (بێرگین – بێلسین ، Bergen - Belsen) لە ئەڵمانیا و هەردووکیان لە مارسی ١٩٤٥ بە هۆی نەخۆشیی سوورێژە و تای زۆرەوە گیانیان لەدەست دا، بەڵام ئۆتۆ فرانک لە زیندانی ئاوشۆیتیس



ڕزگاری بوو و دواتر گەڕایەوە بۆ هۆڵەندا و دەفتەری بیرەوەرییەکانی ئانی کە لە لای هەڤاڵێکی بنەماڵەکەیەوە پارێزراو بوو، وەرگرتەوە.

## قەرەجەکان

لە ماوەی سەدەی نێوەڕاستدا قەرەجەکان لە باکووری هیندەوە هەڵاتن و لە ڕێگاکانی ئێران، ئاسیای بچووک و باڵکانەوە ڕوویان کردە ئەوروپا. لەو سەردەمەدا باوەڕ وەها بوو کە قەرەجەکان پێکهاتەیەکن لە یەهوودی و کۆچەرە نایەهوودییەکان و هەر لەبەر ئەوەش بوو کە ئەوانیش بە بەرپرسی مەرگی عیسا مەسیح دەزانران. ماوەی چەندین سەدە کوشتنی قەرەجەکان لە ئەوروپادا وەک تاوانێکی گرنگ لەقەڵەم نەدەدرا و تەنانەت هەندێکجا، لە ئەوروپای ناوەند و ڕۆژهەڵات جێژنی ڕاوە قەرەجان بەرپا دەکرا کە تیایدا قەرەجەکان وەک ئاژەڵ ڕاو دەکران.

هەندێک لە قەرەجەکان درێژەیان بە ژیانی کۆچەریی خۆیان دا و هەندێکی تریشیان بەرەبەرە لەگەڵ کۆمەڵگادا یەک ڕەنگ بوون. لە زۆر ناوچەدا قەرەجەکان لەبری ئەوەی وەک گرووپێکی قەومی سەیر بکرێن، زیاتر وەک گرووپێکی ئاست نزمی کۆمەڵایەتی سەیر دەکران و سەبارەت بەوان ئەفسانەی زۆر و تێڕوانینی ناواقعی فراوان لە ئارادا بوو و تەنانەت تاکو ئێستاش وا دەزانرێ کە قەرەجەکان منداڵ دەڕفێنن و خەریکی جادووگەرین و هۆکارێکن بۆ بڵاوبونەوەی نەخۆشییە ترسناکەکان ئێستاش گومان لەسەر قەرەجەکان و چارە نەویستیی ئەوان بەشێوەیەکی زۆر قووڵ و بەربڵاوە و بەردەوامە.

ئەم وێنەیە هی ئەڵمانیای دەیەی ١٩٣٠یە و بەشێک لە ژیانی

قەرەجەكانی تیادا دەردەكەوێت كە بە شێوەیەكی پەراوێزخراوی دەژین. زۆربەی قەرەجەكانی ئەڵمانیا وازیان لە ژیانی كۆچەری هێنا و خۆیان لەگەڵ ژیانی شاریدا ڕێكخست. لەماوەی شەڕدا سەدان هەزار قەرەج لە لایەن نازییەكانەوە كوژران. ڕەنگە ئەو منداڵانەی كە لە وێنەكەدا دەبینرێن بەشێك بووبێن لەوان.



## قەرەجەكان و نەژادپەرەستی

لە دەیەی ١٩٣٠، قەرەجەكان لە سەرتاسەری ئەوروپادا بڵاوبوونەوە. نزیكەی (٣٠٠٠٠) قەرەج لە ئەڵمانیادا وەك كۆچەر و شاری دەژیان. هەڵاواردنی قەرەجەكان لە سەدەی بیستدا، زۆر لەپێش بەدەسەڵات گەیشتنی نازییەكانیش هەر هەبوو. ناوەندی زانیاریی كاروباری قەرەجەكان دەستی كرد بە كۆكردنەوەی زانیاری لەسەر قەرەجەكانی



ئەڵمانیا. قەرەجەكان وەك هەڕەشەو و هۆكارێك بۆ پەرەسەندنی توندوتیژی دەناسێنران كە دەبووایە پێشیان پێ گرتبان و لە سۆنگەی نەژادەكەیانەوە سووكایەتییان پێ دەكرا. لە ساڵی ١٩٠٥، ساڵنامەیەكی تایبەت بە زانیاری لەمەڕ ڕەچەڵەكناسی و وێناكردنی سەدان قەرەجی ئەڵمانیایی چاپ و بڵاوكرایەوە. ئەیالەتی باڤاریا، لە ساڵی ١٩٢٦ یاسایەكی بۆ خەبات دژی قەرەج و كۆچەر و ئەوانە لەسەر كارەكانیان هەڵاتبوون، دانا ئەگەر قەرەجێك نەیتوانیبایە بیسەلمێنێ كە خاوەن پیشەی تایبەتە، دەنێردرایە پەشیمانخانەوە، بەڵام نازییەكان دوای ساڵی ١٩٣٣، ئەم یاسایەیان دەركرد. لە ئاست ئایدۆلۆژیای نازییەتدا، ئازار و ئەزیەتی قەرەجەكان هەروەك ئەوەی كە بەرامبەر بە یەهوودییەكان كرا، دەستی پێ كرد. سەرەڕای ئەوەی كە هنریش هیملێری سەرۆكی (SS)، لەسەر ئەو باوەڕە بوو كە لە نێو قەرەجەكاندا «ئاریایی پاك» هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی قەرەجەكان بە كەمبەها دادەنران. هۆكاری بەنێو زیندەوەرزانی نەژادەكەیان، زیندووبوونیانی دیاری دەكرد.

مادەی یەكەم:

قەرەجەكان و ئەوانەی كە هەروەك قەرەجەكان كۆچەرن، تەنیا لەكاتی هەبوونی ئیجازەی بەرپرسانی پۆلیسی ناوچەیی ئەتوانن بە خانووە سەفەری و فارغۆنەكانیانەوە هاتوچۆ بكەن. بڕیارێكی لەم شێوەیەش تەنیا بەشێوەی ساڵانە دەردەكرێت و دەتوانین هەركاتێ بمانەوێ هەڵی وەشێنینەوە.


مادەی دووەم:

قەرەج و کۆچەرەکان مافی ئەوەیان نییە کە لەگەڵ منداڵەکانیان کە تەمەنیان لە ئاستی چوونە قووتابخانەیە، کۆچ بکەن، لە کاتێکدا کە پێویستی تایبەت بۆ درێژەدانی خوێندنی منداڵەکە ئامادە کرابێت، بەرپرسانی پۆلیس ئەتوانن ڕیزپەڕ قایل بن (...).

مادەی نۆیەم:

بەرپرسانی پۆلیس ئەتوانن ئەو قەرەج و کۆچەرانەی کە زیاتر لە ١٦ ساڵ تەمەنیانە و ناتوانن پیشەی تایبەتی خۆیان بسەلمێنن، بۆ پاراستنی بارودۆخی گشتی بۆ ماوەی دوو ساڵ بیاننێرنە پەشیمانخانەوە.

## ترۆلمەن (قەرەج)



لە ئازاری ١٩٣٣ نیشانەی قارەمانەیتی مشتەکۆڵەی کێشی ناوەندی ئەڵمانیای، لە "ئەریک سیلینگ Erich Seeling " تەنیا لەبەر یەهوودیی بوونەکەی لێی سەندرایەوە. هەتاوەکوو حوزەیرانی ١٩٣٣ هیچ کەس خاوەنی ئەم ناوونیشانە نەبوو. دوو یاریزانی مشتەکۆڵەی تەواو جیاواز لە بەرامبەر یەکتریدا ڕاوەستان. لەلایەکەوە "ئادۆڵف ویت – Adolf Witt"ی ئاریایی کە بۆکسەکانی زۆر قورس بوون وەستا بوو و



لە لایەکەی ترەوە ڕینگ یۆهان ترۆلمەن وەستا بوو. فیدراسیۆنی بۆکسێن کە نازی بوو، لەبەر قەرەج بوونی ترۆلمەن، حەزی نەدەکرد ترۆلمەن ئەم نازناوە وەدەست بێنێ، بەڵام «قەرەج» کە ناوە وەرزشییەکەی بوو، خۆشەویستترین یاریزانی بۆکسێنی ئاڵمانیا بوو. نازییەکان هەستیار بوون بەرامبەر بە ڕای گشتی و فیدراسیۆنی بۆکسێنیش دەبووایە ڕیزپەڕ قبووڵ بکات. فیدراسیۆن ویتی هەڵبژارد، چونکە تەنیا کەسێک بوو کە جێگای ترسی ترۆلمەن بوو. ویت لە ٩ی حوزەیران لەگەڵ هەڤڕکەکەیدا کە لەو باریکتر و کێشی کەمتر بوو ڕووبەڕوو بووەوە. ترۆلمەنی ٢٦ ساڵە بە گرتنی ١٢ ڕاند لەبەرامبەر ویتدا و بە سەمای قاچ توانی سەرکەوێت. بەڕێوەبەرانی خولەکە خەجاڵەت بوونەوە و ئەنجامی خولەکەیان بە بێ براوە ڕاگەیاند. بینەرانیش تووڕە بوون و ماوەیەکی درێژ نارەزامەندی خۆیان دەبڕی و هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد کە هۆڵەکە وێران دەکەن، تا لە کۆتاییدا بەڕیوەبەران خۆیان بەدەستەوەدا و ترۆلمەن وەک قارەمانی نێوەندکێشی بۆکسێنی ئەڵمانیا هەڵبژێردرا. یەکسەر گۆڤاری تایبەتی بۆکسێنی سپۆرت تیڤی، ترۆلمەنی دایە بەر هێرش کە بە پێچەوانەی یاسای و مشتەکۆڵە یاریی کردووە. ئەم گۆڤارە چاوەڕوان نەبوونی شێوە قەرەجی ترۆلمەنیان وەک خاڵی گاڵتەپێکردنی باس دەکرد و هەشت ڕۆژ دواتر نیشانەی پاڵەوانییەکەی لێ سەندرایەوە. ئەمە دواهەمین پێشبڕکێی بۆکسێنی ئەو بوو، بەڵام یارییەکی دیکەی پێشتر بۆ دانرابوو. لەو یارییەدا بە قژی زۆر و درێژەوە ئامادە بوو. ئەمجارەیان لەبری سەما، وەک دار کاژێک ئەوەستا و بۆکسە یەک لەدوای یەکەکانی بەردەکەوتن. قەرەج، کاتێک کە لە خوێنی خۆیدا

گەوزابوو، لە ڕاندی پێنجەمدا حەزف کرا. دواتر دوو برای نێردرانە نێو ئۆردووگاکانی یەهوودییەکانەوە و دواتر ترۆلەنیش لە ساڵی ١٩٣٣ بانگهێشت کرا بۆ ئەرتەش. ئەو لە یەکە پیادە نیزامییەکانی نێو ڕووسیا دەجەنگا. لە پشوویەکدا لە ساڵی ١٩٤٢ لە لایەن گەشتاپۆوە دەستبەسەر کرا و نێردرایە ئۆردووگای نۆیەنگا. لەوێدا کاری قورسیان پێ دەکرد. پاسەوانە زەبەلاحەکانی (SS) لە میواندارییەکانی خۆیاندا، بە یاری لەگەڵ قارەمانی ئەڵمانیا خۆیان سەرقاڵ دەکرد. ئەوان بۆکسێنیان لەگەڵیدا دەکرد کە بە تەواوی برسیەتی و لاوازی هێزی لێ بڕیبوو. لە بەرواری ٩ شوباتی ١٩٤٣، (SS) ماندوو دەبێت و یوهان ترۆلەن لە نۆیەنگامە تیرباران دەکات.

"هاوکات چەندین هێرشی دەستبەسەرکردنی هۆمۆسێکسواڵەکان لە شارەکەماندا ئەنجام دران. یەکێ لە گیراوەکان هاوڕێی من بوو کە لە ٢٣ ساڵییەوە پەیوەندیم لەگەڵی هەبوو. ڕۆژێکیان ئەندامانی گەشتاپۆ چوونە نێو ماڵەکەیەوە و لەگەڵ خۆیان بردیان. شوێن ونکردنی ئەو هیچ سوودێکی نەبوو، هەرکەسێک ئەم کارەی کردبایە ڕەنگە ئەویشیان بگرتایە. تەنیا ناسینی ئەم جۆرە کەسانە بەس بوو هەتا گومان دروست بێت بەرامبەر کەسانی. بە دوای دەستبەسەرکردنی هاوڕێکەم، ماڵەکەیان پشکنی(...). دەفتەری ناونیشانەکان لە هەمووی خراپتر بوو. هەموو ئەو کەسانەی کە ناویان لەم دەفتەرەدا هاتبووایە و یا پەیوەندییەکیان لەگەڵی هەبووایە دەگیران. منیش



گیرام(...). ئێمە ناچار بووین بۆ پەیوەندییەکانمان پارێز بکەین. من ناچار بووم پەیوەندیم لەگەڵ هەموو هاوڕێکانمدا بپسێنم. لە شەقامەکانەوە بە بێدەنگی و بێ تەماشاکردن بە تەنیشت یەکتردا ڕەد دەبووین بۆ ئەوەی یەکتری نەخەینە مەترسییەوە. ئیتر شوێنێک نەمابوو بۆ ئەوەی هۆمۆسێکسواڵەکان تیایدا کۆببنەوە."

گێڕانەوە لە شاهیدێکی
پیاوی هۆمۆسێکسواڵی ئەڵمانی

## هۆمۆسێکسواڵەکان

نازییەکان یەکسەر بەدوای بەدەسەڵات گەیشتنیان، چاودێری و ئازاری هۆمۆسێکسواڵەکانیان دەست پێ کرد. وابیریان دەکردەوە کە بوونی ئەم تاقمە لە کۆمەڵگادا ڕێژەی زاوزێی خەڵکی ئەڵمانیا و ساغلەمی جەستەیی و ڕوحیی کۆمەڵ دەخەنە مەترسییەوە. یەکەکانی(SS) هێرشی لەناکاویان بۆ شوێنەکانی چاوپێکەوتن و خواردنگە و ماڵە تایبەتییەکان دەست پێ کرد و پۆلیس هیچ دریغی نەدەکرد لە چاوەدێری و ئازاری هۆمۆسێکسواڵەکان. ئەم چاوەدێری و ئازارانە ڕەوتی چەندین ساڵەی لیبراڵییەتی کۆمەڵگایان کۆتایی پێ هێنا. نازییەکان ئەو یاسایەیان بەهێزتر کرد کە پێشتر دژی هۆمۆسێکسواڵەکان هەبوو و بەدرێژایی تەواوی دەیەی ١٩٣٠ دەستیان کردە گرتن و ئازاردانی ژمارەیەکی نادیار لێیان. سەرۆکی (SS)، ناوەندێکی پێکهێنا کە ئەرکی ناسین و چاوەدێری ڕەگەزبازەکان بوو. زۆرێک لە نازییەکان خوازیاری سزای مەرگ بوون بۆ پیاوانی تاوانبار بە کارە نەشیاوەکان واتە نێربازی. ژمارەی شوێنکەوتە

یاساییەکان دژی هۆمۆسێکسواڵەکان بە توندی ڕوو لە زیادبوون بوو، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٧ – ١٩٣٩ ئەم کارە گەیشتە لووتکە و نزیک بە ١٠٠٠٠٠ پیاوی ئەڵمانی و نەمسایی گیران و دادگایی کران. لە نێوان (١٠٠٠٠) تا (١٥٠٠٠) هۆمۆسێکسواڵ لە ئۆردووگا کۆکرانەوە و ڕێک خران و ناچار بوون سێگۆشەیەکی سوور بە پۆشاکەکانیانەوە هەڵواسن. پاسەوانەکانی (SS) و زیندانڤانەکان ڕەفتاری توندوتیژیان لەگەڵ دەکردن کە ئەمەش دەبووە هۆی مەرگی زۆربەی بەندکراوەکان. ژمارەی تەواوی ئەو هۆمۆسێکسواڵانەی کە لە ئۆردووگاکاندا مردن بەتەواوی ڕوون نییە، بەڵام هەندێک زانیاری هەن کە ئەوە دەسەلمێنن لەسەدا شەستی زیندانییەکان گیانیان لەدەست داوە. نازییەکان هەوڵیان دەدا لە ڕوانگەی خۆیانەوە سەبارەت بە هۆمۆسێکسواڵەکان، ئایدۆلۆژیا لەگەڵ زانستدا بخەنە بەرامبەر یەکەوە و تاقیکردنەوە شێوە زانستییەکان بۆ مەبەستی گۆڕینی ڕەفتاری هۆمۆسێکسواڵەکان ئەنجام بدەن.

## کەمئەندامەکان و کەم ئەقڵەکان

هەندێک لە زاناکان لە ماوەی دەیەی ١٩٢٠دا ڕەواییان بە کوشتنی کەسانی بەناو بوونەوەرانی سەرباردا. تەنانەت هەندێک لە کەمئەندامە جەستەیی و ئاوەزییەکانیش لەم چینەدا جێیان گرتبوو. ژیانی بەدەر لە بەها حەیاتییەکان هاتە ئاراوە. نازییەکان کە لە بیری بەهێزکردنی "کەسانی ساغ و سلامەت" و لەنێوبردنی نەخۆش و کەمبەهاکان بوون، بە زوویی ئەم بیرۆکەیەیان وەرگرت. بە هەڕەشە دەرەکییەکان، دژی پێکهاتەی خەڵکی ئەڵمانیا لەوانە یەهوودییەکان و قەرەجەکان لە ڕێگای جیاوازیدانانەوە، کردنەدەرەوە و کوشتن دەستی پێ کرد.



کەمئەندامەکان و کەم ئاوەزەکان، کەسانی نالەباری کۆمەڵایەتی و کەسانی تر کە لەگەڵ یەکپارچە بوونی نەتەوە نەدەسازان و وەک مەترسییەک بۆ نێوخۆ دەهاتنە هەژمار. ئەم جۆرە کەسانە لە لایەنی ئابوورییەوە بە بێ بەرهەم دەناسران و هەر لەبەر ئەم هۆیەش وەک بارێکی قورس لەسەر شانی کەسانی ساغ و بەرهەمهێنەر لەقەڵەم دەدران. ئەم جۆرە کەسانە لە بواری بیۆلۆژیی نەژادییەوە بە کەمبەها نێودەبران. ناسنامەی نەرێنیی ئەوان، بە میرات و پشتاوپشت دەزانرا و وەک مەترسییەکی گەورە بۆ تەندروستیی هەیکەلی نەتەوە لەقەڵەم دەدران. نازییەکان خوازیاری پاککردنەوەی کۆمەڵگا و بەرهەمهێنانی نەژادی پاکی ئاریایی بوون، دەستیان دایە کۆمەڵێک چاوەدێری و ئازار و زیندانیکردنی دەستەیەک هاووڵاتی کە هەڵبژاردنی ناسنامەکەیان دژوار بوو. ئەم دەستەیە چینێکی زۆری لەخۆ دەگرت، هەر لە ڕووسپییەوە بگرە هەتا ئەو کەسانەی کە چەندین جار لە کارەکانیان هەڵاتبوون. ئایدۆلۆژیای نازییەت، ئەم کەسانەی لەبەر ڕەفتاریان کە بە نەهامەتی لەقەڵەم دەدران، سزا دەدا. گەڕانی ئاسایش بەپێی یاسای بیۆلۆژیی تاوانکاریی باو لە ئەڵمانیای نازی، بە دوای کەمبەهاکاندا بەردەوام بوو. کەسانێک کە لەم تاوانەدا جێیان دەگرت، دەخەسێندران. ئەم گرووپە لە ئۆردووگاکاندا بە سێگۆشەی ڕەش دەستنیشان دەکران.



وێنەیەکی ڕاگەیاندنی ناتەواوە یەهوودییەکان کە لە ئۆردووگای "بۆشن والد – Buchenwald" لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٨ – ١٩٤٠ کێشراوە. تەنیا لایەنی سوودوەرگرتن لە ناتەواوەکان بۆ نازییەکان بەکارهێنانیان وەک ئامرازێک لە تاقیگە پزیشکییەکاندا بوو. ئەو پیاوانەی کە لە وێنەکەدا دەبینرێن ماوەیەکی کەم بەدوای کێشانی وێنەکە بە زیندوویی نەماونەتەوە.

## چاودێری و ئازار

نازییەکان یەهودییەکانیان بەوە تاوانبار دەکرد کە دەسەڵاتیان لە ئەڵمانیادا گرتووەتە دەست و بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی نەخشە دژە یەهوودییەکانیان، یەهوودییەکانی ئەڵمانیایان لە گشت چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بێ بەشکرد. ئەم ڕەوتەش لە نیسانی ١٩٣٣، واتە ڕێک ئەو کاتەی کە دەوڵەت دەستی دایە یاساغکردن و داخستنی



دووکان و فرۆشگای یەهوودییەکان، دەستی پێ کرد. بە گشتی هاوکاری نەکردنی خەڵکی ئەڵمانیا بووە هۆی سەرنەکەوتنی ئەم قەدەغەکردنە. نازییەکان فێربوون کە دەبێت بە هێواشی هەنگاو هەڵبهێننەوە. ئەوان دەبووایە پشت ئەستوور بن بە یارمەتی چالاکیانە یا ڕازیبوونی کرداری خەڵکی. لە ماوەی دەیەی ١٩٣٠دا نازییەکان زیاتر لە ٤٠٠ یاسای جیاوازیان داهێنا کە مەبەست لێیان بەر تەسککردنەوەی مافە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی هاووڵاتییانی یەهوودی بوو، ڕەوتێک کە ماوەی پەنجا ساڵ لە ئەڵمانیادا درێژەی کێشا لە ماوەی شەوێکدا بە دوای داگیرکردنی نەمسا و بوونی پەیوەندی بە ئەڵمانیاوە لە مانگی ئازاری ١٩٣٨ لەم وڵاتەدا هاتە ئاراوە. لە هەردوو وڵاتدا بواری دابینکردنی مووچەی پزیشک، وەکیل، مامۆستا، پرۆفیسۆر و خاوەن کۆمپانیا یەهوودییەکان و بنەماڵەکانیان لێ سەندرایەوە. قوتابییانی یەهوودی نێردرانە قوتابخانەی تایبەت و چوونەژوورەوە بۆ پۆلەکانیان قەدەغە کرا و مامۆستا یەهوودییەکان لە خزمەت دەرکران. هەندێک کەس هەوڵی سەفەرکردنیان دا، بەڵام تەنانەت ئەوانەی کە توانییان بچنە وڵاتێکی ئەمنترەوە، پێش لە سەفەرەکەیان ناچارکران کە گشت سەروەت و سامانەکەی خۆیان بدەن بە دەستەوە. هەروەک چۆن کردارە جیاکارییەکان درێژەی دەکێشا، ئەڵمانییەکان بڕیاری پشتیوانیکردنی خۆیان بۆ دەوڵەت لە پێکهێنانی ئەڵمانیایەکی بێ یەهوودی پێشان دا، ژمارەی ئەو کەسانەی کە ڕەخنەیان هەبوو و یا هەوڵیان دەدا هاوکاریی یەهوودییەکان بکەن کەم بوو. کاتێک کە دەرکردنی یەهوودییەکان لە ساڵی ١٩٤٠ دەستی پێ کرد، یەهوودییە ئەڵمانییەکان هیچ پەیوەندییەکیان نەبوو بە مەسیحییە

دراوسێکانیانەوە. یاسای سێپتەمبەری ١٩٤١ سەمبولی جیاکردنەوە بوو کە لەو ماوەیەدا هەموو یەهوودییە ئەڵمانییەکان ناچار بوون ئەستێرەی زەرد ڕەنگی داوود لە قۆڵیان بدەن.

## ڕووتکردنەوەی یەهوودییەکان لە لایەن نازییەکانەوە

کۆمەڵکوژیی یەهوودییەکان تەنیا بە مانای لە ڕیشەهەڵکێشانی فیزیکیی ئەوان نەبوو. ئەم ڕووداوە بە بەربڵاوترین و ڕێکخراوترین تاڵانی مێژوویی دەژمێردرێ. لە دەیەی ١٩٣٠دا، دەوڵەتی ئەڵمان دەستی گرت بەسەر بەشێکی گەورەی سامانی یەهوودییەکاندا، هەر لە بەرهەمە هونەرییەکانەوە بگرە تاوەکوو زێڕ و زیو و گالێسکەی کرێی منداڵان و کەرەستە تایبەتەکانی بنەماڵەکان. کۆمپانیا و بانکە گەورەکانی یەهوودییەکان دەستیان بەسەردا گیرا. هەندێک لە یەهوودییەکان بە گواستنەوەی سامانی خۆیان بۆ دەرەوەی وڵات بەتایبەت سویسرا، هەوڵی ڕزگارکردنی سامانەکەیان دا. ئەم سامانانەش وەک پارەی نەخت و کانزا بەهادارەکان و زێڕ و زیو بوو. ئەڵمانییەکان لە ناردنی یەهوودییەکان بۆ ئۆردووگاکانی مەرگی پۆڵۆنیا زۆر بەوردی ڕەفتاریان دەکرد. هەر شتێکی وەک پۆشاک، زێڕ و گالێسکە، کەوش و چاویلکەیان پێ بووایە یەکسەر لێیان دەستێندرا. زۆرێک لەم کەرەستانە بۆ بەرژەوەندی و سوودی خەڵکی ئەڵمانیا دەنێردرانەوە بۆ ئەم وڵاتە. تەنانەت سوودیان لە جەستەشیان وەردەگرت. قژی ئافرەتەکان پێش یا پاش کوشتنیان، بە غاز دەچێنران بۆ چنینی گۆرەوی بۆ ئەو کەسانەی کە لە نێو ژێردەریاییەکاندا بوون و یا بۆ چنینی پەتوو بەکار دەبرا. ڕووپۆشی زێڕینی ددانەکانیان جیا دەکردەوە و دەیانتواندەوە. خۆڵەمێشی



بەجێماوی جەستەی کەسە سووتاوەکان وەک پەینی کیمیایی بەهێز بۆ کشتوکاڵ بەکاردەبرا. لەم دوایانەدا بە بەربڵاوی ددان بەم تاوانەدا دەنرا و کاردانەوەی زۆری لەلایەن وڵاتانی ئەورووپییەوە بە تایبەت، سوید لێکەوتەوە کە ئەویش پێکهێنانی ناوەندی لێکۆڵینەوە لەمەڕ دانەوەی بەهای تاڵانییەکان بوو بەبنەماڵەی قوربانییەکان. ئەڵمانیای ڕۆژئاوا زەرەری چەند سەد هەزار کەسێکی لە یەهوودییەکانی سەرتاسەری جیهان قەرەبووکردەوە، بەڵام یەهوودییەکانی وڵاتانی ئەورووپایی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمە کۆمونیستییەکان هیچکات قەرەبوو نەکرانەوە.

> من ئەوڕۆکە سکرتێرە پێشووەکەی خۆم دی. ئەو بەو چاوە نزیکبینانەی خۆیەوە سەیرێکی کردم، بەڵام دواتر ڕووی لێ وەرگێڕام. دڵم تێکهەڵچوو و تفم کردە نێو دەسماڵەکەمەوە. ئەو پێشتر نەخۆش بوو. چەندین جار پێشتر لە شەقامەکاندا چاوم پێی کەوتبوو. کوڕە هاوڕێکەی وازی لێ هێنابوو و بێکار و بێ پارە بوو. یارمەتیم دا، چەندین ساڵ فێرم کرد و ئەویش هەتا کۆتایی خزمەتی کردم، هەنووکە ئەو وای لێ هاتووە کە ناتوانێت تەنانەت سڵاو لەو کەسە بکات کە لە شەقامدا ڕزگاری کردبوو.

وەرگیراو لە دەفتەری بیرەوەری دکتۆرێکی یەهوودی
هێرتا ناتۆرف – ٩ ئۆکتۆبەری ١٩٣٩

## تیرۆر و تۆقاندنی یەهوودییەکان لە شوێنی کار و کاسبییاندا

لە نیسانی ١٩٣٣ نازییەکان یەکەمین چالاکیی خۆیان بۆ زیانگەیاندن بە ئابووریی یەهودییەکان دەست پێ کرد. یەکێک لە شێوازەکان ئەوە بوو کە ئەندامانی ڕێکخراوی لاوانی هیتلەر، لافیتەی ئاگاداركردنەوەیان بە بەر فرۆشگای یەهوودییەکان دەدا، ئەم کارەش لەبەرامبەر عیادەی پزیشک و نووسینگەی وەکیل و فرۆشگای یەهوودییەکانەوە هەڵدەواسی لە سەرتاسەری ئەڵمانیادا ئەنجام دەدرا. دکتۆر هێرتا ناتۆرف ڕووداوێکی ڕاستەقینەی نیسانی ١٩٣٣، بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: "ئەم ڕۆژە لە دڵمدا وەک برینێکی قووڵ ماوەتەوە. ئایا دەتوانیت باوەڕ بکەیت کە لە سەدەی بیستەمدا، ئەگەری ڕوودانی شتێکی وەها هەیە؟ کوڕە گەنجەکان لافیتەکانیان لەبەردەرگای ئیدارە و شوێنی وەکیل و ژووری پزیشک و بینای یەهوودییەکان هەڵدەواسی، کە لەسەریان نووسرابوو شت لە یەهوودییەکان مەکڕن، مەچنە لای پزیشکە یەهوودییەکان، یەهوودییەکان بەزگماک



درۆزن و فێڵاوین. ناوونیشانی پزیشکەکانیان پیس دەکرد و هەندێکجار تەنانەت زەرەریان لێ دەدان. خەڵکی تەنیا بە بێدەنگی سەیریان دەکرد. وابزانم ئەوان لەبیریان



چووبوەوە کە لافیتەکەی من دابپۆشن و وابیر دەکەمەوە کە ڕەنگە من دواتر کاردانەوەی خراپم هەبووایە. وابزانم دوانێوەڕۆیەک بوو کە یەکێک لەو کوڕانە هاتە ژوورەکەمەوە و وتی (ئایا ئێرە کۆمپانیای یەهوودیانە؟)، منیش پێم وت «ئێرە هیچکات کۆمپانیا نییە و ئێشکگری پزیشکییە و ئێوە نەخۆشن؟!». شەوی هەمان ڕۆژ، لەگەڵ هاوڕێکانمان کە هەموومان پزیشک بووین، لە لای نافوورەی هۆهنسۆلێر کۆبووینەوە. هەموومان تێکڕووخاوو غەمبار. ئەمیل یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵەکەمان کە هەوڵی قەناعەت پێ هێنانمانی دەدا، وتی: چەند ڕۆژێکی دیکە ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێ دێت. ئەوان هەست بە تووڕەیی من ناکەن، کاتێک دەڵێم: دەبووایە ئێمەیان کوشتبایە. ئەمە مرۆڤانەتر بوو لەو مەرگە دەروونییەی کە ئەوان مەبەستیانە...، بەڵام غەریزەی من هەموو دەم ڕاستی لێک داوەتەوە".

### سگێرستێد - Segerstedt

یەکێک لە ڕەخنەگرە گەورەکانی ئەڵمانیای نازی کە بە توندی دژایەتیی سیاسەتی نەرمونیانی سویدی دەکرد، ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (یۆتەبۆرگێس هەندڵ – GÖTEBORGS HANDEL) و گۆڤاری (پاپۆڕەوانی – Sjofartstidning) بە ناوی (تۆرگنی سگێرستێد – Torgny Segerested) بوو. زمانی مەتەڵاویی ئەو یەکێک لە سیفەتە دیارەکانی بوو و لێرەدا یەکێک لە وتارەکانی کە لە ١٩٣٦ و لە ستوونێکدا بە ناوی ئەورۆ نووسیویەتی، دەخەنەروو: "چەند زانکۆیەکی بەریتانیایی، وەک زانکۆی گەورەی ئۆکسفۆرد بڕیاریان داوە کە نوێنەرێک وەک میوان بە بۆنەی ٥٥٠ ساڵەی دامەزراندنییەوە بۆ زانکۆی هایدلبێرگ نەنێرن. زانکۆکان و ناوەندەکانی پەروەردەی

باڵای سـوویدیش بۆ ئەم بۆنـەیە بانگـهێـشت کـراون. ئەوان بیـروڕای توندی هاوشـەمـەندەفـەرەکانی زانکۆیـە ئینگلیسـییـەکانیـان وەبەرچاو گـرتووە. ئـەوان هیـچ ترسـێکیـان لـە ناردنـی نوێنـەر نـەبوو بـۆ بەرز ڕاگـرتنی یادی زانکۆی ئـەڵمانی لـەم ڕەوشـەی ئێسـتـادا. زانکـۆکـانی بەریتانیا ئەگەر بوختانیان پێ نەکرابێت بە بابەتێکی کۆنەوە خەریکن کـە ئەویش ئەوەیە ڕژێمی پێـشـووی ئەڵمـانیـا شـەڕێکی بنەڕەتیی لێکۆڵینەوەیی زانستی کە هەروەک حەقیقـەتێکی ڕەهایە لەو نێوەندەدا هەڵ گـرتوە(...) هەنووکـەش کـە بیـرمـەندان لە ئینگلیسـتـان و بە ئامـادەبوونـی خـۆیان لـەم بۆنـەیەدا، ڕوانگـەیان لـەبارەی ڕەوتی هەنووکەیی دەردەبڕن، دەستیـان داوەتە کارێکی زیرەکانـە کە هەمیشە سەلمێنەری لێکۆڵینەوە زانستییەکان بووە(...) جێگای خۆشحاڵییە کە زانکۆکانی سوید هێندەی هاوشێوە ئینگلیسـییـەکانیـان بیر تەسک نین."



DAGENS NYHETER.

KONINGSLÖS TYSK JUDEBOJKOTT

EIMOJUMALA OCH LAPPO.

Jude som skjutit lynchad i häktet

Tyska händelserna inför kulturell svensk opinion.

insk nationalism under reflexverkan från tysk nazism.

516 SÄNDE BOKLISTOR.

RIKSDAGEN GILLAR IDROTT OCH REDUCERAR ANSLAGET.

Frågan för Österrike: skall fascistfärgen bli svart eller brun!

ڕۆژنامـەکانی سوید لە ساڵی ۱۹۳۳ هـەتا کـۆتایی شـەڕ، زۆرجـار لەمـەڕ ڕەفـتـاری نازییـەکـان لە بەرامـبـەر یەهوودییـەکـان بابەتیـان بڵاودەکـردەوە. خـەڵکی سـوید بەردەوام بۆ بەدەسـتـهێنانی وێنایـەکی ڕوون و ئاشـکرا لـە کـارەسـاتەکـە پێـویسـتـی و زانیاری باشیـان لەبەردەستدا بوو.



## "یەهوودی" لە قوتابخانە کرایە دەرەوە

دوای سـاڵی ۱۹۳۳ قـەتابییـە یەهـوودییـەکـان بـە شـێـوەیەکی سیسـتماتیک دەردەکران لە قوتابخانەی ئەڵمانییـەکان. ئەم وێنەیە دوو قـوتابیی یەهوودی پێـشـان دەدات کـە لە پۆلی تـایبـەت بە ئـایدۆلۆژیای نازیزم دەکـەونە بەر ئیـهانە و سـووکایـەتییـەوە. لەسەر تـەختـە ڕەشـەکە ئەم ڕسـتـەیە نووسـراوە: یەهوودی گەورەترین دوژمنی ئێمـەیە، خـۆتان بەدوور بگرن لە یەهوودییەکان.

**چەند کـچـە قوتابییـەکی یەهوودی لە قوتابخـانـەکەیاندا چۆنیـیـەتی کـاریگـەری دانانی ئایدۆلۆژیای نازیزم لەسـەریان لە دەیـەی ۱۹۳۰ دەگێڕنەوە:**

"بۆهیلما گفن – لۆدۆمێر کە تەنیا کچە یەهوودی بوو لە شارۆچکەی زنگسـدۆرفـی بەرلین، یاسـای تایبـەت بۆ زۆربەی قـوتابییـەکـان لە قـوتابخـانەدا بە مـانای گـۆڕانێکی گـەورە بوو. گـیـانی دۆسـتـایەتی دراوسـێیەتی وەک تیشک ونبـوو... لە ناکاوێکدا هەسـتم بەوە کـرد کـە هیـچ برادەرم نیـیـە، هیـچ کـچـێک لەگـەڵمـدا نەدەبووە هاوڕێ و دراوسـێکانمان لە قـسـەکـردن لەگـەڵماندا دەترسـان. چووینە دیدەنی هەندێک لە دراوسێکانمـان، پێیان وتین کە ئیتر مـەیەن بۆ ئێرە، چونکە ئێـمـە دەترسین و مـافـی ئەوەمـان نیـیـە پەیوەندیمان لە گـەڵ یەهوودییەکاندا هەبێت."

"لورە گـانگ – سـالهـیـمـر کـە لە سـاڵی ۱۹۳۳ یازدە سـاڵی بوو و دانیشـتووی نۆرەنبێرگ بوو، توانیی لە قوتابخانەدا بمێنێتەوە، چونکە پێـشـتـر بـاوکی لە (ڤـێـردون – Verdun) سـەرباز بوو. لەگـەڵ هەمـوو ئەمـەشدا منداڵە نایەهوودییەکان پێیان دەوت: نا، من ئیتر ناتوانم لە

ڕێگای قوتابخانەدا لەگەڵ تۆدا هاتوچۆ بکەم، ئیتر نابێت هیچکەس من ببینێ لەگەڵا تۆدا."


"مـــارتا ئاپێل – Martha Appel دەنووســـێت: هەر ڕۆژەو لەژێر دەسەڵاتی نازییەکاندا جیاوازی و دووری لەگەڵ دراوسێکانماندا زیاتر و زیاتر دەبوو. هاوڕێگەلێک کـە چەندین سـاڵ پەیوەندیی باشـمـان لەگەڵیاندا هەبوو، ئیتر نامانناسن. لە ناکاوێکدا هەستمان بە بوونی جیاوازیی خۆمان کرد."

## شەوی کریستاڵ

دوانیـوەڕۆی ڕۆژی ٧تشـرینی دووەمـی ١٩٣٨، ئارنێت فـۆن ڕایت، جێگری وەزیری ئەڵمانیا لە سەفارەتی پاریس، لە لایەن یەهوودییەکی ١٧ ساڵە بە ناوی هێرشڵ گرینسپنەوە کەوتە بەر ڕێژنەی گوللە. دایک و باوکی گرینسپن هەروەک ئەو دەیان هەزار یەهوودییەی پۆڵۆنیا، حەوتوویەک پێشتر لە ئاڵمانیا کرابوونە دەرەوە. ئەم گوللەیە پێشاندەری نارەزایەتی گرینسپین بوو لەمەڕ ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە بنەماڵە بێ نیشتمانەکەی لە ناوچەیەکی نەزانراوی نێوان سنوورەکانی ئەڵمانیا و پۆڵۆنیا تێی کەوتبوون. کاتێک فۆن ڕایت لەبەر کاریگەریی زامەکانی گیانی خۆی لەدەست دا، جۆزێف گۆبلز، وەزیری ڕاگەیاندن فەرمانی بە میدیاکان دا کە گوناهی ئەم قەتڵە بخەنە ئەستۆی یەهوودییەکان. ئەم کارەش بووە هۆی کوشتاری زیاتر و گەورەتری یەهوودییەکان لە سەدەی نوێدا. لە ئێوارە و شەوی ٩ و ١٠ی تشرینی دووەم سەدان کەنیسەی یەهوودی لە سەرانسەری ئەڵمانیادا تاڵان و چۆڵ کران و هەزاران فرۆشگای تایبەتی پێچرانەوە و بەتاڵان بران و هێرش کرایەسەر گۆڕستانەکانیان و سەدان



یەهوودی کوژران و دەیان هەزار کەسیان ناردرانە ئۆردووگاکان. ڕژێمی نازیستی تاوانی ڕووداوەکانی خستە گەردەنی یەهوودییەکان خۆیانەوە و ڕێکخراوە یەهودییەکانی ناچار کرد کە بڕی یەک ملیارد مارک وەک باج ببەخشنە دەوڵەتی ئەڵمانیا، هەروەها دەستیان گرت بەسەر باجدانی کۆمپانیاکانی بیمە و یەهوودییە خاوەن دووکانەکان ناچار کران کە شەقامەکان چاک و خاوێن بکەنەوە.



ئەم وێنەیە کۆمەڵێک قوتابیی زانکۆ پێشان دەدات کە خەریکی سووتاندنی کتێبی نووسەرانی یەهوودین کە یاساغ کراون.

بەرلین

١٠ ئایاری ١٩٣٣


ماوەیەک بەر لە ئێستا کۆنترۆڵی ڕێکخراو و پلەبەندکراوی تایبەت بە ڕەگەزی کەسانی چالاک لە گۆڕەپانی کەلتووری ئەڵمانیادا دەستی پێکردوە. سەرەتاییترین شت کە دەیتوانی هەبێت ئەوەبوو کە خاوەن کتێبخانەکان سوود لە ئەزموون و زانیارییەکانیان وەربگرن. ئەوان هاوکارییان لەگەڵ نوێنەری نازییەکان دەستپێکرد(...). بە هۆی ئە هاوکارییەوە نیوەی کاری سەرەتایی لە بارەی پاڵاوتنی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و پرۆفیسۆرە یەهودییەکانەوە لە ساڵی ١٩٣٣ ئەنجام درا.



وەرگیراوە لە گۆڤارێکی تایبەتی کتێبخانەیی لە ساڵی ١٩٣٣

پردێک لەسەر شەقامی ئاریایی لە گیتۆی لۆدۆسی پۆڵۆنیا. یەهودییەکانی دانیشتووی ئەم گەڕەکە بە توندی جیا کرابوونەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کە هەندێک کات بەرپرسان ناچار دەبوون لە گیتۆی وەها گەورەدا پردی هاوشێوەی ئەم پردە بەسەر شەقامی نازییەکانەوە دروست بکەن کە بە نێو گەڕەکەکاندا تێدەپەڕین. خەڵکی سەرپردەکە بەیانگەری خراپی بارودۆخی گیتۆکانە: خەڵکانێکی زۆر لە ناوچەیەکی زۆر بچووکدا دەژین.





## گیتۆکان دروست دەکرێن

لە سەدەی ناڤین، یەهودییەکان لە بەشە تایبەتییەکانی شاردا نیشتەجێ بوون کە لە سەدەی شانزەیەمدا گیتۆکانیان پێ ڕاگەیاندن. گیتۆکانی ئەڵمانیا لە ماوەی شەڕەکانی ناپلیۆن لە سەدەی شانزەیەمەوە لەو وڵاتە هەڵگیرابوون. دوای دەسپێکی شەڕی جیهانی دووەم لە ئەیلوولی ١٩٣٩، نازییەکان بە زوویی چەندین یاسایان چەسپاند کە یەهودییەکانی پۆلۆنیای ناچار بە تەرککردنی خانوو و شوێنگەکانی خۆیان دەکرد و دەیانبردنە ناوچە تایبەتەکانی شارەکانەوە لە سەرەتای ساڵی١٩٤٠ یەکەمین گیتۆ دروست بوو و دواتر بە زوویی سەدان گیتۆی بچووک و گەورە لە سەرتاسەری پۆلۆنیا و ئەوروپای ڕۆژهەڵات بەرپا کران. پێکهاتنی گیتۆکان، سەرەتایەک بوو بۆ ڕەوتی کۆکردنەوەی یەهودییەکان کە ئەمەش هەنگاوێک بوو بەرەو بە کۆمەڵ کووشتنێکی ئاسانتر.

**بڕیاری هایدریش، سەرۆکی ئاسایشی (SS) لەبارەی چۆنیەتی کۆکردنەوەی یەهوودییەکان لە سێپتامبەری ١٩٣٩**

یەهوودییەکان دەبووایە لەنێو گیتۆی نێو شارەکان کۆبکرێنەوە هەتا کۆنترۆڵکردنیان ئاسانتر بێت و بە ئاسانی بگوازرێنەوە. بەپەلەترین هەنگاو ئەوەیە کە فرۆشەرە یەهودییەکان لە شارۆچکەکەدا نەمێنن. ئەم بڕیارە دەبووایە لە سێ تا چوار هەفتەی داهاتوودا ئەنجام درابووایە، هەتا فرۆشەرە یەهوودییەکانی نێو شارۆچکەکان لەوێدا ڕێک بخرێن بۆ فەراهەمکردنی تفاق و خۆراکی هێزەکانی سوپا. بڕیارەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١– یەهوودییەکان بە زووترین کات بگوازرێنەوە بۆ شارەکان.

٢– یەهوودییەکان لە خاکی ئەڵمانیادا بکرێنە دەرەوە و بنێردرێن بۆ پۆڵۆنیا.

٣– قەرەجە بەجێماوەکانیش بنێردرێنە پۆڵۆنیا.

٤– بردنە دەرەوەی سیستماتیکی یەهوودییەکان لە خاکی ئەڵمانیادا بەهۆی شەمەندەفەرە بارهەڵگرەکانەوە...

"ڕۆژێکی سامااڵ و جوان دەستی پێ کرد. ئەو شەقامانەی کە لەلایەن لیتوانییەکانەوە دەبەستران پڕ بوون لە جموجۆڵ و هاتوچۆ(...). نیشانەی



گواستنەوەبەرەو گیتۆکان بەدەرکەوت. وێنایەک لە سەدەی ناڤین – تەپۆڵکەیەکی خۆڵاوی و ڕەش باو کە هەوسارێکیان پێوە بەستبوو و بەدیار دەکەوت. دەزانم کە بە زوویی ژیانی ئێمە کۆتایی پێ دێ، بە پەشۆکاوییەوە سەیری ماڵەکەمان دەکەم. سەیری کەلوپەلە پێچراوەکان و خەڵکی بێ هیوام دەکرد. کەلوپەلەکانم دەبینی کە بە دەوروبەرمدا بڵاوبوونەتەوە، ئەو شتانەی کە سوودم لێ وەردەگرتن و خۆشم دەویستن (...). ژنێک بە سەرلێشێواوی و سەرگەردانی بەنێو کەرەستە پێچراوەکانە وەستاوە و نازانێ چ بکات، دەگریێت و نازانێت ... لە ناکاویێکدا ئەوەی لە دەوروبەرمایە دەگریت، هەموو شتێک دەگریت."

وەرگیراو لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی
ئیساک ڕۆداشۆسکی، ١٣ ساڵە
ویلینۆس، ٦ ئەیلوولی ١٩٤١


Judisk karavan.

ETT GHETTO SKAPAS.

Intryck från den stora judeomflyttningen i Kovno efter bolsjevikväldets fall och


SJÄLVHÄMNDENS OHYGGLIGHETER.

وتارێک لە ڕۆژنامەی لایەنگری ئەڵمانیا، ئیفنتۆن بلادێت لە ١٤ ئایاری ١٩٤١. ڕۆژنامەنووس فریتس لۆنەگرن، کە ئیزنی تایبەتی لە ئەڵمانیا وەرگرتووە کە لەگەڵ سوپادا لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ بێت، باسی پێکهاتنی گیتۆکان لە کائۆناسی لیتوانی دەکات. ئەم وتارە زوڵموزۆری لیتوانییەکان بەرامبەر بە یەهوودییەکان پێشان دەدات لە کاتی چوونی هێزەکانی ئەڵمانی بۆ ناو ئەو وڵاتە و هەروەها دروستکردنی گیتۆکان.

"ئەورۆ یەکشەممە ١٣ تشرینی یەکەم، خەمێکی گران دای گرتم. وا دیار کە ١٤٠٠٠٠ یەهوودیی دانیشتووی دەورووبەری وەرشۆ(...) ناچارکراون کە ماڵەکانی خۆیان جێ بهێڵن و بچنە نێو گیتۆکانەوە. گشت شارۆچکەکان خاڵی کرابوون و ١٤٠٠٠٠کەس ناچار کرابوون گیتۆکان بەجێ بهێڵن (...)، تەواوی ڕۆژ خەریکی کەلوپەل گواستنەوە بوون. خەڵکانێک کە دەیانهەویست بزانن کامە شەقام سەر بەگیتۆیە، شورای یەهوودییەکانیان لە گەمارۆی خۆیاندا هێشتبووەوە."

ئەمانۆئێل ڕینگلبلۆم – Emmanuel Ringelblum

بەرواری تشرینی یەکەمی ١٩٤٠ – وەرشۆ






## ژیان لە گیتۆدا

یەکەمین گیتۆکان لە ساڵی ١٩٤٠ دروست کران. سەرەتا لە ساڵی ١٩٤٢ سەدان گیتۆی بچووک و گەورە لە پۆڵۆنیا و ئەوروپای ڕۆژهەڵات هەبوون. تەنیا یەهوودییەکانی دانیشتووی ئەو ناوچانە نەدەنێردرانە نێویانەوە، بەڵکوو یەهوودییەکانی نەمسا و ئەڵمانیا دەنێردرانە نێو ئەو گیتۆیانەی پۆڵۆنیاوە. بە زوویی شێوازی ژیان لەم کۆڵانانەدا زۆر دژوار بوو. بەرپرسانی ئەڵمانی بڕیاریاندا کە هەلومەرجی ئاسایی کۆمەڵگا نابێت لەنێو گیتۆکان دا بەڕێوە ببرێت هەر ئەوەبوو کە گیتۆکان وەک تەڵەی مەرگیان لێ هات. هۆکارێکی دیاری ئەمە، ئەوە بوو کە بە ئەنقەست خەڵکییان دەپەستاوتە ناو ئەم کۆڵانانەوە. بۆ نموونە زۆرترین دانیشتوانی گیتۆی وەرشۆ دەگەیشت ٤٠٠٠٠ کەس. بەجۆرێک کە چڕیی دانیشتوان بە نێونجی – یەک کەس لە ٥و٧ مەتری چوارگۆشە – بوو. لە زۆربەی بنەماڵەکاندا ١٥ کەس و یا زیاتر لە ژوورێکدا بوون. دابینکردنی سووتەمەنی لە زستانانداندا ئەوەندە دژوار بوو کە بە ڕەژووی ئاسایی ئەوترا مرواریی ڕەش. بەدەستهێنانی خۆراک بۆ دانیشتوانی گیتۆکان بەگرنگترین تێکۆشانی ڕۆژانە دادەنرا. ئەڵمانییەکان ڕۆژانە نزیک بە ٢٠٠ کیلۆ گالێرییان لە مادەی خواردەمەنییان بە سەر گیتۆکاندادابەش دەکرد. (ئەورۆکە ڕۆژانە ڕژێمی خۆراکی لە نەخۆشخانەکانی سوید دەگاتە ١٠٠٠ کیلۆ کالوری)، هەربۆیە ئەوکات قاچاخی خۆراکی کارێکی ژیانەکی بوو. ئەو کەسانەی کە خواردەمەنییان لەنێو پۆشاکەکانیاندا شاردبایەوە و گیرابان ئەوا یەکسەر لە لایەن ئەڵمانییەکانەوە دەکوژران. ئەم بارودۆخە بە نەخۆشی و دەردی گوازراوە سەخت و لەسەرووی

هەموویانەوە یادی سووریژە کۆتایی هات. مەرگ و نەمانی سروشتی ڕووی لەزیادبوون کردبوو. لە ماوەی ساڵی ١٩٤١ لە هەر ١٠ کەسی دانیشتوی گیتۆکان، یەک کەس بەهۆی نەخۆشی و برسییەتییەوە گیانی خۆی لەدەست دا. تەندروستی و دەرمان شتێکی نادیار بوو، چونکە دکتۆر و سستەرە یەهوودییەکان دەستیان نە بە خۆراک و نە بە دەرمان و نە بە شوێنی باش ڕادەگەیشت.

بە دوای داگیرکردنی پۆڵۆنیا لە لایەن ئاڵمانییەکانەوە لە ساڵی ١٩٣٩،



یەهوودییەکان ناچار کران کە ئەستێرەی داوود وەک نیشانەی ناسینەوە بە خۆیانەوە هەڵواسن. لە وەرشۆدا دەبووایە ئەم ئەستێرەیە شین و لەسەر قوماشێکی سپی بێت. ئەم ژنە یەهوودییە کە دانیشتوی وەرشۆیە، بە فرۆشتنی ئەم باڵبەست و نیشانانە خەریکی پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆیەتی. وێنەکە لە لایەن هێنریش یۆست لە وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیا لە ١٩ ئەیلوولی ١٩٤١ کێشراوە.



## ئاغای بەهێزی گیتۆ

لە ژیانی تاکەکانی نێو گیتۆکاندا، کەمتر شادی دەبینرا، بەڵام هەندێکجار دانیشتوان شتێکیان بۆ پێکەنین وەدەست دەکەوت. شائیم کاپلان لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا، بیرەوەریی ڕۆژی ١٥ ئایاری ١٩٤٠ی بەم شێوەیە تۆمار کردووە:

"ڕۆژێکیان سەربازێکی نازی هاتە نێو کۆڵانەکەمانەوە. ئەو سەربازە خەڵکی شارێک بوو کە هەرکاتێک یەهوودییەکانی ئەوێ سەربازێکیان بینیبایە دەبووایە بەنیشانەی ڕێز، کڵاوەکانیان داگرن، بەڵام لە وەرشۆ شتێکی وەها باو نەبوو، بەڵام ئەم میوانە بەڕێزە دەیویست ناچارمان بکات بەپێی ئەو یاسایانەی کە لە شارەکەی خۆیدا باو بوون بجووڵێنەوە. لەناکاوێکدا لە شەقامی یەهوودی نشینی کارملیکا، بەڵایەک دروست بوو: نازییەکی شێت هەمووانی ناچار کرد کە بۆ ڕێزلێنان کڵاوەکەیان داگرنە خوارەوە. هەندێک هەڵاتن و هەندێکیش خۆیان شاردەوە و کۆمەڵێکیش بە سەرکێشیکردنیان گیران و لێیان درا و هەندێکی تریش بە بەرزی قاقایان لێ دەدا. لاوەکان، زانا بچکۆلەکان، ئاغا ڕاستەقینەکانی شەقام هەرکە ئاگاداری ئەم بابەتە بوون گوێڕایەڵییان بۆ سەربازەکە بووە هۆکاری سەرگەرمییان. ئەوان چەندین جار وەک نیشانەی ڕێز کڵاوەکانیان دادەگرت و بەم شێوەیە سەربازەکەیان گاڵتەجاڕی خۆیان. ئەو خەڵکانەی کە لە هاتوچۆدا بوون، سەدان جار دەچوونە پێش ئەو سەربازە و ڕێزیان بۆ دادەنا. ئەوان بە کۆمەڵ و ژمارەی زۆرترەوە کۆدەبوونەوە و بە قیافەی سەیرترەوە ئەم کارەیان بە شێوەیەک دووبارە دەکردەوە کە هیچ گاڵتەجاڕییەک لە ڕوخسارياندا نەدەبینرا، لە حاڵێکدا کە

برادەرەکانیان لە پشتەسەریان دەکەوتنە پێکەنین. ئەم گرووپە دەرۆیشتن و دەستەیەکی تر دەهاتن و بەسەری ڕووتی ڕێزیان بۆ سەربازە نازییەکە دادەنا، پێکەنینەکە کۆتایی پێ نەدەهات. "



کوڕە یەهوودییەکان لە سەر ڕەسیفێکی گیتۆی وەرشۆ

پزیشکێک دەنوسێت:

"مرۆڤە چالاک، ئارەزوومەند و پڕ وزەکان دەگۆڕێن بۆ گیانلەبەرانێکی نا کارا، هەروەک ئەوەی کە لەخەودا دەڕۆن بەرێوە. ئەوان هەموودەم لەسەر قەرەوێڵەکانیانن و بە زەحمەت توانای هەڵسانیشیان هەیە، بۆ خواردن و چوونە (WC)، ئەمانە لەبەر نەبوونی خواردن و تەنانەت هەندێکجار بۆ پاروە نانێک، لەنێو دەستاندا دەمردن." هیچ جۆرە پێداویستی و یارمەتییەک بۆ ئەو هەزاران منداڵە لەڕ و لاواز و هەتیوانە کە وێڵ بوون، لە گۆڕێدا نەبوو. مردووەکان لە شەقامەکاندا کەوتبوون و بە کاغەز و ڕۆژنامە دایان پۆشیبوون و چاوەڕوانی



بردنیان بوون بۆ گۆڕە بەکۆمەڵەکان. سەرەڕای بارودۆخێکی وەها خەڵکی هەموودەم هەوڵیان دەدا ئاسایی بژین. پەروەردە لە چوارچێوەی قوتابخانەدا نایاسایی بوو، بەڵام بەهەرحاڵ ئەنجام دەدرا. لە لۆدس – Lodz ، ٦٣ قووتابخانە ٢٢٣٣٠ قوتابی هەبوو. لاوەکان وەک داڤێد سیداکوایک لە لۆدس سەرەڕای بارودۆخەکە هەوڵی دەرس خوێندنیان دەدا. ئەو لە ڕۆژی ٢٥ ئازاری ١٩٤٢ لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی بەم شێوەیە وەبیر دەهێنێتەوە: "هەست دەکەم زۆر نەخۆشم. دەخوێنمەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە دەرسەکە تێ ناگەم، هەر بۆیەش تەمرینی وشە ئینگلیسییەکان دەکەم. کتێبی شۆپنهاور دەخوێنمەوە. فەلسەفە و برسیەتی، چیان بەسەر چییەوە هەیە." سەرەڕای ئەوەی کە ئەڵمانییەکان بەدوای داگیرکردنی پۆلۆنیا، سەدان کەنیسەی یەهوودییەکانیان ئاگر تێ بەردا و تەقاندیاننەوە، بە بوونی گشت ئەم شتانەشەوە یەهوودییەکان درێژەیان بە ژیانی مەزهەبیی خۆیان دا. چالاکییە ئایینییەکان قەدەغە بوون، ئەگەر گشتاپۆ یا (SS) بە بۆنە ئاینییەکانی یەهودییەکانیان بزانیبایە، بەبیانۆی جیاواز دەکەوتنە ئیهانە پێ کردنیان. ئەگەر بە گوللە نەیانکوشتبان، ئەوا ڕیشیان دەتاشین و ناچاریان دەکردن کە میز بە کتێبی دوعا و دەفتەرەکانی تەوراتدا بکەن. کتێبخانە تایبەتی و گشتییەکانی یەهوودییەکان ئامانجێکی لەبار و گرینگ بوون بۆ ئەڵمانییەکان. ئەرشیفی دەوڵەمەند و چەندین ساڵەی یەهوودییەکانی پۆڵۆنیا و ئەورووپای ڕۆژهەڵات دەستیان بەسەردا گیرا و لەنێوبران. کاتێ کە کردنەدەرەوەی نێو گیتۆکان لە ساڵی ١٩٤٢ دەستی پێ کرد، وەک کەرەستەی سووتەمەنی سوودیان لە کتێب و پاشماوەی نووسراوەکان وەردەگرت.

"گوێم لێ بووە کە چۆنچۆنی خاخام ونگرۆ لە ڕۆژی کیپۆر کوژراوە. فەرمانی پێ دراوە کە شەقامەکە بماڵێت و دواتر، زبڵەکە کۆبکاتەوە و بیکاتە ناو کڵاوە چەرمییەکەیەوە خۆیەوە، ئەو دەمەی کە نووشتاوەتەوە سێ جار سەرە ڕمەکەیان کردووە بە جەستەیدا، بەڵام ئەو درێژەی بە کارکردن دا هەتا گیانی سپارد."

وەرگیراو لە نووسراوەکانی گیتۆی وەرشۆ

نووسراوی ئیمانۆئێل ڕنیگلبلۆم

٢٦ نیسانی ١٩٤١

**بنزین، ١٩٤٢**




کاپیتان فرانتز پۆلتێر، لە برسلاودا منداڵە یەهوودییەکانی کۆکردەوە و بەسەریاندا گوراندی: ها ئێوە شەڕتان دەویست؟! ئێمە سەیری دەکەین و مەبەستەکەی تێ ناگەین. منداڵێکی شەش ساڵەی زیتەڵە دەچێتە پێشەوە و دەڵێت:"نا... مامە (SS)، ئێمە شەڕمان ناوێت، کەمێک نانمان دەوێت."

ئێلا – لیبرمان – شیبر



چالاکی جۆراوجۆری کولتووریش، لەلایەن دانیشتوانی گیتۆوە بۆ هێشتنەوە و پاراستنی ورە و ئیرادەیان ئەنجام دەدران. بۆ نموونە لە لۆدس شانۆیەکی بووکەڵەیی و لە وەرشۆش گرووپێکی ئاوازی بەکۆمەڵ بۆ منداڵان هەبوو. لە گیتۆکاندا ئەنجامدانی کۆنسێرت و پێشاندانی شانۆ هەتاوەکوو پێش لە بردنەدەرەوەی مۆسیقار و هونەرمەندەکان بەردەوام بوو. مێژووناسان گشت ئەم چالاکییانە بە نیشانەی هێز و خۆڕاگری دەزانن. کەسانێک لە گیتۆکاندا لەوەتی گەیشتبوون کە نووسینەوەی گشت ڕاستییەکان گرینگیی بێ سنووری هەیە. هەندێک بیرەوەرییان لە دەفتەرەکان دەنووسی، گرووپگەلێک لە گیتۆکاندا پێک هاتبوون کە بەردەوام ڕووداوە ڕۆژانە و بەڵگەنامە تایبەتییەکانی ژیانی ناو گیتۆکان، سیاسەت و ڕاستی تاوانی ئەڵمانییەکانیان تۆمار دەکرد. لە نێوان ئەم کەسانەدا ئەمانۆئێل ڕینگلبلۆمی مێژوونووس، شائیم کاپلانی مامۆستا لە وەرشۆ و ئاوەرهام تۆری مافناس لە کۆنۆ(کائۆناس) ئامادە بوون. ئەڵمانییەکان سوودیان لە دانیشتووانی گیتۆکان وەردەگرت، وەک هێزی کاری هەرزان لە زیندانەکاندا. هەندێک لە گیتۆکان ڕۆڵێکی گرینگیان هەبوو لە بەرهەمهێنان بۆ شەڕ. بۆ نموونە لە گیتۆی وەرشۆ، لۆدس، بیالیستۆک و سۆسنۆویچ بەلانیکەمەوە هەموو بەرهەمیان لە پێناوی شەڕدا هەبوو. هەرچەندە کە ئەڵمانییەکان سوودیان لە هێزی کاری یەهوودییەکان وەردەگرت بۆ دەوڵەمەندبوونی خۆیان. لەم ڕووەوە زۆرێک لە یەهوودییەکان وابیریان دەکردەوە کە کارکردن تەنیا شانسی زیندوومانەوەیانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زوو یا درەنگ بەدیار دەکەوت کە لەنێوبردنی یەهوودییەکان بۆ نازییەکان لە قازانجەکەیان گرینگتر بوو.

## هەڵبژاردنێکی دژوار

بەشێکی گەورەی سیاسەتی نازییەکان ئەوەبوو کە خۆیان، واتە یەهوودییەکان کاری بەڕێوەبردنی گیتۆکان بگرنە ئەستۆ، هەر بۆیەش لە هەموو گیتۆکاندا ئەنجومەنی بەناو ئەنجومەنی یەهوودییەکان پێک هات. پیاوانی نێو ئەنجومەنە لە ترسی زەبر و زەنگ و هەڕەشەی مەرگ، بڕیاری ئەڵمانییەکانیان جێبەجێ دەکرد. بە دەستهێنانی لیستی ناوی ئەو کەسانەی کە بڕیار وابوو بچنە دەرەوە، لەدەست یەهوودییەکاندا بوو. پۆلیسی یەهوودی دەبوایە حوکمدراوەکانی مەرگ کۆبکاتەوە و ڕێنماییان بکات بۆ ناو ڤارگۆنە گوێزەرەوەکانی شەمەندەفەرەکان. کێشەی سەرپێچیکردن هەموودەم لە بڕیارەکان هەبوو، بەڵام سزا زاڵمانە و قورسەکان ئەم کاردانەوەیان دژوار کردبوو. هەربۆیەش لە هەندێک گیتۆدا بەرپرسانی ئەنجومەنی یەهوودییەکان بۆ دژایەتیکردن و بەرەنگاری دەستیان دەدایە هەموو شتێک. یاکووب گێنس، سەرۆکی ئەنجومەنی یەهوودییەکان لە ویلنیۆس و لیتوانی نموونەی ئەم جۆرە شتانەن. ئەو لە ١٥ ئایاری ١٩٤٣ لە پەیامێکدا بۆ بەرپرسانی دیکەی گیتۆ ڕای گەیاند کە گشتاپۆ، یەهوودییەکی دەستبەسەر کردووە، چوونکە دەمانچەی پێ بووە. ئەو بەم شێوەیە ئاگاداری کردنەوە کە "هێشتا نازانم ئەم کێشەیە بەکوێ دەگات. دواجار کێشەکە بە قازانجی گیتۆ کۆتایی پێ هات، بەڵام دەبێت بڵێم ، هەموو ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە شەست ساڵ زیاترە و یا منداڵن، بیانگوازنەوە... بیر لەم بابەتە بکەنەوەکە ئایا قسمەتی ئەوە هەیە!!! بۆ کەسێک کە لۆجیکی و عاقڵانە بیر بکاتەوە تەنیا یەک وەڵام هەیە : ئەوە ناهێنێ ڕیسکی بۆ بکەی!"



لە گیتۆکانی دیکەدا، بەرپرسەکانی گیتۆ هەوڵیان دەدا کە هاوکاری لەگەڵ بەرپرسانی ڕێکخستنی بەرەنگاری بکەن. هەرچەند کە لە درێژماوەدا، هەرجۆرە بڕیارێک ئەم کەسانەی بگرتبایەوە، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر زۆرینە نەبوو. دەسەڵاتی ئەڵمانیا ئەوەندە بەهێز بوو و یەهوودییەکانیش ئەوەندە بەربڵاو و لە مەترسیدا بوون کە ئەنجامی مل ڕاکێشان بۆ ویستی ئەڵمانییەکان یا بەرەنگاربوونەوەیان یەکسان بوو.

## مەرگی شەقامی

مەرگ لە گیتۆکاندا هەموودەم ئامادە بوو. سستەری دەرمانی ئادینا بلادی ژوایگەر، بەم شێوەیە ژیانی ڕۆژانەی نێو گیتۆی وەرشۆ لە هاوینی ١٩٤١دا، دەگێڕێتەوە:

"بە دوای سێ هەفتەدا من گەڕامەوە بۆ نەخۆشخانە(...). گەڕامەوە بۆ بەشی سووریژە و تای بەهێز، کە تیایدا منداڵان نەدەمردن، بەڵام ژمارەی تەختەکان زۆر کەم بوو و هەندێکجار لەسەر هەر تەختێک دوو یا سێ منداڵ دەخەوتن کە لە نێوچاوانیان نووسراوێکی ژمارەیەک لە ناوچەوانی هەریەکامیان درابوو. ئەوان تایان هەبوو و هەموو دەم داوای خواردنەوەیان دەکرد.

نا... ئەوان لەبەر سووریژە نەدەمردن. ئێمە ئازادمان دەکردن، بەڵام بەشێوەیەکی مەترسیدار ماندوو بووین، چونکە ڕۆژانە دەیان منداڵی تازەیان دەهێنایە بەشەکەوە و ئێمەش ناچار بووین بە قەت ئەو ژمارەیە منداڵی خەوێندراو ئازاد بکەین و یا لە حاڵەتی گومان لێکراودا بۆ دڵنیابوونەوە بیانگوازینەوە، چونکە ئەڵمانییەکان

کۆنترۆڵی فۆرمی سووریژە و تایان دەکرد. ئێمە ئەوانمان ئازاد دەکرد تا لە ماڵەکانی خۆیان بمرن و یا بە خاوێنی بگەڕێنەوە لامان. ئەمە بارودۆخی هەموو ڕۆژەی ئێمە بوو."



منداڵێک لە گیتۆی وەرشۆ لە سەرە مەرگدایە، ١٩ ئەیلوولی ١٩٤١. وێنەگرەکە بەمشێوەیە لەسەری نووسی: "خەڵکی تەنیا تێ دەپەڕین، ڕێژەی ئەم جۆرە منداڵانە زۆر بوو."

"ئەوان چەندین شەو و ڕۆژ لە نێو ڤارگۆنە پڕ لە بارەکاندا سەفەریان کردبوو. لە هەر ڤارگۆنێکدا نزیک بە ٩٠ کەس هەبوو کە تیایدا ژنێکی خاوەن چوار تا پێنج منداڵ دەبینرا. منداڵەکان هەر لە ١٥ مانگانە تا ١٣ ساڵانەوە زۆر پیس و پۆخڵن. جەستەی منداڵە سێ یا چوار ساڵەکان پڕە لە برینی پیس و جۆرێک لە زیپکەی سوور (کە ئەوکاتی بەهۆی مادەی کیمیاوییەوە دروست بووبوون). پڕبەدڵ حەزدەکەین کارێکی زۆریان بۆ بکەین، بەڵام جگە لە هاودەردیی بێ سوودی کۆهێن – سەرۆکی ئۆردووگا – هیچ شتێکی دیکەمان



لەدەست نایەت. بە خێرا ڕەشاشی حەمامەکان هەڵدەواسین و چوار خاولی بۆ هەر (١٠٠٠) منداڵ دابین کراوە.

ئۆدت دالتروف – باتیسی،
زیندانییەک لە درانسی لەمەڕ منداڵە یەهوودییەکان
کە لە ئۆردووگاکانی دیکەوە هاتبوونە درانسی
ئابی ١٩٤٢



ڕۆژێکیان (یەک شەممە) لە ئۆردووگای بۆنا – لارۆلاندا لە باشووری پاریس کە ئەوکات هێشتا دیدار و چاوپێکەوتنی ئەندامانی بنەماڵە ئازاد بوو، پیاوەکان لە حوزەیرانی ١٩٤٢دا و ژنان و منداڵەکانیش لە ئابی هەمان ساڵ بەرەو ئۆردووگاکانی مەرگی پۆڵۆنیا بەڕێ دەکران. دەوڵەتی فەڕەنساش لە ویشی بە هیچ شێوەیەک لە لایەن ئەڵمانییەکانەوە ناچار نەکرابوو یەهودییەکانی وڵاتەکەی دوور بخاتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە چەسپاندنی یاسای دژە یەهوودی دەرفەتی لەدەست نەدا. کاتێک کە لە تەمووزی ١٩٤٢دا، گرتنی یەهوودییەکان دەستی پێ کرد، پۆلیسی فەرەنسا ئەم ئەرکەی گرتە ئەستۆی خۆی و لەسەدا دەی یەهوودییەکانی کە دەیکردە ٨٠٠٠٠ کەس، بەرەو ئۆردووگاکانی مەرگ نارد. ئەم ژمارەیەش زۆربەی

منداڵانی خوار شەش ساڵ و لە سەدا دەشی ئەو کەسانە بوون کە تەمەنیان لە سەرووی شەست ساڵەوە بوو. بەرپرسانی فەرەنسا ئەوەمەی کە یەهودییە بەنەژاد بێگانەکان کرابوونە دەرەوە، هاوکاریی خۆیان لەگەڵ ئەڵمانییەکان پساند و هەوڵی ئەوانیان بۆ دەستبەسەرکردنی یەهوودییەکان دژوار کرد.

## کۆمەڵکوژیی یەهوودییەکان لە شوێنە جیاوازەکانی ئەوروپا

سەرەڕای ئەوەی کە قۆناغە سەرەکییەکانی لەنێوبردن یەکسان بوون، واتە ناسین و کۆکردنەوە و دەرهێنان و دواتر لەنێوبردن، بەڵام لەنێوبردنی یەهوودییەکان لە وڵاتانی ئەوڕوپاییدا جۆراوجۆر بووە. هەنگاریا لە کاتی شەڕدا پاڵی وە ئەڵمانییەکانەوەدا یەکیگرت و سەرەڕای ئەمەش حەشیمەتی زۆری یەهودییەکانی ئەم وڵاتە بە قەدرا پەنابەرانی وڵاتەکانی دیکە دەگەیشتە سنووری یەک ملیۆن کەس کە تا ساڵی ١٩٤٤ گیانیان پارێزراو بوو. سەرەڕای ئەوەی کە هەنگاریا یاسای دژە یەهوودیی واژوو کرد، بەڵام ڕێبەرە ئەڵمانییەکەی ئەم وڵاتە دژایەتیی خۆی پێشان دا لەمەڕ ناردنی یەهوودییەکان بۆ ئۆردووگاکانی مەرگ، کەچی هەموو شتێک لە ئازاری ١٩٤٤ بە داگیرکردنی هەنگاریا لە لایەن ئەڵمانییەکانەوە گۆڕانی بەسەردا هات. لە نێوەندی ئایاری ١٩٤٤ گواستنەوەی یەهوودییەکان بۆ ئاوشۆیتیس دەستی پێ کرد. لە ماوەی ٤٢ ڕۆژدا زیاتر لە ٤٢٠٠٠٠ یەهوودیی هەنگاریا دیاری کران و ڕاستەوخۆ بۆ ئاوشۆیتیس – بیرکنائۆ بەڕێ کران. ڕۆژانە نێزیکەی ١٢٠٠٠ کەس لە بەرامبەر چاوی خەڵکی جیهانەوە بە غاز دەخنکێنران. لە سەرەتای تەممووزی ١٩٤٤دا، سەرۆکی دەوڵەتی هەنگاریا – میکلۆس هۆرتی – بڕیاری دەرکردنی



یەهوودییەکانی پووچەڵ کردەوە، هەرچەندە کە کرداری دژەیەهوودی لەسەر پشت ئەستووریی هاوکار هەنگاریا بوو، ئەم بڕیارە گیانی (٣٠٠٠٠) یەهوودیی لە بووداپست ڕزگار کرد. وڵاتە بێلایەنەکانی وەک سوید، سویسرا و دەوڵەتی ڤاتیکانیش یارمەتییان دەدان، بەڵام لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٤ نزیک بە ٣٠٠٠٠ یەهوودی لە بووداپست گیانیان لەدەست دا لە ڕێپێوانی مەرگ بەرەو سنووری نەمسا یا لە لایەن نازییەکانی پۆڵۆنیاوە بە سەلیبە نووک تیژەکان کوژران. ئیتالیاش لەگەڵ ئەڵمانیا بوو و هەروەک پۆڵۆنیا یاسای دژە یەهوودیی قبووڵ کردبوو. دانیشتووە کەمەکانی ئەم وڵاتە لە دەستی نازییە بکوژەکان لە ئەماندا مانەوە، بەڵام دوای تێکشکانی دەوڵەتی فاشیستی، بینتۆ مۆسۆلۆنی لە




تەممووزی ١٩٤٣ سوپای ئەڵمانیا لەگەڵ دژە یەهوودییە ئیتالییەکان نزیک بە ٨٠٠٠ کەس لەو ٣٥٠٠٠ یەهوودیەی ئیتالیایان بەرەو ئۆردووگای مەرگی ئاوشۆیتیس – بیرکنائۆ بەڕێ کرد. یوگوسلاڤیاش بە دوای داگیرکردنی لەلایەن ئەڵمانیاوە لە نیسانی ١٩٤١ دابەشکرایە سەر چەند بەشێکەوە، ئەوکات نزیک بە ٨٠٠٠٠ یەهوودی لەو وڵاتەدا دەژیان و زیاتر لە ١٦٠٠٠ یەهوودیی سربیا لە بیلگراد دەژیان. ئەڵمانییەکان ناچاریان دەکردن کە لە

زینداندا کار بکەن و کەرەستەکانیان بەتاڵان برا. لە ئابی ١٩٤١ دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵ دەستی پێ کرد و زۆربەی یەهوودییە سربییەکان بە گوللە کوژران. لە بەهاری ١٩٤٢دا سوود لەو ڤارگۆنە گازییانەی نێو ئۆردووگای سملین لە نزیک بیلگراد وەرگیرا. لە هاوینی ١٩٤٢دا تەنیا چەندسەد کەسێکی یەهوودیی سربیا بە زیندوویی مانەوە. دەوڵەتی فاشیستی کرواتیا، ئۆستاشا لە ماوەی شەڕدا یەکی گرت لەگەڵ ئەڵمانیادا. یەهوودییەکان ناچار بوون ئەستێرەی زەردی داوود لە باڵیان بدەن و دەست بەسەر ماڵ و مووڵکیاندا گیرا. ڕژێم بە شێوەیەکی سیستماتیک دەستی کردە کوشتنی سربی، یەهوودی و قەرەجەکان. لە ئۆردووگای دامەزراوی یاسنواک دەیان هەزار سربی و ٢٠٠٠٠ لە ٣٠٠٠٠ یەهوودیی ئەو وڵاتە کوژران. لە کۆتایی تشرینی ١٩٤١دا زۆربەی یەهوودییەکانی کرواتیا کوژران. دواتر ٧٠٠٠ کەس لە یەهوودییەکان نێردرانە ئاوشویتیس. بەگشتی زیاتر لە ٦٠٠٠٠ یەهوودیی یوگسلاڤیا کوژران. یونان لە لایەن ئەڵمانیا و ئیتالیاوە داگیر کرا و یەهوودییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیتالیا تا ساڵی ١٩٤٤ پارێزراو بوون، بە تایبەتی لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی ئەڵمانیادا ٥٠٠٠٠ یەهوودی لە سالۆنیکی وەبەر بەرنامەی بەکۆمەڵکوژی کەوتن. لە ماوەی مانگەکانی نیسان و ئایاری ١٩٤٣، زیاتر لە ٤٠٠٠٠ کەس کرانە دەرەوە و نێردران بۆ ئاوشویتیس – بیرکنائۆ. دوای شەڕ تەنیا ١٠٠٠ یەهوودی گەڕانەوە بۆ سالۆنیکی. ڕێبەری بولغاریا لەبەرامبەر بڕیاری ئەڵمانیا لەمەڕ دەرکردنی زیاتر لە ٥٠٠٠٠ هاووڵاتیی یەهوودی ڕاوەستا و هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو کە ئەوان لە شەڕ و مردن ڕزگاریان بوو. سەرەڕای ئەوەی کە بولغاریا ئیزنی بە ئەڵمانیا دا کە



ئەو یەهوودییانەی ناهاووڵاتین (لە تەراکین و مۆقدۆنیا) بکاتە دەرەوە. بە گشتی ١١٠٠٠ یەهوودی لە هەرێمی ژێر کۆنترۆڵی بولغاریا بردرانە دەرەوە بۆ تربلینکا. لە سەرەتای شەڕدا زیاتر لە ٧٥٠٠٠٠ یەهوودی لە ڕۆمانیا دەژیان و لەو ژمارەیەشدا، ٣٠٠٠٠٠ کەس کە لە هەرێمی بسارابین و ترانینستریا دەژیان زۆربەیان لەبەر برسیەتی و نەبوونی لەنێوچوون و یا لەلایەن سەربازە ڕۆمانییەکانەوە و بە پشتیوانی ئەڵمانییەکان کەوتنە بەر ڕێژنەی گوللە. لە ساڵی ١٩٤٢ زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ یەهوودی کوژران. لە ناوچەی نێوەندی وڵاتدا ٣٠٠٠٠٠ یەهوودی لە شەڕدا بە ساغ و سەلامەتی دەرچوون. ڕژێمی ڕۆمانیای ژێر سەرۆکایەتیی مارشاڵ ئیوان ئەنتۆنسکۆ، سەرەڕای سیاسەتی دژە یەهوودیی خۆی، ڕازی نەبوو بە گواستنەوەی یەهوودییەکان بەرەو ئۆردووگاکانی مەرگ.

## کۆبوونەوە لە ئەسکەندەناڤیا




دوای داگیرکردنی نەرویج لە لایەن ئەڵمانیاوە لە ٩ نیسانی ١٩٤٠، دژایەتیکردنی یەهوودییەکانی نەرویج دەستی پێ کرد. لەگەڵ ئەوەی کە تەنیا ٢٠٠٠ یەهوودی لە نەرویجدا دەژیان، بەڵام بۆ ئەڵمانییەکان وەک ئامانجێکی گرینگ لەقەڵەم دەدرا. لە کۆنفرانسی وانسی لە کانوونی دووەمی ١٩٤٢ کە بۆ

یەکڕەنگی و هەنگاوهەڵێنانەوەی بە پەلە لەمەڕ ڕێگا چارەی کۆتایی مەسەلەی یەهوودییەکان پێک هاتبوو، لیستێک لەو وڵاتانە پێک هات کە یەهوودییان تێیدا دەژیا. هەر لە هەمان مانگدا دەست کرا بە ناساندنی یەهوودییەکانی نەرویج، بەڵام گیران و دەستبەسەرکردنیان تا وەرزی پایز ئەنجام نەدرا. لە کۆتاییەکانی تشرینی یەکەمی ١٩٤٢، چەند سەد پیاوێکی یەهوودیی سەرووی ١٦ ساڵی لە ترۆنرهایم، برگن و ئۆسلۆ دەستبەسەر کران و بەرەو ئۆردووگاکانی مەرگ نێردران و دەست گیرا بەسەر سامان و ماڵیاندا. نزیکەی ١٠٠٠ کەس ڕزگاریان بوو و توانییان ڕوو بکەنە سوید. دەوڵەتی دانیمارک ئامادەنەبوو گرت لە ٧٥٠٠ یەهوودیی هاووڵاتی و پەنابەری خۆی دووربخاتەوە و ئەڵمانییەکانیش نزیکەی سێ ساڵ وازیان لە یەهوودیەکانی ئەم وڵاتە هێنا، بەڵام هیتلەر لە ئابی ١٩٤٣ بڕیاری دا کە بکەونە گیانی یەهوودییەکانی دانیمارکیش. لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگۆیانە، یەهوودییەکانی ئەو وڵاتە بە هاوکاریی ماسیگرە سویدی و دانیمارکییەکان توانییان خۆیان بگەیەننە خاکی سوید. دانیمارک هیچکات وازی لە چارەنووسی ئەو کەسانەی کە بردرابوون بۆ تەرسین ئیستاد نەهێنا و زۆربەی ئەو کەسانە بە زیندوویی مانەوە و دوای شەڕ گەڕانەوە بۆ دانیمارک. ڕێژە کەمەکەی یەهوودییەکانی دانیشتوی فینلەندا کە نزیکەی ٢٠٠٠٠ کەس بوون، وەبەر کۆمەڵکوژیەکە نەکەوتن. بەرپرسانی ئەو وڵاتە خۆیان نەدایە قەرەی سیاسەتی دژە یەهوودیی نازییەکان.



## بڕیارە دەرچووەکان بۆ بەرپرسانی پۆلیسی ناوخۆیی لە سارۆئیلزاس

١– تەنیا یەهوودییە ڕاستەقینەکان دەکرێنە دەرەوە. ئەو کەسانەی کە لەگەڵ یەهوودییەکاندا ژیانی هاوبەشیان پێکهێناوە و یا یەهوودییە دەرەکییەکان – بە مەرجێک کە هاووڵاتیی تایبەت یا وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی ئێمە نەبن – بەر ئەم بڕیارە ناکەون. یەهوودییە بێ نیشتمانەکان بە پێی چوارچێوە گشتییەکان دەستبەسەر دەکرێن. گشت یەهوودییەکان دەگوازرێنەوە، جگە لەو یەهوودییانەی کە توانای هەستانەوەیان لەسەر تەخت نییە.

٢– شوێنی کۆکردنەوەی یەهوودییەکان لە لۆدۆیکسهافن و کاسیدلاوتن و لاندائۆ دیاری کراوە. گیراوەکان بە پاس دەگوازرێنەوە بۆ ئەو شوێنانە و هەر پاسێکیش خاوەن بەرپرسێکی گواستنەوەیە و بە پێی پێویست، پۆلیسێکی یونیفۆرم پۆش یا فەرمانبەرێک دەخرێتە خزمییەوە.

٣– لە شوێنی کۆکردنەوەدا، لیستێک دەدرێت بە بەرپرسی گواستنەوە کە تیایدا پاس و چەکدارەکان لە خزمەتیدان و هەروەها ناوی ئەو کەسانە کە وابڕیارە دەستبەسەر بکرێن، لەم لیستەدا تۆمار کراوە(...).

٥– ئەو بەڕێوەبەرانەی کە زانیاریی تایبەتیان لەمەڕ یەهوودییەکان پێیە، بچنە شوێن و ماڵەکانیانەوە. لە شوێنەکەدا پێویستە بە یەهوودییەکان ڕابگەیەنرێت کە بۆ کردنەدەرەوە دەستبەسەر دەکرێن و دەبێت لە ماوەی دوو کاتژمێردا خۆیان ئامادە بکەن و ئەگەر پرسارییان هەیە سەردانی بەرپرسی دانیشتوو لە شوێنی کۆکردنەوەیان بکەن. دواکەوتنیان سزای بەدواوەیە، دەبێت

دەستگیرکراوەکان لە کاتی پێویستدا ئەم کەلوپەلانەیان خوارەوەیان پێ بێت:

– بۆ هەر یەهوودییەک جانتایەکی سەفەری کە کەرەستەی تایبەتی خۆی تێدا بێت. سەنگی ئەو کەرەستە ڕێگە پێ دراوانە بۆ گەورەکان ٥٠ کیلۆیە و بۆ منداڵانیش ٣٠ کیلۆیە.
– دەستێک جلوبەرگ.
– یەک پەتوو بۆ هەر یەهوودییەک
– خواردەمەنی بۆ چەند ڕۆژێک
– کەوچک و چەتاڵ و قاپ و پەرداخ
– بەلانی زۆرەوە ١٠٠ مارکی (وشک بۆ هەر نەفەرێک)
– پاساپۆرت و بەڵگەنامەی ناسین یا هەر پێناسێکی تر نابێت لەنێو جانتاکەدا بێت و پێویستە بەدەستەوە بگیردرێت.

٧– نابێت ئەم شتانەیان پێ بێت:

– دەفتەری حیساب بانکی
– ئەوراقی گرانبەها (بەنرخ)
– زێڕ و زیو
– وشکە پارە کە لە (١٠٠) مارک زیاتر بێت(...)

٩– پێش لە بەجێ هێشتنی ماڵەوە دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکەن:

– گیانلەبەرانی ماڵی و گیانلەبەرەکانی وەک سەگ و پشیلە و باڵندەکان، دەبێت بدرێنە دەست سەرۆک کۆمۆن، واتە ڕێبەری ناوچەیی و یا پیر یا کەسێکی شیاوی دیکە و دواتر پسوولە وەربگرن.



– مادە خۆراکییە نوێیەکان پێویستە بدرێنە دەست ڕێکخراوی ئاسوودەیی سۆسیالیستی نەتەوەیی خەڵک (NSV)–
– سۆبە و چراکان بکوژێندرێنەوە.
– بەلۆعەکانی ئاو و غاز ببەسترێنەوە.
– فیوزەکانی کارەبا پیویستە لە شوێنەکەیاندا دەربهێنرێن.
– پێویستە کلیلەکانی ماڵ پێکەوە گرێ بدرێن و ناوی خاوەن و شار و گوند و شەقام و ژمارەی ماڵەکەی لەسەر بنووسرێت.
– دەستگیرکراوەکان یەکسەر پێش لە ڕۆیشتن و بەجێ هێشتن پێویستە چەک بکرێن، مادەی تەقینەوە، ژەهر و سەم، دراو و زێڕ و زیویان لێ بستێنرێت.

١٣– دەبێ ڕەفتاری خراپ لەگەڵ یەهوودییە دەستگیراوەکاندا نەکرێ، خۆ بپارێزرێ لەهەر چەشنە سووکایەتییەکی هەست بریندارکەر.

## دوورخستنەوە

دوورخستنەوەی ملیۆنان یەهوودی ئەورووپا بۆ لەنێوبردنیان، کارێکی زەرووری بوو. ئەڵمانییەکان لەبەر چەند هۆکارێک بڕیاری دەستبەسەرکردنی زۆربەی یەهودییەکانیان دا و هەروەها بڕیاری ئەوەش درا کە لە شوێنی ژیانیانیان نەکووژرێن، بەڵکوو ببرێنە ئۆردووگاکانی مەرگی پۆڵۆنیا کە تایبەت بەم کارە دروستکرابوون. بۆ هیتلەر و ڕێبەرانی تر ئەوە ڕوون بووەوە کە دەبێت ئەم کوشتارە بە نهێنی ئەنجام بدرێت. کوشتنی یەهوودییەکانی ڕۆژئاوا و ناوەند و ڕۆژهەڵات نەدەکرا لە نێو نیشتمانەکەیاندا بەڕێوە بچێت، چونکە نازییەکان بۆ هاوکاری، پێویستیان بە خەڵکی ئەو وڵاتانە بوو.

سـەرەڕای ئەوەی کـە بە ملیـۆنان یەهوودی لە پۆڵۆنیـا و بەشـە داگیرکراوەکانی دیکەی سۆڤیەتدا دەژیان، نازییەکان ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە گواستنەوەیان بۆ ئۆردووگاکانی مەرگ لە کوشتنیان بە گوللە ئاسانترێکە. هەروەها هێڵی شەمەندەفەری ئەوروپا بە باشی پەرەی سەندبوو و ئەو هەلەی ڕەخساندبوو کە گواستنەوە و لەنێوبردنی یەهوودییەکان ئاسانبێ بە بێ ئەوەی کە هیچ نیشانەیەک دواتر بەجێ بمێنێت. ئەگەر هاتبایە و ئەو یەک ملیۆن یەهوودییەی کە گوازرانەوە بۆ ئۆردووگای ئاوشۆیتیس – بیرکنائۆ، یەکسەر بە غاز نەکوژرابان، ئەوا ئەو شوێنە دەبوە گەورەترین شاری ئەوروپا. تشرینی یەکەمی ١٩٤٠، ٧٥٠٠ یەهوودی لە بادین وساری ئەڵمانیادا دوور خرانەوە بۆ ئۆردووگایەک لە باشووری فەرەنسا. بەتەمەنترین کەسی ئەم گرووپە پیاوێکی تەمەن ٩٧ ساڵەی خەڵکی کارلسرۆهە بوو. دواتر قەرار وابوو کە زۆربەی ئەم کەسانە لە فەرەنساوە بگوازرێنەوە بۆ پۆڵۆنیا. نزیکەی ١٥ خولەک تا دوو کاتژمێر دەرفەتی ماڵ چۆڵکردنیان پێ درا. لە ڕاپۆرتێکی پۆلیسدا هاتووە کە هەندێک لەم کەسانە سوودیان لەم هەلە وەرگرتوە و خۆیان کوشتوە و بەم شێوەیە ڕزگاریان بووە لە دوورخستنەوە.

دوورخستنەوەی ٩٥٥ کەس لە دانیشتووە یەهوودییەکانی شاری ئۆرێزبێرگی ئەڵمانیا بەرەو ڕۆژهەڵات، لە ٢٥ نیسانی ١٩٤٢ و لەژێر چاودێریی پۆلیس و هێزە نیزامییەکاندا ئەنجام درا. ئەمانە ناچار بوون کە ماڵ و سامانیان بەجێ بهێڵن و هەندێک لەو کۆڵەی کە هەڵیشیان گرتبوو لە وێستگەی ئۆرێزبێرگ بیدەن بە دەستەوە. ئەم کەسانە بۆ ماوەیەکی کاتی گوازرانەوە بۆ ئۆردووگاکانی تراوینکی و ئیزبیکا و دواتر بەرەو ئۆردووگاکانی مەرگی بلزک نێردران.





### ئۆمشلاگ پلاتس

ئۆمشلاگ پلاتس بەو شوێنە ئەوترا کە بۆ دووبارە پیاچوونەوە لە تەنیشت گیتۆکاندا سوودیان لێ وەردەگیرا و زۆرجاران وەک گۆڕەپان یا مەیدانێکی کراوە وەها بوو. ئەم شوێنانە لە گیتۆ بچووکەکاندا بۆ هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە لە مەرگ گەڕابونەوە یا بۆ هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە هێشتاکەش توانای بێگاریکردنیان مابوو، بەکار دەهێنرا. لە گیتۆ گەورەکاندا ئەم شوێنانە زیاتر لە تەنیشت سکەی شەمەندەفەرەکانەوە دروست دەکرا. بۆ ئاسانکردنە دەرەوەش، هێڵێکی زیادی شەمەندەفەر لە وەرشۆوە بۆ ئۆمشلاگ پلاتس ڕاکێشرابوو. لە بەرواری ٢٣ تەمموزی ١٩٤٢، کۆچ پێ کردنی بەکۆمەڵ لە وەرشۆوە بۆ تربلینکا دەستی پێ کرد. هەر ڕۆژەو هەزاران یەهوودی لە نێو گیتۆکاندا کۆدەبوونەوە و ڕێکخستنی ئەم کارەش بەدەست بەڕێوەبەرانی ڕێکخستنی یەهوودییەکان خۆیانەوە بوو کە بە ناچاری هاوکاریی (SS) و هێزە یارمەتیدەرەکانیان دەکرد لە ئۆکرانیا، لیتوانی

و لیتۆ و بڕیارەکانیان جێبەجێ دەکردن. ڕۆژانە دەبوایە ٦٠٠٠ تا ٧٠٠٠ کەس کۆبکرێنەوە. ئەڵمانییەکان بە بەهانەی نان و خۆراک، یەهوودییەکانیان دەکێشایە نێو ئۆمشلاگ پلاتسەوە. هەموو ماڵ و شەقامەکان چۆڵکران و زۆربەی خەڵکی لە تەڵە لەناکاوەکاندا دەستبەسەر کران. ڕۆژی ٥ یا ٦ ئاب، یانۆس کۆرزاک، پزیشک و بەڕێوەبەری پەروەردە و فێرکردن لەگەڵ ٢٠٠ منداڵی هەتیو لە هەتیوخانەکەی گیتۆکەیاندا بردرانە دەرەوە بۆ تربلینکا. کۆرزاک پێشنیاری بوونە ئاریایی و ڕزگاربوونی خۆی قبووڵ نەکرد و لە حاڵێکدا کە منداڵێکی بە باوەشەوە و یەکێکی ترشی بە دەستەوە بوو بەنێو گیتۆکاندا بەرەو ئۆمشلاگ پلاتس ڕۆیشت. لەوێدا هەندێکجار خەڵکی بۆ چەند ڕۆژێک چاوەڕێی خاڵی بوونی ژووره خنکێنەرەکانیان دەکرد. دانپیانانی شاهیدەکان لەبارەی بارودۆخی نالەبار و ترسێنەری ژوورەکانی چاوەڕێی مەرگ، هەنووکەش ماوەتەوە. هەتا نێوەندی ئەیلوول زیاتر لە ٢٥٠٠٠٠ کەس لە ئۆمشلاگ پلاتس بۆ ئۆردووگاکانی مەرگ گوازرانەوە. دواهەمین هەنگاو، هەنگاوی گواستنەوەی یەهوودییەکان بوو لە ئۆمشلاگ پلاتسەوە بەرەو تربلینکا و ئۆردووگاکانی دیکەی پەیوەست بە شۆڕش لە گیتۆ، لە نیسان و ئایاری ١٩٤٣، ئەوکاتی ئیتر وەرشۆ دانیشتووی یەهوودیی تێدا نەمابوو.





ژنان و منداڵان لە ئۆمشلاگ پلاتسی وەرشۆ، لە چاوەڕوانیی گواستنەوەن بۆ ئۆردووگای تربلینکا.
کانونی دووەمی ١٩٤٣

## شوێنێک لە فرمێسک و خوێن

هالینا بێربناوم، لە کۆمەڵکوژییەکە بە ساغ و سەلامەتی ڕزگاری بوو. ئەو کە لە ئۆمشلاگ پلاتس ڕووداوەکەی بە چاوی خۆی بینیبوو، بەم شێوەیە دەیگێڕێتەوە:

"ئەوان ئێمەیان بردە ئۆمشلاگ.... سەد کەس لە ئۆمشلاگ غەرقی خوێن و گریان بووبوون.... دنیا پڕ بووبوو لە دەنگەدەنگ و فیتوی ئەو شەمەندەفەرانەی کە سەدان هەزار یەهوودییان لە دواهەمین وێستگەکاندا دەگواستەوە. گۆڕەپانێکی گەورەی نزیک بینایەک کە پێشتر قوتابخانە بوو، پڕ بوو لە خەڵکی دڵ بریندار و خەفەتبار. زۆربەی ئەم کەسانە لە کارخانە و مەعمەلی ئاریاییییەکان دەژیان و پێناسی هاتوچۆیان بۆ کرابوو و هەتا ئەم دوایانە مافی ژیانیانهەبوو. ئەوان هەروەک هەمیشە لەگەڵ کەسانی (SS) دەچوونە ماڵە خزمەکانیان، ئەو خزم و کەسوکارانەی کە بەدوای تاڵانکردنی کەلوپەلەکانیان لەوێڕا گوازرابوونەوە، بەڵام ئەوڕۆ کە گەڕابوونەوە

ماڵەوە تووشی هێرشی لەناکاو بووبوون. ئێمە بە دڵگرانییەوە چاوەڕوانی ڕووداوی دواتر بووین، سەرەڕای ئەوەی کە سەیری دەوروبەری خۆمان دەکرد، بە دوای ڕێگایەکی ڕزگاربووندا دەگەڕاین. باوکم کە ئێمەی توند لە ئامێز گرتبوو، سەرەتا دایکم و دواتر براکەم و منی ماچ کرد. دەستی ئێمەی بە توندی گرتبوو کە نەبادا لێی جیاببینەوە. ئەو بە تایبەت ئاگاداری دایکم بوو کە بە پەشۆکاوی لە هەوڵی جیاکردنەوەی ئێمەی لە خەڵکەکە بوو. ئەو دەیهەویست ڕێگایەک بدۆزێتەوە و بە نهێنی بمانباتە بینای قوتابخانەکەوە کە تیایدا فەرمانبەرەکانی نەخۆشخانە و پۆلیسە یەهوودییەکان کاریان دەکرد. دەیهەویست تیایدا بمانشارێتەوە تا نەتوانن بمانبەنە نێو ڤارگۆنەکانەوە. باوکم بە شێوەیەک غەمبار و شێواو بوو کە تەنانەت نەیدەتوانی بیر لە هەڵاتن بکاتەوە، تەنیا کارێک کە توانیی بیکات، پێشاندانی پێناسەکەی خۆی بوو کە تا دوایین ساتیش وا بیری دەکردەوە کە بە نیشاندانی، هەموومان ڕزگار دەبین. ئەو دەترسا و وا بیری دەکردەوە کە بە سەرپێچیکردن لە فەرمانەکانیان، نازییەکان زووتر دەست لە ناوبردنمان دەکەن. دایکم جیاواز بوو، هەربۆیە من هەموودەم لە نزیک ئەوەوە دەوەستام و باوەڕم وابوو کە ئەو لە خراپترین بارودۆخدا ڕزگارمان دەکات(...)، لە تەنیشت باوکمدا هەستێکی تەواو جیاوازترم هەبوو و لە ئۆمشلاگ هەمان بارودۆخ هاتە پێشەوە. پێشتر هیچکات فارگۆنە بارییەکان لە ڕۆژدا بەم شێوەیە کۆنەدەکرانەوە. ئێمە وەها بیرمان دەکردەوە کە ناچار دەبین تەواوی شەو لە ئۆمشلاگ چاوەڕێ بین هەتا بەیانی بۆ ئەوەی شەمەندەفەرێک بگاتەجێ. هەر ئەمە ڕێگای بۆ خۆش کردین کە لە گیتۆدا خۆمان لە ژێرزەمینێکدا بشارینەوە، ئەوکاتە چاومان بە ڕەشاشێک کەوت کە لە



نێوەندی گۆڕەپانەکە ڕووی لەو خەڵکە بوو کە دەنگی ترس و شڵەژانیان لێیانەوە بەرز بووبووەوە. هەرچەندە کە لای هەمووان ڕوون و ئاشکرا بوو کە چ ڕوو دەدات، بەڵام کەس بوێری و ئەو جورئەتەی نەبوو هاوار بکات یا بگریت. بێدەنگییەکی سەیر و ترسناک باڵی کێشا بەسەریاندا. یەکتریمان گرتە باوەش، باوکم، دایکم و من و هیلک. سەیری یەکتریمان کرد کە هەروەک بۆ دواجار بێت(...)، هەروەک بڵێیت کە پێش لە تاریک بوون بمانهەوێت ڕووخساری خۆشەویستانمان لە ناو بیری خۆماندا بنەخشێنین. هەموو ئەو شتانەی کە بۆیان ژیابووین و هەوڵمان بۆیان دابوو مانای خۆیان لەدەست دابوو. باوکم نیوەلەخۆچوو و دایکیشم – هەروەک هەمیشە – هێمن بوو. ئەو تەنانەت بەزەردەخەنەوە سەیری دەکردم و بە گوێیدا چپاندم:"مەترسە، هەموو دەمرن، بەڵام ئێمە یەکجار دەمرین(...) و ئێمە پێکەوە دەمرین، کەوایە مەترسە، زۆر ترسناک نییە(...)."



دیمەنێک لە ئۆمشلاگ پلاتس بەدیار دەکەوێت. ئەو خەڵکەی کە لە وێنەکەدا دەبینرێن – پیاوان لە لای ڕاست و ژنان و منداڵان لە لای چەپ – لە چاوەڕوانی تربلینکا دان. بیناکەی لای چەپ بۆ ئەوە سوودی لێ وەردەگیرا کە جێگای نەخۆش و چاوەڕوانیکەرانی ئۆردووگای مەرگ بوون. بیناکەی لای ڕاستیش گرووپی گشتاپۆی لە

ئۆمشلاگ پلاتس تێدا بوون. ئەم دوو بینایە هەنووکەش ماون.

"پۆلیسی بەرلین بە بیانووی ئۆلەمپیکی بەرلین سەدان قەرەجی لە مانگی مای ١٩٣٦ دەستبەسەرکرد و هەموو بنەماڵەکانیان بە فارغۆن و ئەسپ و کەرەستەکانی دیکەی هاتوچۆ گواستەوە بۆ شوێنێک کە لە لایەکەوە شوێنی کۆکردنەوەی زبڵ و لە لایەکی تریشەوە بە گۆڕستان دەورە درابوو. هەر بە زوویی تێلدڕوویان بە دەوری شوێنەکەدا کێشا. لە ڕاستیدا ئۆردووگای کۆکردنەوەی قەرەجەکان لە شارۆچکەیەکی دەرەوەی بەرلین دروست کرا. چەند ساڵ دواتر لە تەمبەڵخانە و ئاسایشگاکانەوە (بە قەولی ئەڵمانییەکان) کە لە نزیک شارەکانی ئەڵمانیادا بینا کرابوون، هەزاران قەرەجیان بەرەو ئۆردووگاکانی مەرگ نارد لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا."

سائول فریدلاندر

لە ڕزگاربووەکان و پرۆفیسۆر لە مێژووی ڕەشەکوژیی یەهوودییەکان

## کردنەدەرەوەی قەرەجەکان

بۆ کوشتنی قەرەجەکان پاساوی ئایدۆلۆژیک هەبوو. سەرۆکی (SS) هێنریش هیملێر، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە قەرەجگەلێک هەبوون کە لە نەژادی پاک بوون و بە کورە مامەکانی ئارییایییەکان لەقەڵەم دەدرێن هەربۆیە دەبووایە بپارێزرێن. ئەوان دەبێت بناسرێن و لە شوێنە پارێزراوەکان کۆبکرێنەوە. ئەرکی لێکۆڵەرەوانی نەژادی لە پلەی یەکەمدا ئەوەبوو هەڵبژێرن کە چ کەسانێک خاوەن ئەو ڕێژە خوێنییەی



قەرەجن کە لە نەژادی تێکەڵاون و ناکرێ ئەوان وەک ئارییایی قبووڵ بکرێن و دەرکەوت کە زۆرینەیان لەم کەسانەن و لە چینە خراپەکانی کۆمەڵگادان، بۆیە ئۆتۆمۆبیلی بۆرۆکراسی ئەڵمانیا وەجووڵە دەکەوت کە بە لانیکەمەوە بە بێ ڕیزپەڕ، گواستنەوە لە پلەی یەکەمدا بۆ گیتۆکانی یەهوودییەکان و دواتریش بۆ ئۆردووگاکانی مەرگ کۆتایی پێ دەهات. تاقیکردنەوەی پزیشکییە ناودارەکان لە ئاوشۆیتیس تەنیا لەسەر یەهوودییەکان ئەنجام نەدەدرا، بەڵکوو ئەم تاقیکردنەوەیە منداڵە قەرەجەکانیشی دەگرتەوە. زیاتر لە ٨٠٠٠٠ قەرەج لەوێدا کوژران. زۆرجار لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات، کوشتنی بە کۆمەڵی قەرەجەکان لە شەڕەکان و دەرەوەی گوندەکان، زۆرجار لە لایەن فاشیستە ناوخۆکانەوە، کارێکی ئاسایی بوو. قەرەجەکان لە کرواتیا بەلانیکەمەوە بە تەواوی ڕیشەکێش کران. تەنانەت ئەوڕۆکەش دیار نییە کە چەندە قەرەج بە دەستی نازی و هاوکار و هاوپەیمانەکانیان لە وڵاتە جیاوازەکاندا کوژران. هۆکاری ئەمەش نەبوونی لێکۆڵینەوەی تەواو و ناتەواوی لە سەرچاوەی زانیارییەکان و دڵنیا نەبوون لە ژمارەی قەرەجەکان پێش و پاش شەڕ بوو. بەلانیکەمەوە ژمارەی کوژراوەکان بە ٢٠٠٠٠٠ کەس مەزندە دەکرێت، بەڵام چەند لێکۆڵەرێک ژمارەی قوربانییەکانیان بە ٦٠٠٠٠٠ کەس ڕاگەیاندوە. ڕەنگە ٢٥٪ تا ٥٠٪ قەرەجەکانی ئەوروپا لە ماوەی شەڕدا کوژرا بن و ئەو قەرەجانەی کە بە زیندوویی لە ئەڵمانیا و وڵاتانی دیکە مانەوە و بەهیچ جۆرێک قەرەبوو نەکرانەوە. تەنانەت ئەوڕۆکەش قەرەجەکان یەکێک لە گرووپە هۆزیەکانی ئەوروپان کە کەوتوونەتە بەر زیاترین توندوتیژی و لادانی نەژادییەوە.



پسپۆڕێک له بواری دەرد و ئازاری قەرەجەکان

ئاوا یۆستین، یاریدەدەری ڕۆبێرت ڕیتەر، دیارترین پسپۆڕی پزیشکی بواری دەرد و ئازاری قەرەجەکان بوو. ڕیتەر لە بنەڕەتدا دەروونناسی منداڵان بوو و لە مەڕ بیۆلۆژی تاوانەوە پسپۆڕیەتیی وەرگرتبوو. خاڵی دەسپێکی بیۆلۆژی تاوان ئەوە بوو کە نیشانەکای پشتاوپشتی بیۆلۆژیکی، پاڵنەری ڕەفتارە خراپ و تاوانکارەکانن. ڕیتەر ڕای گەیاند کە قەرەجەکان لە سەرەتادا لە نەژادی ئارییی بوونە، بەڵام ئەو تایبەتمەندییە باشەی ئەوان لە ڕێگەی تێکەڵی نەژادی لەگەڵ خەڵکی کەمبەها و لە ماوەی سەفەر و کۆچەکانیاندا لەنێو چووە. بە پێی گوتەی ئەو، ئەمەش هۆکاری ڕەفتارە تاوانباری و کۆمەڵایەتییەکانی قەرەجەکان بوو. یۆستین هەر لە کاتی یاریدەدەریشیدا خەریکی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بوو. لەوانە ٣٩ منداڵی هەتیوی قەرەج لە خێوەتگەیەکی کاتۆلیک هێڵرانەوە تا یۆستین بتوانێت نامەی کۆتایی تێزەکەی تەواو بکات. کاتێک لێکۆڵینەوەکانی تەواوبوون، ئەم منداڵانە لە مانگی مایی ١٩٤٤دا بەرەو ئۆردووگاکانی مەرگی ئاوشۆیتیس و بیرکنائۆ نێردران. زۆربەیان



لەگەڵ ٢٩٠٠ قەرەجی دیکە لە شەوی سێیەمی ئابی ١٩٤٤ لە ژوورەکانی غازدا کوژران.

"ڕیتەر ئەم کارەی بە ئاسانی و بە باشی ئەنجام دا. لەوێدا کەسەکان یەک لە دوای یەک دەهاتنە ژوورەوە و بە نۆرە لەسەر کورسییەکە دادەنیشتن. دواتر ئەو بەراوردی چاوی منداڵەکانی دەکرد و چەند پرسیارێکی لە هەمووومان دەکرد و یۆستینیش هەموو بابەتەکانی دەنووسییەوە و دواتر دەبووایە زاری خۆمان بکەینەوە و بەو دەزگایەی کە هەیبوو هەموو شوێنەکانی قورگ و کونەکانی لووت و کۆڵەگەی لووت و نێوان چاوەکان و برۆ و گوێی ناوەوە و دەرەوە و گەردەن و دەستەکان و (...) و هەر شوێنێک کە ویستبای دیاریی دەکرد و دەیپشکنی."

جۆزێف ڕینهارت
قەرەجی ئەڵمانی کە لە بارەی لێکۆڵینەوەکانی
"بیۆلۆژیی نەژادییەوە باس دەکات".

## لەنێو حوکمدراوەکان

کاڵک پرشۆندنیک، ناچار بوو ژن و کچەکەی سواری شەمەندەفەرێکی ڕێگای ئۆردووگای مەرگ بکات. ئەو دەنووسێت:

"تۆ لە فارگۆنی چوارەمی ئاژەڵان سەبارەت بە لۆکۆمۆتیو دایت. لە تەواوی ئەم ڤارگۆنانە کە پڕن لە ژن و منداڵ تەنیا دوو پیاو هەن، ئایا ئەمانە لایەنگرانی تۆن؟ تۆ لە سەر کورسییە دارینەکە دانیشتووی و قاچی لەسەر قاچ داناوە و ئاڵۆسکاشت لە باوەشدایە. ئایا لەبەر


ئەوەی زۆر درەنگە منداڵەکـە خـەوتوە؟ ڕەنگە ئەو لە کـەمـیـی هـەواو و گەرمیی هەوای شەوی مانگی ئابدا لە حاڵی خنکاندایە؟!(...)

تۆ بە تەنیا لەنێو تاوانبارەکان دانیشتووی، ڕەنگە تەنیا هۆکاری دڵگەرمیی من ئەوە بێت کە لەم چارەنووسەدا تەنیا نیم؟ نا، تۆ بیر لەوە ناکەیتەوە. لەوێ دانیشتووی و دەرک بە هۆکارەکەی ناکەیت. چۆن شتێکی وەها ڕوودەدات کە کالینکای تۆ کە دە ساڵ خۆشی ویستی و هەموودەم پێت وەفادار بوو، بیری لە تۆ کردووەتەوە و هەموو ئارەزووەکانتی هێناوەتە دی، خیانەتی لێ نەکردوویت و ئیزنی ئەوەی داوە کە تۆ لە ڤارگۆنی گیانلەبەراندا سوار بیت لە کاتێکدا کە خۆی ماوەتەوە(...). دەزانم کە دەستەکانی خۆت گرمۆڵە دەکەیت و شەپۆلێک نەفرەت لەلات دروست دەبێت، سەبارەت بە ئالۆسکا. بەهەر حاڵ ئەو کچی ئەو پیاوەیە. بۆ دەبێت ئەو لێرە، واتە لە لای من بێت؟! تۆ هەڵدەستی و دەتەوێت منداڵە بچکۆلەکە لە پەنجەرەکەوە فڕێ بدەیتە دەرەوە.

ئانکا، ئانکا... ئەم کارە ئەنجام بدە بە بێ ئەوەی کە دەستت بلەرزێت، منداڵەکە فڕێ بدە دەرەوە. ڕەنگە منداڵەکە وەبن شەمەندەفەرەکە بکەوێت و لەتوپەت خاش بێت یا ئەگەر خوایەک لەم جیهانەدا هەبێ ئەوا فەرشێکی نادیاری بۆ پان دەکاتەوە، تا هیچی لێ نەیەت. ڕەنگە ئالۆسکای تۆ بە نەرمی بەر زەوییەکە بکەوێت و هیچی بەسەر نەیەت و دوور لە سکەی شەمەندەفەرەکەوە خەوی لێ بکەوێ و سبەینێ مەسیحییەکی دلۆڤان کە عاشقی فریشتە ئاسای ڕوخساری بووە لەسەر زەوییەکە هەڵی گرێتەوە و لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە بۆ ماڵەوە و وەک کچی خۆی بەخێوی بکات. ئەم کارە ئەنجام بدە، ئەم کارە



ئەنجام بدە! بۆ یەک خولەکیش گومان مەکە!"




ئەم وێنەیە لە لایەن ئالا لیبرمەن – شیبر – کێشراوە.

ئەو لە بەرلین لەدایک بووە و ١٧ مانگ لە ئاوشۆیتیس – بیرکنائۆ بەند کرابوو و لە ئایاری ١٩٤٥ لە تەمەنی ١٧ سالیدا ئازاد کرا.

ئەو بیرەوەری و ڕوانگەی خۆی لە ٩٣ نیگاردا خستووەتە ڕوو.

## لێکجیابوونەوەکان

ڕۆژی ١٢ تەمموزی ١٩٤٢، هێرتا یۆسیاس لە هامبۆرگەوە نامەیەکی بۆ کچە ١٧ ساڵانەکەی خۆی بە ناوی هانیلۆرا کە لەگەڵ خوشکەکەی خۆی واتە ئینگلین کە لە مێرلودی سویددا دەژیان، نووسی. ئەو دەزانێت کە بڕیار وایە دوور بخرێتەوە، بەڵام نازانێت بەرەو کوێ. ئەو بەم شێوەیە دەنووسێت:

"هانلە... خۆشەویستەکەم، هەنووکە داوات لێ دەکەم کە بە باشی چاودێریی ئینگلین بکەیت. تۆ دەبێت بۆ ئەو، هەم باوک بیت و هەم دایک. پێکەوە بن و ئاگات لێی بێت. کچە گەورەکەم... ئیتر من پشت

بە تۆ دەبەستم. ماوەیەک ئاگامان لە یەکتری نابێت، بەڵام لە هەلێکدا بە زووترین کات نامەت بۆ دەنێرم."



هێرتایۆسیاس بەو هیوایەیە کە خودا کچەکانی لە تەنیشت خۆیدا دەپارێزێت و لەبیری ناکەن و بەمشێوەیە کۆتایی بە نامەکە دەهێنێت. ئەم جۆرە نامانە لە لایەن حوکمدراوەکانی مەرگەوە دەنووسرا کە دەیانزانی دەمرن.

نامەی وەها زۆر بەجێ ماون کە سەلمێنەری ڕاستییەکانن و ڕاستیی ئەو بنەماڵە یەهوودی و قەرەج و گەڕۆکەکانە کە لە سەردەمی نازییەکاندا دەژیان، دەگێڕنەوە. منداڵان لە باوک و دایکیان و باوک و دایکەکان لە منداڵەکانیان جیادەبنەوە. ئەوانەی کە بنەماڵەکانیان لێک جودا دەکردنەوە خاوەن ماڵ ومنداڵ بوون. وایێ دەچێت کە ئەم کارە کاریگەریی لەسەری دانەنابن. پزیشکەکان لە ئاوشۆیتیس بە دوای کارەکەیاندا دەڕۆیشتنەوە لای ژن و منداڵەکانیان کە لە نزیکی ئۆردووگادا دەژیان. ڕەنگە ئەوانە چەند خولەکێک دواتر هەزاران دایک و منداڵیان بەرەو مەرگ ناردبێت، چۆن دەیانتوانی مانگ بە مانگ ئەم کارە دووبارە بکەنەوە لە کاتێکدا کە ژن و منداڵەکانیان بە باوکانی دلۆڤان و هاوسەرانی باش دایان دەنان. پرسیار لە ئەندازیارێکی



ئەڵمانی بە ناوی هێرمن فردریش گرابە کرا کە بۆچی لەماوەی شەڕدا یەهوودییەکانی ڕزگار دەکرد؟ ئەو نەیدەتوانی شی بکاتەوە کە چۆن و بۆچی، بەڵام وتی کە دایکی لە بنەماڵەیەکی ئاسایی و سادە گەورە بووبوو و بۆ ئەو گرنگییەکی زۆری هەبوو. جارێکیان و لە تافی منداڵیدا ئەو و چەند منداڵێکی دیکە ئازار و ئەزیەتی پیرەژنێکی یەهوودییان دابوو. گرابە، بەم شێوەیە ئەو چیرۆکەی گێڕایەوە:

دایکم پێی وتم: هیچکات نابێت کارێکی وەها بکەی و بۆچی ئەم کارەت کردووە؟ و منیش لە وەڵامدا وتم: چونکە ئەوانی تریش ئەم کارەیان کرد. هەروەها دووبارە دایکم زۆر بە جیددیەوە وتی: تۆ وەکوو ئەوان نیت، بەڵکوو تۆ کوڕی منیت و نابێت هیچکات ئەم کارە دووبارە بکەیتەوە و ئەگەر دووبارەی بکەیتەوە ئەوا لەگەڵ من ڕووبەڕوو دەبیت و دەزانیت کە چیت لێ دەکەم. ئایا حەزت لێ بوو کە لە جیاتی ئەو پیرەژنە بووایەی؟

منیش وەڵامم دایەوە: نا...

ئەویش وتی: کەواتە بۆ ئەو کارەت کرد و ئیتر نابێت ئەم کارە دووبارە بکەیتەوە. ئەو ژنەش هەست و سۆزی هەیە و وەکوو من و تۆ دڵی هەیە. ئیتر ئەم کارە دووبارە مەکەوە. بەمشێوەیە دایکم کاریگەری لەسەر دانام. ئەو گوتی:« لە ڕووی کار و مەزهەبەوە بۆ خەڵک مەڕوانە» ئەوەی کە بڵێین ئەم بابەتە لە هەموو تاکەکاندا هەیە، ئەوا ڕەنگە کەمێک بەهەڵەدا چووبین و زیادەڕۆیی بێت، بەڵام پەروەردە هۆکارێکی زۆر گرینگە و ناکرێ وەبەر چاو نەگیرێ.

## ماڵئاوایی

شەمەندەفەرەکان هەمـوودەم لە جووڵەدا بوون. تێرز مۆلێر کە لە ئاوشۆیتیس بە سەلامەتی دەرچووە بەمشێوەیە چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە: "لە پەنجەرەیەکی بچکۆلانە کە چەند شتێکی ئاسنی هەبوون تیشکی خۆر لێی دەدایین. ئێمە شاخ و داری کوێستانێک دەبینین کە بە بەرچاوماندا تێ دەپەڕن. ئەو دارانە چ پەیامێکیان بۆ ئێمە هەیە؟ دەنگی گوێ کەڕکەری سکەی شەمەندەفەرەکە و دەنگی نالەباری گۆڕینی ڕێڕەوەکەی چ شتێکمان پێ دەڵێت؟ تەنانەت من ئێستا یەکە بەیەکی خەڵکەکە نابینم و هەموویان وەکوو گەواڵەیەکی هەور و تەم ئەبینم. هەموویان یا چاوەڕێن یا خەوتوون. بێدەنگییەکی تەواو زاڵە، ئەم خەڵکە وەکوو بنەماڵەی ئێمەن. بەرامبەر بە یەکتری هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەزانین کە ئەمە ماڵئاواییە. من بێگومانم لەوەی کە هەندێکمان تیا دەچین هەربۆیە هەوڵی ئەوە دەدەین کە لەگەڵ هەر شتێکدا وەک خۆی ڕەفتار بکەین. دەمەو بەیانە.. دایکم دەستی لەنێو دەستمدایە، ئەمە ماڵئاواییە."

نووسراوێک بە قەڵەم دار، لەسەر ڤارگۆنێکی ئاخێنراو

لێرە لەم ڤارگۆندا...

منم، ئاوا لەگەڵ کوڕە گەورەکەم کائین،

گەر منداڵی ئادامت بینی پێی بڵێن کە منم....

دان پاکیز

وەرگێڕانی ئاوا ئۆکربری

"ئەوان چاوەڕوانی خرابترین کارەساتن، ئەوان چاوەڕێی موعجیزە نین."

شارلۆت ڕلبۆ



کوڕێک لەگەڵ بنەماڵەکەیدا لە گیتۆی لۆدۆس، لە سپتەمبەری ١٩٤٢دا ماڵئاوایی دەکات. ئەڵمانییەکان فەرمانیان داوە کە دەبێت ژمارەی خەڵکی نێو گیتۆکان کەم بکرێتەوە. تەنیا ئەوانەی کە توانای کاریان هەیە دەبێت بمێننەوە، هەربۆیە لە نێوان ٥ تا ١٢ سپتەمبەری ١٩٤٢، زیاتر لە ١٥٠٠٠ نەخۆش، پیری تەمەن سەرووی ٦٥ ساڵان و منداڵانی ژێر تەمەن ١٠ ساڵ لە گیتۆ بەرەو ئۆردووگای مەرگی شلمنۆ، لە نزیکی ٧٠ کیلۆمەتریی باشووری ڕۆژئاوای لۆدۆس گوازرانەوە. لەوێدا بە هۆی دووکەڵی ئیگزۆسی ئۆتۆمۆبیلە گەورە داپۆشراوەکانی تایبەت بەم کارە خنکێنران. دواتر ڤارگۆنەکان دەچنە ناوچەیەکی ئازادەوە و لاشەکان دەبەن بۆ ئەوەی لەوێدا و لە نزیک دارستانەکە بیانسووتێنن.



## دوورخستنەوە بە پاپۆڕی (SS) دۆنائۆ

بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٦ تشرینی دووەمی ١٩٤٢، ٥٣٢ یەهوودی – نەرویجی، سواری عەرشی پاپۆڕی ئەڵمانی (SS) دونائۆ بوون کە هەمان ڕۆژ بەندەری ئۆسلۆی بەجێ هێشتبوو. ئەم گرووپە لە ڕۆژی یەکی کانوونی یەکەم، چوونە نێو ئۆردووگای ئاوشۆیتیس. هەموو ژن و منداڵەکانیان بە زووترین کات لە شوێنێک بە ناوی "حەشارگەی ژمارە

دوو" لە بیرکنائۆ بە غاز خنکاند و پیاوەکانیان ناچار بە ئەنجامدانی کاری قورس و تاقەتپڕووکێنی کرد. ئەڵمانییەکان و هاوپەیمانە نەرویجییەکانیان، هیچکات لە گەڕان بە دوای یەهوودییەکاندا، ماندوو نەبوون و لە ساڵی ١٩٤٤ بەگشتی ٧٧٠ یەهوودی نەرویجی بردرانە نێو ئاوشۆتیسەوە و تەنیا ٢٤ کەسیان بە زیندوویی مانەوە. چالاکیی ڕزگارکردنی یەهوودییەکان ئەوانی نەگرتەوە، بەڵکوو دوای ئازدکردنیان ناچار بوون خۆیان بگەیەننە نەرویج.

## لە دەستدانی هەموو بوونێک

هێرمن ساشنۆیتیس لە ڕەشەکوژییەکە ڕزگای بوو. ڕزگاربوونەکەی کە کاردانەوەیەکی زۆری هەبوو، لەسەری بەمشێوەیە دەیگێڕێتەوە: "نیوەڕو بوو کە ئێمە چووینە نێو ئۆسلۆوە، ڕۆژێکی پڕ اتەپوتۆز و ماندووکەر بوو. دەنگی هۆڕنی هێرشی ئاسمانی دەکەوتە بەر گوێمان. خەڵکی سیڤیل مافی ئاگاداربوونیان لەم کارەساتە نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک لە خەڵک لە پشت حەساری تەنگ پێهەڵچنراوی بەندەری ئەمریکاوە ئامادە بوون. هاوڕێ نەرویجییەکانم لەپشت پەنجەرەی ڤارگۆنی نەخۆشەکانەوە دەبینی. شتی ترم بینی، جەستەی بەرز و خۆڵاوی و پاپۆڕێک لە دووری حەوت یا هەشت مەتر کە هی " (SS) دوونائۆر ئاوس بێرمەن" بوو. لەنێو پاپۆڕی بەندییەکاندا سرتەی پیاوێکمان گوێ لێ بوو کە شتێکی لەبارەی ژنان و پیاوان دەگوت و ئێمە تێ گەیشتین کە ژن و منداڵەکانیش دەستبەسەر کراون. پرۆفیسۆر ئیپستین تەواو کەوتە سەر زەوییەکە و بە تەواوی ڕق و کینەی بەدەرکەوت. هەموومان لەهۆش خۆمان چووین، هەروەها منیش. ئێمە ئیتر ئەو هێزە ئەڵمانییەمان نەبینییەوە کە پاسەوانمان




بوون، چونکە سەربازە یەکبەرگەکان، جێگایان گرتبوونەوە ڕەنگ سەوزەکان. ژمارەیان وەک شانە میرووله لە ژمارتن نەدەهات. ئەوان لەبەر هات و هاواری شێتانەی ئەفسەرەکانیان لە ڤارگۆنەکان دەریانهێناین و بەرەو بەندەرەکە و لای ئەو پلیکانانە ڕاپێچییان کردین کە دەڕۆیشتنەوە سەر عەرشی پاپۆڕەکە. ئێمە کە نەخۆش بووین لە دوای ئاپۆرەی خەڵکەکەوە بووین و هەموو شتێکمان دەبینی. ژن و منداڵ و پیاوان لە بەربەرەکانی و خەباتێکی بێسوودا بوون دژی دەسەڵاتی تووڕە و دڵڕەق، بەقەدرا ئەڵقەیەکی ئاسنین بەدەوری مرۆڤە بێ بەختەکان. بۆ ئێمە کە لە وڵاتێکدا گەورە بووبووین کە مرۆڤدۆستی یەکەمین و گەورەترین تایبەتمەندیی بوو، ئەم دیاردە و دیمەنە ترسناکە وەحشیانەیە لە خەونێکی ناخۆش دەچوو. ئەمەش گەورەترین شۆک بوو کە بە ئێمە کەوت و هیچکات لەو باوەڕەدا نەبووین کە شتێکی کارەساتبارتر لەمە ڕوو بداتەوە. زیاتر لە ٦٠٠ مرۆڤ کە لە ژیانی نێو دەوڵەتدا پشت ئەستوور بوون بە حکوومەتی یاسایی، لە هەموو شتێکی خۆیان، ئازادی، نیشتمان لە هەمووشیان خراپتر بەهای مرۆڤایەتیی خۆیان بێ بەش بووبوون. غلۆر دەکرانەوە و شەقیان تێهەڵدەدان و ئەوان دەگریان و دەپاڕانەوە بۆ ئەوەی سواری پاپۆڕەکە نەبن، چونکە دەیانزانی چ داهاتوویەک چاوەڕوانیانە کە ئەویش دوورخستنەوەیە. خۆیان بەسەر شوێنگەی چاوەڕوانی بەندەرەکەدا شۆڕ دەکردەوە و قژی خۆیان دەڕنییەوە و هاواریان دەکرد و داوای لێبووردنیان دەکرد، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی نەبوو. سەربازەکان بە سیلاحە نووک ئاسنین و باتۆمە پلاستیکییەکانیان دادەگژانە ئەو خەڵکە. دایکە منداڵ لەبەر و ژنە حامیلەکانیان پاڵ پێوەدەنا و لێیان دەدان. پۆشاکەکانیان دەدڕا ، بەجۆرێک کە هەموو جەستەیان

دەبینرا. منداڵە بچووکەکان دەکەوتنە سەر زەوەییەکە. ڕاست لە کاتی ئەو ڕووداوانە، «هێشتا دیمەنەکان لەیادمن» ئاپۆرەیەک لە پیاوان و ژنانی بەساڵاچوو و نەخۆش بە هێمنی و سەری شۆڕەوە لە جووڵەدا بوون و لە پلیکانەکانەوە وەسەر دەکەوتن و هەروەک بڵێیت چارەنووسی خۆیان بەدوور نەدەزانی؟ تێگەیشتنیان زیاتر لەهی ئێمە گەنجان بوو. ئەوان مێژووی ئەفراندنی خۆیان دەزانی، خۆیان بە مردوو دادەنا.

## ڕێرەوی شەمەندەفەرە تایبەتییەکان

هێڵی ئاسنینی ئەورووپا ڕۆڵێکی دیاریکەری هەبوو لە هەنگاوەکانی کۆمەڵکوژیی یەهوودییەکان. چەندین ملیۆن کەس لەسەرتاسەری ئەورووپا بە شەمەندەفەرە تایبەتییەکان و لە ڤارگونە نەفەرهەڵگر و بمرەکاندا بۆ گیتۆکان، گوازرانەوە بۆ شوێنەکانی ئیعدام، کەمپەکانی گلێرکردنەوە و ئۆردووگاکانی مەرگ. ڕەشەکوژی یەهوودییەکان بە بۆ ئەڵمانیای نازی گرینگ بوو بەڕادەیەک کە پێویست بوو سەربازەکان تەواو هەوڵ بدەن ئەم جووڵە جووڵەی گواستنەوە و هێنان و بردنە. (SS) شەمەندەفەرەکانی وەردەگرت و یەهوودییەکانیان ناچار دەکرد بە پارەی خۆیان بلیت بکڕن و دواتریش یەکسەر بۆ ئۆردووگاکان. بۆ لەنێوبردن دەبووایە کرێی هێنان و خەرجکردنەکان لە لایەن خودی یەهوودییەکان خۆیانەوە بێت. نەخشەکە ئەو هێڵە ئاسنینە پێشان دەدات کە لە پۆڵۆنیاو بەرەو تربلینکا یەهودییەکانیان بەسەردا دەگواستەوە، لە خوارووتری چەدوەلەکە جووڵەی ئەم شەمەندەفەرە تایبەتیانە پێشان دراوە. شەمەندەفەرەکەی ژیدلویچ لە ڕێکەوتی ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٤٢ بە ٨٠٠ تەنەوە دەردەچوو و ڕۆژی دواتر لە کاتژمێری






١١:٢٤ خوولەکدا دەچوە نێو تربلینکاوە. شەمەندەفەرەکە بە خاڵی و بە ٦٠٠ تەن بارەوە دوای نیوەشەو دەگەڕێتەوە بۆ کۆزلنیس. جارێکی دیکە بە خێراییەکی تەواوەوە بۆ شوێنی مەبەستی واتە تربلینکا دەگەڕایەوە. ئەم بەرنامەیە لە تەممووزی ١٩٤٣ تا ئابی ١٩٤٣ هەموو ڕۆژێک دووبارە دەبووەوە.

" – وێدمەن، ئایا ئەنستیتۆی تەکنیکی تاوان دەتوانێت هەندێک ژەهرمان بۆ پەیدا بکات؟

+ بۆ چ مەبەستێک؟! بۆ کوشتنی مرۆڤەکان؟

– نا

+ بۆ کوشتنی ئاژەڵەکان؟

– نا

+ کەواتە بۆچی؟!

– بۆ کوشتنی ئاژەڵە مرۆڤ ئاساکان، بە مانایەکی دیکە، نەخۆشە دەروونییەکان کە ئیتر ناتوانین وەک مرۆڤ لەقەڵەمیان بدەین و پێ ناچێت کە هیچکات باش بن."

گفتوگۆی دکتۆر ئالبێرت وێرمەن،
سەرۆکی بەشی کیمیایی و ئەنیستیتۆی تەکنیکی و تاوان
لەگەڵ فەرمانبەرێکی شوێنکاری ئادۆلف هیتلەر
جوولای ۱۹۳۸

## کۆمەڵکوژی دەست پێ دەکات

کوشتاری سیستماتیکی یەهوودی و قەرەجەکان لە ئەورووپادا بە پێی بڕیاری دەوڵەت، بە کوشتنی کەم ئەندام و ناتەواوەکان دەستی پێ کرد. کارەساتەکە لە تشرینی یەکەمی ۱۹۳۹ دەستی پێ کرد و ناوی نرا چالاکی " T4 "، کە لەلایەن سکرتاریەتی شەخسی هیتلەرەوە ڕێبەری دەکرا. قوربانییەکان لە شوێنە جیاوازەکانی سەرتاسەری ئەڵمانیاوە کۆدەکرانەوە و بە پاسە خاکییەکان کە پەنجەرەکانیان یا ئۆردووگانی مەرگ کە لە ژوورەکانی غاز و کوورەی سووتاندنی مرۆڤ پێک هاتبوون. دیاریکردنی ئەوەی کە کامە شەخس دەبێت (بکوژرێت و یا بە دژەپیسی لەنێو ببرێت) لە دەستی پزیشکەکاندا بوو. مەرگی کەسەکە لە نامەیەکی فەرمیدا بە کەسوکارەکەی ڕادەگەیەنرا:

"ئەرکی قورس و دڵگرانکەری ئێمەیە کە پێتان ڕابگەیەنین .... لێرە .... بەهۆی ئەنفلۆنزاوە .... کۆچی دوایی کردووە و .... پزیشکەکان هەوڵیان دا کەپێش بەمەرگی نەخۆشەکە بگرن، بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوود بوون."



زۆرجار جەستەی قوربانییەکە وەک نموونەی تاقیکاری دەهێڵدرایەوە و دەنێردرا بۆ ئەنیستیتۆی پزیشکەکان. لە نێوەندی ساڵەکانی ۱۹٤۰ و ۱۹٤٥ بەلانیکەمەوە ۲۰۰۰۰ کەس لەنێوبران. کۆتاییەکانی ئابی ۱۹٤۱ بەشێک لە چالاکییەکانی "T4" وەستێنران، چونکە نیگەرانییەکانی خەڵکی مەدەنی لەمەڕ ئەم کارەوە جێگای مەترسی و سەرئێشەی لەڕادەبەدەر بوو بۆ سکرتاریەتی دەوڵەتی هیتلەر. هاوکات ئیعدامی بە کۆمەڵی یەهوودییەکان لە هەرێمی باڵتیک و ناوچە داگیرکراوەکان وەکو کارێکی ئاسایی ڕۆژانەی لێ هاتبوو. لە ۲۹ و ۳۰ ئەیلوولی ۱۹٤۱، گەورەترین چالاکی بەم شێوەیە ئەنجام درا کە تیایدا گرووپێک بە نیوی گرووپی گورز وەشێن بە هاوکاریی پۆلیس، ۳۳۳۷۱ پیاو و ژن و منداڵی یەهوودیی لە چۆمی بابیج جار، کە لە دەرەوەی شاری کێیفە، بە قەتڵوعام کرد. (SS) بە سەرپەرەشتیی هێنریش هیملێر (داڕێژەری سەرەکیی کۆمەڵکوژییەکە)، بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی کوشتاری یەهوودییەکانی لەئەستۆ بوو. هیملێر لە تشرینی یەکەمی ۱۹٤۳ لەبارەی ڕیشەکێشکردنی یەهوودییەکانەوە لێدوانێکی دا و باری دەروونیی ڕێکخراو و بکوژەکانی لە چالاکییە کۆمەڵکوژییەکان بە باشی هەڵسەنگاند و سپاسی کردن:

" ئێمە لەبواری ئەخلاقییەوە لەسەر حەق بووین. ئێمە لە ئاست خەڵکەکەمان ئەو بەرپرسیاریەتییەمان لەسەر شانە بۆ ئەوانەی کە دەیانهەویست لەنێومان بەرن، بۆیەش ئێمە کوشتمانن (...)، ئێمە ئەو بەرپرسیاریەتییە دژوارەمان لەڕووی خۆشەویستییەوە ئەنجام داوە بۆ خەڵکەکەمان و بەهۆی ئەم کردەیەوە لەباری کەسایەتییەوە تووشی



هیچ جۆرە کێشەیەکی دەروونی و ڕوحی نەهاتووین."

بکوژەکان سەرەڕای هەموو دژوارییەکان، ئابڕوودارانە مانەوە. گێڕانەوەیەکی دوای شەڕەکە ئەوە بوو کە هەرکەس خۆی دوورگرتبایە لە ئەنجامدان و بەڕێوەبردنی فەرمانەکانی نێو ئۆردووگای مەرگ و یا بەشداری نەکردبایە لە تیربارانکردنی یەهوودییەکان، ئەوا سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێنرا، بەڵام شتێکی وەها نەکەوتە بەرچاوان. ژمارەیەکی کەمی ئەو کەسانەی کە خوازیاری "خۆبواردن لە ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی" بوون دەگوێزرانەوە. زۆربەی ئەو کەسانەی کە بیریان لەم جۆرە کێشانە نەدەکردەوە، یەهوودییەکانیان وەک گیانلەبەرانێکی پیس و نالەبار لە قەڵەم دەدا و کوشتنی ئەوانیان بە کردارێکی پیرۆز دادەنا، بۆ ڕێبەر و نیشتمانەکەیان. ئەگەر ئەم کارە تا ڕادەیەک دوور لە چاوی هەمووانە وە ئەنجام دەدرا، تەنیا لەبەر لایەنە مادییەکەی بوو، چونکە هەموو پارە و دارایی قوربانییەکان دەستیان بەسەردا دەگیرا.

"پاسەکان لە هەفتەیەکدا چەند جارێک قوربانیەکانیان دەگواستەوە



بۆ هادامار. مناڵە قوتابییەکانی دانیشتووی ئەم ناوچەیە پاسەکان دەناسنەوە و دەڵێن: «فارغۆنی مەرگ هات»، دانیشتووانی هادامار، بە دوای هاتنی ئامرازەکانی گواستنەوە، دووکەڵێکی زۆریان دەدیت کە لە کوورەکانەوە دەردەچوو. خەڵکی نیگەرانن و هەمووده‌م لەبیری قوربانییە بێچارەکاندان، بەتایبەت ئەوکاتەی کە ئاڕاستەی با بە پێچەوانەوە هەڵدەکات و ناچارن بۆنی سووتانی زیندووەکان تەحەمول بکەن. یەکێک لە دیاردە سەرەتاییەکانی ئەم ناوچەیە کە تازە دروست بووە، ئەوەیە کە منداڵەکان کاتێک بەشەڕ دێن بە یەکتری دەڵێن:

«تۆ گەمژەی، دەتخەنە نێو کوورەی هادامارەوە»."

نامەی پاپی کاتۆلیک لە لیمبۆرگ

بۆ وەزیری داد



## له ولاّتانی دەوروبەری باڵتیک

ئەو نەخشەیەی کە دەیبینن، بەشی ڕاپۆرتێکی چالاکییەکانی گرووپی گورز وەشێنی ،ئا پێشان دەدات کە ناوچەی سەرەکیی چالاکیی کۆمەڵکوژیی یەهوودییەکانی ولاّتانی دەوروبەری بالتیکە. لە نەخشەکەدا ئیعدامی یەهوودییەکان بە ژمارە و تابووت پێشان دراوە. ئیستۆنی کە دیاریکراوە، خاڵییە لە یەهوودی. لە خوارەوەی نەخشەکە نووسراوە: ژمارەی دیاریکراوی یەهوودییە زیندووەکان کە هەنووکەش ماون، ١٢٨٠٠٠ کەسن.

زۆرجاران گرووپەکانی گورز وەشێن لە ولاّتانی دەوروبەری باڵتیک واتە ڕووسیەی سپی و ئۆکرانیا لەلایەن میلیشیا خۆماڵییەکان و ئەرتەشی ئاڵمانیاوە یارمەتی دەدران. ئۆرهان تۆنی لە گیتۆی کائۆناس لە لیتوانی دەژیا. ئەو لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆیدا




باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە دانیشتووانی گیتۆ بردراون بۆ هەڵبژاردن. چ کەسانێک بە زیندوویی دەمێننەوە و چ کەسانێک دەکوژرێن؟

"بەیانی سێ شەممەی ٢٨ تشرینی یەکەم باران دەباری. لەبەر ئەو تەمە چڕوپڕەی کە ئاسمانی داگرتووە، تاریکی دەستی کێشاوە بەسەر گیتۆدا. بەفرێکی ورد و ئاودار دەبارێ و بە توێژێکی تەنک زەوی دادەپۆشێت. پیاوان، ژنان و منداڵان و بەساڵاچووان و نەخۆشەکان لە لایەکەوە کۆبوونەتەوە. ئەوان بە هێواشی هەنگاوە قورس و لەرزۆکەکانیان دەهاون و دەڕۆنە پێشەوە. بەساڵاچوو و نەخۆشەکان بەکۆڵ و بەسەر دەستی کەسوکارەکانیانەوە و دایکەکانیش منداڵەکانیان گرتووەتە باوەش و لە ڕیزە درێژەکاندا بەڕێوەن. خۆیان بە قەمسەڵەو پۆشاکی زستانی، ملپێچ یا پەتوو، داپۆشیوە هەتاوەکوو بەدوور بن لە سەرما و شێ. زۆربەی بنەماڵەکان بەهێواشی ڕوو لە یەک ئاڕاستە دەڕۆن و دەستی یەکتریان گرتووە کە ئەویش گۆڕەپانی دمۆکراتۆ بوو. ئەمەش ڕۆژەی مردن و ماتەم بوو کە بەشدارانی غەرقی خەمی خۆیان کردبوو. ئەو بەیانییە نزیکەی ٣٠٠٠٠ مرۆڤی بێتاوان بەرەو شوێنێکی نەزانراو، بەرەو چارەنووسێک کە پێشتر لە لایەن فرمانڕەوا خوێنمژەکانەوە دیاری کرابوو، ڕێیان دەبڕی. ئەو ڕۆژەی کە دەیان هەزار کەس تیایدا بەشدار بوون، مەرگ بە بێدەنگی حاکم بوو. هەمووان بە بێدەنگی و نەغرۆبوون لە بیرکردنەوەدا، دەچوونە پێشەوە. بیریان لە چارەنووسی خۆیان و بنەماڵەکەیان دەکردەوە، بەوەی کە ژیانیان بەسترابووەوە بە تاڵە موویەکەوە. ٣٠٠٠٠ مرۆڤی تەنیا و لەبیرکراو هەم لەلایەن خوا و هەم لەلایەن خەڵکەوە، وەستێنراون لەبەرامبەر زۆردارگەلێکی خۆپەرەست، زۆردارانێک کە پێش لەمەش دەستیان سوور بووە بە خوێنی زۆربەی یەهوودییەکان."

## گرووپە گورز وەشێنەکان

هێرشی ئەڵمانیای نازی بۆ سەر یەکیەتیی سۆڤیەت لە ٢٣ کانوونی یەکەمی ١٩٤١دا، لەژێر ناوی چالاکیی باربارۆسا، دەسپێکی کوشتاری ڕیکوپێکی یەهوودییەکان بوو. چوار گرووپی ماتۆڕسوار، ناسراو بە گرووپی گورز وەشێن، بە دوای ئەرتەشی ئەڵمانیاوە بوون. ئەم گرووپە لە پۆلیس و ئەندامانی ڕێکخراوی ئاسایش و (SS) پێک هاتبوون. لە سەرەتادا ژمارەیان ٣٠٠٠ کەس بوو و کاریان تەنیا لەنێوبردنی کۆمۆنیستەکان و ئەندامانی یەهوودیی «حزب» بوو لە پشتەوەی گۆڕەپانەکانی شەڕ. لە ماوەیەکی کەمدا ئەرکەکەیان گۆڕا بۆ کوشتنی یەهوودییەکان بە گشتی و دواتریش قەرەجەکان و کۆکردنەوە و گوللەباران کردنیان. گرووپە گورز وەشێنەکان بە وردی چۆنییەتی بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی خۆیان تۆمار دەکرد و ڕاپۆرتەکەیان دەدایەوە بەرلین. لەم ڕاپۆرتانەدا دەتوانرێت کوشتنی یەهوودییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ دەربخرێت. یەکێک لەم بەڵگانە، پێرستێکی حەوت لاپەڕەیی ناوی هەموو ئەو کەسانە بوو کە لە لایەن گرووپی گوورز وەشێنی .ئا لە ڕێکەوتی ٤ی تەمموز تا یەکی کانوونی یەکەمی ١٩٤١ لە لیتوانی ئیعدام دەکران. ژمارەی هەموو قوربانییەکان ١٣٧٣٤٦ کەسە کە کۆمۆنیستەکانی ڕووسیا و لیتوانی و گیراوەکانی شەڕی ڕووسیا و نەخۆشە دەروونییەکان و خەڵکی لیتوانی و پۆڵۆنیایی و قەرەج و پارتیزانەکان لەخۆ دەگرێت. بەشێکی گەورەی ئەم کەسانە پێک هاتبوون لە پیاو و ژن و منداڵی یەهوودی. لەبەشێکی دەفتەری بیرەوەرییەکانی ئاوراهام تۆریدا هاتووە کە چۆنچۆنی یەهوودییەکانی کائوناس لە بەرەبەیانی ٢٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٤١ بەرەو



مەرگەساتێکی گەورە لە جووڵەدا بوون. لەم پێرستەدا بەم شێوەیە نووسراوە:

"کائۆناس ٢٨/١٠/١٩٤١...

پیاو: ٢٠٠٧ کەس

ژن: ٢٩٧٠ کەس

منداڵی یەهوودی: ٤٢٧٣ کەس

پالاوتنی گیتۆ لە یەهوودییە زیادییەکانی دیکە: ٩٢٠٠ کەس

" لە ئەورووپای ڕۆژهەلات و یەکیەتیی سۆڤیەت بە گشتی نزیکەی دوو ملیۆن مرۆڤ لە لایەن هێزەکانی پۆلیس و گرووپی هێرش و یەکەکانی دیکەوە کوژران.

"چاڵهەڵکەندنەکە لە هەموو شتێک زیاتر کاتی دەگرت، بەڵام ئیعدام و کوشتنەکان بە زووترین کات ئەنجام دەدران(هەر ١٠٠ کەس لە ٤٠ دەقیقەدا)... سەرەتا کوشتنەکە کار لە سەربازەکانی من نەدەکرد، بەڵام بۆ ڕۆژی دووەم دەرکەوت کە ژمارەیەک لە سەربازەکان خاوەن ڕوحییە و دەروونی بەهێز و پێویست نین بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان. بڕوای شەخسیی من ئەوەیە کە لە کاتی بەڕێوەبردنی ئیعدامەکاندا، چۆن لەمپەرێکی ڕوحی بۆ سەربازەکان دروست نابێت لەگەڵ ئەوەشدا شەوانە لە کاتی هێمنی و بێدەنگیدا، کاتێک بیری لێ دەکەنەوە تووشی کێشەی ڕوحی و دەروونی دەبن."

ڕاپۆرتی ستوان واڵتێر
لەبارەی ئیعدام کردنێکەوە لە نزیکی بەڵگراد،
یەکی تشرینی دووەمی ١٩٤١

پلانی ئیعدام سێ تا چوار کاتژمێری خایاند. من لە هەموویاندا بەشدار بووم، تەنیا ئەو کاتەی کە مەخزەنەکەم خاڵی دەبوو، دەبووایە پڕی بکەمەوە، وەستانێک ڕووی دەدا. هەر بۆیە هۆیەکەی بۆ من جێگای باوەڕ نەبوو و نەدەکرا کە بڵێم چەندە یەهوودیم کوشتوە لە ماوەی ئەو چوار کاتژمێرەدا، چونکە لەو دەمەدا کەسێکی دیکە لەبری من تەقەی دەکرد. ئێمە لەو کاتانەدا زیاتر مەشرووبمان دەخواردەوە هەتاوەکوو دەروون و ڕوحیەمان بەهێز بکەین."

ئەلفرێد متسنەر

سەربازێکی ئەڵمانیی

## قەتڵوعامی ژنان و منداڵان

ڕۆژی ١٤ تشرینی یەکەمی ١٩٤٢، ژنان و منداڵانی گیتۆی میزوییی ئۆکرانیا، بردرانە دۆڵێکەوە کە لە دەوروبەری ڕۆنۆ هەڵکەوتبوو. ئەوان لە لایەن پۆلیسی ئەڵمانیا و میلیشیاکانی ئۆکرانیاوە کەوتنە بەر ڕێژنەی گوللە.

لەم وێنەیەی خوارەوە پۆلیسێک تیری خەلاس لەو ژنانە دەدات بۆ دڵنیابوون لە مردنیان. هێرمن فردریش گرابە پاش شەڕ، لە ویسبادێن و لە داداگاییەکدا و پاش ئەوەی سوێندی خوارد کە ڕاستییەکان باس بکا، ڕووداوێکی هاوشێوەی ئەمەی کە لە ٥ تشرینی یەکەمی ١٩٤٢ لە دۆبنۆی ئۆکرانیا ڕووی دابوو، بەم شێوەیەی خوارەوە گێڕایەوە:

"مۆئنیکس و من ڕاستەوخۆ ڕۆیشتینە چاڵەکەوە، بەرگریمان پێ نەکرا. لەو کاتەدا دەنگی گوللەم بەرگوێ کەوت کە لە مەودایەکی کەمەوە لە پشت تەپۆڵکە خاکێکەوە هات. ئەو کەسانەی کە لە ئۆتۆمۆبێلە نەفەر هەڵگرەکاندا دابەزێندرانە خوارەوە، پێک هاتبوون لە







ژنان و منداڵان و پیاوان لە تەمەنی جیاوازدا. دەبووایە بە بڕیاری ئەندامانی (SS) کە قامچی و گەردنبەندی سەگەکانیان بە دەستەوە گرتبوو، پۆشاکەکانیان جیا جیا دابکەنن و خۆیان ڕووت بکەنەوە و پێڵاو و جلەکانی بن و سەرەوەیان لە شوێنە دیاریکراوەکاندا دابنێن. من نزیکەی ٨٠٠ جووت پێڵاو و فانیلە (ژێر کراس) و جلم بە کۆکراوەیی بینی. ئەندامانی هەر بنەماڵەیەک لە تەنیشت یەکترەوە وەستابوون و یەکتریان ماچ دەکرد و ماڵئاواییان لە یەکتری دەخواست و لە چاوەڕوانی نیشانە و بڕیاری ئەندامێکی قامچی

بەدەستی (SS) بوون کە لە لایەکی چاڵەکەوە وەستابوو. ئەو ١٥ خولەکەی کە من لەوێدا وەستابووم گوێم لە هاوار و پاڕانەوە و گریانی ئەو کەسانە نەبوو. بنەماڵەیەکم بینی کە نزیکەی ٨ کەس بوون و پێک هاتبون لە ژن و پیاوێکی نزیک تەمەن (٥٠) ساڵە و سێ منداڵی یەک و هەشت و دە ساڵە و دوو کچی بیست تا بیست و چوار ساڵ. پیرەژنێکی پرچ سپی کە پرچی لە بەفر دەچوو منداڵە، یەک ساڵانەکەی بە باوەشەوە گرتبوو و شتێکی بۆ دەخوێندەوە و ختووکەی دەدا و منداڵەکەش لە خۆشیان وە قیژەقیژ کەوتبوو. ژن و پیاوێکی دیکەی چاو پڕ لە فرمێسک سەیری ئەو دیمەنەیان دەکرد. باوکەکە دەستی منداڵە دە ساڵانەکەی گرتبوو و قسەی لەگەڵ دەکرد و کوڕەش دەیهەویست بەر بە گریانی خۆی بگرێت. باوکەکەش سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و بە دڵۆڤانییەوە دەستی هێنا بەسەری کوڕەکەیدا، هەروەک بڵێیت کە شتێکی بۆ باس بکات. دواتر بەرپرسەکەی (SS) لە تەنیشت چاڵەکەوە هاواری لە هاوکارەکانی کرد و شتێکی پێ وتن. هاوکارەکەشی نزیکەی بیست کەسی جودا کردەوەو پێیانی وت کە بچنە پشت تەپۆڵکە خاکەکەوە. ئەو بنەماڵەیەی کە من باسم کردن لەو بیست کەسە بوون. هێشتا بە چاکی لەبیرمە کە چۆنچۆنی کچێکی قژ خۆڵەمێشی بە لامدا تێ پەڕی و لە حاڵێکدا کە بە دەست ئاماژەی بۆ چاڵەکە دەکرد گوتی: بیست و سێ ساڵە!."

## لە گرووپە گورز وەشێنەکانەوە بۆ کارخانەکانی مەرگ

لە پاییزی ١٩٤١ گەڕان بە دوای ڕێگا چارەیەکی گونجاو بۆ کوشتنی بە کۆمەڵی مرۆڤەکان دەستی پێ کرد ، چونکە تیربارانکردنی بە کۆمەڵ ڕوانگەی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و لە هەمانکاتیشدا



ماوەیەکی زۆری دەویست و بۆ دەروون و ڕوحیەی چەکدارەکانیش باش نەبوو.

بە دوای چەند زنجیرە کردارێکی ئەزموونی و تاقیکاری ڕێگاچارەکە دۆزرایەوە: غاز

ئەم ڕێگایە لە بەرنامەی (T4)دا سوودی لێ وەرگیرا. لە ناوەندی مەرگیاریدا سوود لە غازی ئۆکسیدی کاربۆن وەرگیرا کە لە بتڵە ئاسنینەکاندا فلزیەکاندا هەڵدەگیرا. هەرچەندە کە ئەم ڕێگایەش لەو ڕەهەندەوە کە بۆی دانرابوو بۆ قەتڵوعامی مرۆڤەکان لەبار نەبوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە پێشنیاری سوودوەرگرتنیان لە غازی ئیکزۆسی ماتۆر وەرگرت. لە ٨ کانوونی یەکەمی ١٩٤١، بە کەڵک وەرگرتن لە فارغۆنەکانی غاز لە ئۆردووگای مەرگی شلمنۆ و لە ١٧کانوونی یەکەمی ١٩٤٢، ژوورە غازییەکانی بلزیک ئامادەی بەکارهێنان بوون بۆ کۆمەڵکوژی یەهوودییەکانی گیتۆی لۆبلین. لە بلزیک و سۆبیبۆر و تربلینکا سوود لە غازی ئیگزۆسی دەبابە گەورەکانی ڕووسیا وەرگیرا. ئەو ئۆردووگایانە لە لایەن هەندێک کەسەوە بەڕێوە دەبران کە لە ئۆپەراسیۆنی (T4)دا کاریان کردبوو. لە پاییزی ١٩٤١ لە ئۆردووگای ئاوشویتس بە شێوەیەکی ئەزموونی، مادەی زیندەوەرکوژی "سیکلۆن ب" کە بۆ ئەسپێ و مۆریانەی پۆشاک بەکاردەبرا تاقی کرایەوە. ئەم ئەزموونە پێشانی دا کە مادەکە کاریگەرە. غازی سیانووری هایدرۆجینی لێ بەرز دەبووەوە و بە زوویی دەبووە هۆی خنکانی کەسەکان. ئەوە بوو کە بە زوویی دەست کرا بە بەکارهێنانی غازی "سیکلۆن ب" لە کوشتارگا بە کۆمەڵەکانی ئاوشویتیس و هەروەها ئۆردووگاکانی مەرگ لە ماژدانک و چەند

ئۆردووگایەکی کۆکراوەی دیکەی ئەڵمانیا بۆ هەمیشە. لە نێوان کانوونی یەکەمی ١٩٤١ و تشرینی دووەمی ١٩٤٤دا، ژمارەیەک لە ئەندامانی (SS) و هاودەستەکانیان، نزیکەی سێ ملیۆن مرۆڤیان لە ژووره غازییەکانی ئۆردووگا جیاوازەکاندا بەرەو مەرگ ڕەوان کرد.

## هۆکاری مەترسیدار بۆ تەندروستی بەڕێوەبەرانی ژوورەکانی غاز

بەشی ڕاپۆرتێک لە ١٦ ئایاری ١٩٤٢، لەلایەن ئاگۆست بێکەر، ستوانی (SS)

ئەم ڕاپۆرتە لەمەڕ ئەو فارغۆنە غازییە تایبەتانەیە کە لە ئۆکراین و ڕیبیا و ئۆردووگاکانی مەرگی شلمنۆ بەکار دەبران.

"چێک کردنی ئۆتۆمۆبێلەکانی گواستنەوەی گرووپی هێرش (د.و.سی) کۆتایی پێ هات. من ئیستارتی ئۆتۆمۆبیلەکانی گواستنەوەی گرووپی گورز وەشێنم بینی کە ڕێکیان خستبوو هەتاوەکوو بگۆڕێن بۆ شێوەی (کاراوان). بەم شێوەیە لە هەر یەکێک لە ئۆتۆمۆبێلە بچووکەکانی گواستنەوە، پەنجەرەیەکی سادە و لە گەورەکانیاندا دوودانە پەنجەرەی ئاسایی کە لە هی ماڵە گوندییەکان دەچوو، دروست کرابوون. ئەو ئۆتۆمۆبێلانە بە شیوەیەک ناسراو بوون کە نەک تەنیا بەرپرسە ئیدارییەکان، بەڵکو خەڵکی مەدەنیش بە ئۆتۆمۆبێلەکانی مەرگ ناوی دەبردن. بە بڕوای من بە داپۆشینیشیان لە درێژماوەدا ناتوانرێت ناسنامەی ئەو ئۆتۆمۆبێلانە بسڕدرێتەوە(...). هەورەها فەرمانم دا بە گشت کرێکارەکان کە لە کاتی ئیش پێ کردنی ئۆتۆمۆبێلەکانی غازاد ڕەنگە ئەو غازەیان بەر کەوێت، خۆیان دوور بگرن تا دوور بن لە مەترسیی بۆ سەر



تەندروستیان. سوود لەم هەلە وەردەگرم و سەرنجی ئێوە بۆ ئەم بابەتە ڕادەکێشم: چەندین یەکەی تایبەت ئیزنی ئەوە دەدەن کە چەند کەسێکی خۆمانە کاری خاڵیکردنی دوای قڕکردنەکان ئەنجام بدەن. من وەبیری بەرپرسی یەکە تایبەتەکانم هێناوەتەوە کە ئەم کارە ڕەنگە کاریگەریی دەروونی و ڕوحیی لەسەر تاکەکانمان هەبێت. نەفەرەکانمان دڵگرانیی خۆیان دەردەبڕی بەوەی کە دوای هەڵڕشتنی تەرمی کوژراوەکان، تووشی سەرئێشە دەبن. لە هەمانکاتیشدا مەیلێک بۆ گۆڕینی ڕەوتی کارەکە نییە، بەهۆی ئەوەی کە ئەگەر بێت و سوود لە زیندانییەکان وەربگیرێت بۆ خاڵیکردنەوەی ئەو ژوورانە ئەوا ڕەنگە لە مەجالێکدا ڕابکەن. داوام ئەوەیە کە بڕیاری کارا بدەن بۆ پێشگری لە تووشبوونی نەفەرەکان بە ڕووداوێک. کردەی غازەکە بە دروستی ئەنجام نادرێت. لێخوڕی ئۆتۆمۆبیلەکە بۆ ئەوەی زوو کارەکەی ئەنجام بدات زۆر پێ لەسەر بەنزین دادەنێ و لە ئەنجامیشدا ئیعدامییەکان لەبری ئەوەی کە بەپێی بەرنامە و لەسەرخۆ لەهۆش خۆیان بچن و بمرن، بەهۆی خنکانەوە دەمرن. دەرکەتووە کە ئەگەر بێت و پێشنیارەکانی من بە باشی بەڕیوە بچن ئەوا مەرگ زووتر دەگاتە جێ و زیندانییەکان بە هێمنی دەچنە خەوەوە و پێش بە گۆڕانی ڕوخسار و بەرگریکردنیش دەگیردرێت. ئەوڕۆکە سەفەرەکەی خۆم بەرەولای گرووپی گورز وەشێنی، درێژە پێ دەدەم، بۆ بڕیارەکانی دواتر دەتوانن لەوێدا پەیوەندیم پێوە بکەن."

"لە تەواوی زستاندا، منداڵە بچووکەکان ناچار بوون بە ڕووت و قووتی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک لە دەرەوەی ڕیزی ژوورەکانی غاز کە بە خێرایی خەریکی کار بوون،

بوەستن. ژێر پێی منداڵەکان لە سەرمان دەیبەست و بە زەوییەکەوە دەنووسا. ئەوان وەستابوون و سەیریان دەکرد: هەندێک لەبەر سەرما دەمردن. لەم نێوەدا ئەڵمانی و ئۆکرانییەکان بە تەنیشت ڕیزەکەوە لەهاتووچۆدا بوون و لە قوربانییەکانیان دەدا و دار کارییان دەکردن. یەکێک لە ئەڵمانییەکان، پیاوێک بوو بەنێوی سێپ، پیاوێکی پیس و بینراو و دڕە مرۆڤ بوو کە چێژی لە ئازاردانی مرۆڤەکان وەردەگرت. کاتێک کە ژنەکانی ئازار دەدا پێیان دەوت وازمان لێ بێنە، ئێمە منداڵمان لە زگدایە. زۆرجاران منداڵی لە باوەشی دایکەکان ڕادەکێشا و یا لە نێوەندڕا دوولەتی دەکرد و یا بە پێی بەرزی دەکردەوە و سەری دەکێشا بە دیوارەکەدا و دواتر جەستەکەشی لە گۆشەیەک فڕێ دەدا."

یانکڵ ویرنیک

لە بەجێماوەکانی تربلینکا

## عەمەلیاتی ڕینهارد


لە نێوان ئازاری ١٩٤٢ تا تشرینی یەکەمی ١٩٤٣دا، نزیکەی یەک ملیۆن و حەوت سەد هەزار کەس لە ئۆردووگاکانی مەرگی بلزاک و سۆبیبۆر و تربلینکا کوژران. ئەم ئۆردووگایانە بەشێک بوون لە پرۆژەی ناسراو بە عەمەلیاتی ڕینهارد کە ئامانجەکەشی پاک کردنەوە و خاڵیکردنی پۆلۆنیا بوو لە یەهوودییەکان و بەتاڵانبردنی کەرەستەکانیان. هیچ شتێک بەفیڕۆ نەدەچوو، پۆشاک، پارە و



کەرەستە تایبەتەکان و قژ و زێڕی ددانەکان کۆدەکرانەوە. لەنێوبردنی جەستەی مردووەکان لە لایەن زیندانییە یەهوودییەکانەوە ئەنجام دەدرا. ئەم ئۆردووگایانە بچووک بوون، نزیکەی٦٠٠ مەتر درێژ و ٤٠٠ مەتر پان بوون. ڕێژەی کرێکار ئەڵمانییەکان زۆر نەبوو. لە هەر ئۆردووگایەکدا نزیکەی ٣٠ کەسی (SS) و سەدان بەکرێگیراو لە خەڵکانی وڵاتەکانی دەورووبەری دەریای بالتیک هەبوون. پێکهاتەی ئەم ئۆردووگایانە وەک یەک وابوو و بە پێی گوتەی بەرپرسانی پێشووی (SS)، پێکهاتەیان سەرەتایی، بەڵام کاریان وەک کاسێتی گێڕەرەوەی مەرگ وەها بوو. لێرەدا هەروەک ئاوشۆیتیس یا ماژدانک پزیشک نەبوو تا خەڵکەکە بکاتە گرووپ گرووپ. ئەوان زیاتر بە شەمەندەفەرە بارهەڵگرەکان دەهاتنە ژوورەوە. پێیان دەوترا کە دەبێ یەکەمجار کار بکەن، بەڵام سەرەتا ئیستریلیزە دەکران و هەر بۆیەش دەبایە جلەکانیان دابکەنن و شتومەکەکانیان بدەن بە دەستەوە. پیاو و ژنەکان بە جیا جلەکانیان دادەکەند و دواتر بەرەو ژوورەکانی غاز دەڕۆیشتن. ماتۆرەکان وەکار دەخران و غازی ئۆکسیدی کاربۆنیان لە ڕێگەی بۆڕییەکانەوە بەڕی دەکردە ژوورەکانەوە کە بە شێوەی پاڵەپەستۆ خەڵکیان تێدا جێ کردبووەوە. ئەم کارە لە دوو خولەک زێتری نەدەکێشا. لە ماوەی ڕۆژێکدا توانییان ١٥٠٠٠ کەس لە تربلینکا بکوژن، هەروەها هەمان بەرپرسی (SS) باسی ئەوەی کرد کە، «بەڵام نیوەی ئەو شەوە بەردەوام بووین لە کارەکەمان» لە سەرەتادا لاشەکانمان لە گۆڕی بە کۆمەڵ کردە ژێر خاکەوە، بەڵام لە پایزی ١٩٤٢دا جەستەکانمان سووتاندن. بەلانی زۆرەوە سەد یەهوودی لە تربلینکا و دەیان کەس لە سۆبیبۆر و تەنیا دوو کەس لە بلزاک بە زیندوویی مانەوە.

## تابلۆیەک لە تربلینکا

یەهوودییەکانی وەرشۆ!




ئێوە هەنووکە دێنە نێو ئۆردووگای کاتییەوە و لێرە دەگوازرێنەوە بۆ ئۆردووگاکانی کار. بۆ پێشگرتن لە نەخۆشییە گرەوەکان دەبێت پۆشاک وکەرەستەکانتان بۆ ئیستریلیزەکردن بدەن بە دەستەوە. زێر، پارە، پارەی بیانی و کەرەستە جوانکارییەکانتان لەبەرامبەر بەدەستهێنانی پسوولە، بدەنە دەست ئیدارەی سەندووقەوە. دواتریش دەتوانن بە دانەوەی پسوولەکە کەرەستەکانتان وەربگرنەوە. ئەوانەی کە تازە هاتوون دەبێت هەموو حەمام بکەن.




| قەتڵوعامی یەهوودییەکان و ڕێژەی قوربانییەکان |
|---|
| شلمنۆ |
| لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٢ تا تەمموزی ١٩٤٤ – ١٥٢٠٠٠ تا ٣٢٠٠٠٠ کەس |
| بلزاک |
| لە ئازاری ١٩٤٢ تا کانوونی یەکەمی ١٩٤٢ – ٦٠٠٠٠٠ کەس |
| سۆبیبۆر |
| لە نیسانی ١٩٤٢ تا تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ – ٧٠٠٠٠٠ تا ٩٠٠٠٠٠ کەس |
| ماژدانک |
| لە تشرینی یەکەمی ١٩٤١ تا تەمموزی ١٩٤٤ – زیاتر لە ٣٦٠٠٠٠ کەس |
| ئاوشۆیتیس – بیرکنائۆ |
| لە کانوونی دووەمی ١٩٤٢ تا کانوونی دووەمی ١٩٤٥ – زیاتر لە ١١٠٠٠٠٠ کەس |

## تربلینکا کارخانەی مەرگ

گەیشتنە تربلینکا....

ژوورەکانی غاز لە دەرەوەی لای چەپی وێنەکەدا جێیان گرتوە، بەڵام ڕێڕەوەی بەنێو ڕێگای بەرز بوونەوەی ئاسمانی لە کۆتایی ئاسایشگای درێژەی لای چەپ دەست پێ دەکات. لە گۆڕەپانی بەرینی دەرەوەدا، بەرێوەبەرانی گرووپەکان خەریکی جیاکردنەوەی هەندێک

کەلوپەلن کە خەڵکی لەگەڵ خۆیاندا هێناویانە. لە وێنەکەدا ئۆتۆمۆبێلێکی چاڵ هەڵکەندن لە تەنیشت گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە بە دیار دەکەوێت. نزیکەی یەک ملیۆن کەس نێردراون بۆ تربلینکا، بەڵام



تربلینکا . کارخانەی مەرگ

بەلانیکەمەوە تەنیا ١٠٠ کەسێک بە زیندوویی ماونەتەوە. ئەم وێنەیە لە لایەن سامویێل ویلنبێرگەوە کێشراوە کە خۆی لەوێدا زیندانی بووە و لە کتێبی شۆرش لەنێو تربلینکادا چاپ کراوە.

ئەو ناچار کرابوو کە سەری ژنەکان پێش لە چوونە ژوورەوەیان بۆ ژوورەکانی غاز بتاشێت و کەرەستەی کوژراوەکان لێک جیا بکاتەوە بۆ ئەوەی دواتر بنێردرێن بۆ ئەڵمانیا. ویلنبێرگ لە شۆرشی تربلینکا لە ٢ ئابی ١٩٤٣ بەشدار بوو. خۆی گەیاندە وەرشۆ و چووە نێو جووڵانەوەی بەرگریی پۆلۆنیا و لە شۆڕشی ئەم جووڵانەوەیەشدا لە ئابی ١٩٤٤ بەشداریی کرد.



## فرانس ئیستنگڵ

لە باسە تایبەتییەکانی کۆمەڵکوژیی یەهوودییەکاندا زیاتر باسی ئەوە دەکرا کە دەرەنجامی ئەم ئیشە ئەوەیە کە بکوژەکانی پشت مێزەکان، فەرمانی ئۆتۆمۆبیلەکانی مەرگیان بەدەستەوەیە. دواجار هیچکات نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە بە قەولی کریستۆفەر براویننگی مێژوونووس کە دەنووسێت:

"قەتلوعامی یەهوودییەکان لەبەر ئەوە ڕووی دا کە لە بنەڕەتدا مرۆڤەکان لە پانتاییەکی بەرفراواندا دەستیان کرد بە کوشتنی مرۆڤگەلی دیکە."

فەرماندەی ئۆردووگاکانی مەرگیش هەروەک ئێمە مرۆڤ بوون. فرانس ئیستنگڵ بۆ یەکەمجار فەرماندەی باڵای سۆبیبۆر و دواتریش تربلینکا بوو. ئەو لە دەیەی ١٩٦٠ لە بەرازیل گیرا و نێردرایە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و لەوێدا دادگایی کرا و تاوانبار کرا بە کوشتنی هەزاران کەسی بێتاوان، بەڵام هەر ئەو کاتەی کە ئیستنگڵ بەڕێوەبەری پلانێکی مەزنی کوشتنی مرۆڤەکان بوو، ڕۆڵی هاوسەر و باوکیشی دەگێڕا. ئەم گێڕانەوەی خوارەوە لەمەڕ هەڵبژاردنێکە کە هیچکات ئەنجام نەدرا، چونکە ئەم پرسیارەش لەماوەی شەڕدا نەهاتە گۆڕێ. ڕۆژنامەنووسێک لە شەڕدا ئەم پرسیارەی لەگەڵ هاوسەری ئیستنگڵ هێنایە گۆڕێ:

"ئێوە دەتوانن بڵێن (...) چ دەبوو ئەگەر ئێوە مێردەکەتان ناچار بە هەڵبژاردن بکردایە. ئەگەر ئێوە ئەم شتەتان بینی، پێتان وتبایە: دەزانم کە ئەم کارە مەترسیدارە، بەڵام یا دەبێت وازی لێ بهێنیت یا من و منداڵەکان بەجێ بهێڵیت.

له وەڵامیشدا تێرزا ئیستنگڵ وتی: وەها بیر دەکەمەوە کە ئەگەر پێم وتبایە لەنێوان ئەم دووشتەدا هەڵبژاردن ئەنجام بدەیت، تربلینکا یا من،، ئەوا منی هەڵدەبژارد."

سەرەڕای ئەوەش مێردەکەی دڵخوازانە بەشدار بوو لە کوشتنی زیاتر لە نیو ملیۆن کەس.

## لەنێوبردن لە ڕێگای کارەوە

لەنێو بردن بە هۆی کارەوە، ڕێگایەکی دیکە بوو کە ئاڵمانییەکان بۆ کوشتنی زیندانییەکان سوودیان لێ وەردەگرت. زیندانییەکانیان ناچار دەکرد کە لە بارودۆخی نالەباردا کاری قورس و دژوار ئەنجام بدەن. ئەم کارەش سەرەڕای کەمیی خۆراک و مەرجی ساغڵەمی و توندوتیژیی پاسەوانەکان و سزادانە دڵخوازەکانیان، بۆ بچووکترین هەڵە! بووە هۆی مەرگی زۆربەی دانیشتوانی زیندانییەکانی نێو ئۆردووگاکان.



جۆزێف شۆپک، کە لە ئۆردووگای ماژدانکدا زیندانی بوو بەم شێوەیە باسی ئەو کارکردنە دەکات:

"دواتر ئێمە بەپێلاوی دارینەوە دەچووین بۆ کار.



ئەوان بەدار لە ئێمەیان دەدا و بە دوومان دەکەوتن و دەیانبردینە گۆشەیەکی حەسارەکەوە. لەوێدا ناچاریان دەکردین کە کڵاو و قەمسەڵەکانمان پڕ بکەین لە بەرد و لم و خاک و بە هەردوو دەستەکانمان سەرەڕای ئەوەی کە بەردەوام لێیان دەداین بیگوازینەوە بۆ گۆشەیەکی دیکە و دووبارە بیگەڕێنینەوە و بیبەینەوە گۆشەیەکی تر و بەمشێوەیە ئەم کارە بەردەوام دەبوو. ناچاریان دەکردین کە لە نێوان ئەندامانی (SS) کە هاواریان دەکرد و ئەو زیندانییانەی کە مافی هەندێک شتیان هەبوو و خاوەنداری دەست و قامچی بوون، بۆ ئەملا و ئەولا هەڵێین، لە حاڵێکدا کە لێدانی دار و قامچییەکانمان بەسەردا دەباری.... ئەوێ دۆزەخ بوو."

"بۆ یەکەمجار کاتژمێر سێی بەیانی لە دەرەوەی گۆڕەپانەکە لە عەمەلیەی خاڵیکردندا بەشدار بووم. بە بڕوای من دۆزەخی دانتە لە بەراورد بەم بارودۆخە، کۆمێدییەکی بێ خەوش بوو. بێ هۆنییە کە بە ئاوشۆیتیس دەڵێن ئۆردووگای مەرگ.

(...)

لەگەڵ زیندانییە ژنەکانی ئۆردووگادا بەشداریم کرد لە خاڵکردنەوە(...)، تەواو ترسناک بوو. من لەگەڵ تیلۆ هاوبڕوام کە وتبووی ئێمە لە کۆتایی دنیادا (سپڵەیی دنیادا) جێمان گرتوە."

وەرگیراو لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی
یۆهان پ. کرۆمرز، پزیشکی (SS)
لە ئۆردووگای مەرگی ئاوشۆیتیس – بیرکنائۆ
٢ – ٥ ئەیلوولی ١٩٤٢

## ئاوشۆیتیس - بیرکنائۆ

ئاوشـــۆیتـــیس لـه ســـاڵی ١٩٤٠ ەوە بـووە ئۆردووگـــای زیندانیـــیــە سـیاسـییـەکانی پۆڵۆنیا. ئەم ئۆردووگایـە لە نزیک ناوەندێکی گەورەی هێڵی ئاسن جێی گرتبوو و بـە زوویی گۆڕا بۆ کۆمـەڵگەیەکی گەورەی پێک هـاتوو لە ٤٠ ئۆردووگـای جیـاواز. ژمـارەیەکی زۆر پزیشـک لەم ئۆردووگـایانە کـاریان دەکـرد و هـەندێکیـان دەسـتـیـان دایە چـەند تاقیکارییـەکی پزیشکی. بەنێوبانگترینی ئەم ئۆردووگایانە بریتی بوون لە ئاوشـۆیتیس (ئیسـتـامـلاگێـر)، ئاوشـۆیتیـسی دوو (بیـرکنائۆ) و ئاوشۆیتیسی سێ (مۆنۆتیس). زیندانییـەکان لەبەر خـراپیی خۆراک و نەخۆشی و بێکاری و تیرۆری جەسـتـەیی و ڕۆحی و بێگاری پێ کردندا دەیان ناڵاند. لـە کۆتاییـیـەکانـی ١٩٤١، کوشـتـاری بەکۆمـەڵ بە هۆی غازەوە لـە ئاوشۆیتیس دەستی پێ کرد. لە بەهـاری ١٩٤٢ ئەم پلانە لە بیـرکنائۆش جـێـبـەجێ کـرا و دوو ژووری غـازی کـاتی لە بیناکـانی نیـشـتـەجـێـبوونی تازە بیناکـراو جێ کـرانەوە. کـوورەی سـووتـاندنی لاشـــەکـانیش لە بیـرکنائۆ هەر لـە بەهـاری ١٩٤٣ ئامـــادە کـــران. گـواسـتـنەوەی یەهـوودییـە مـەجـەرییـەکـان لە مـاوەی بەهـار و هـاوینی ١٩٤٤ بۆ بیرکنائۆ، لووتکەی کوشـتـارەکان بوو. ئەو کات ڕۆژانە سێ تا چوار گرووپی مـرۆڤ کە ژمـارەیان لە نێـوان ٣٠٠٠ تا ٣٥٠٠ کـەس بوون دەهـێنـرانە ژوورەوە و نزیکەی لـە دەیا یـەکـیـان بـۆ کـارکـردن جیـادەکـرانـەوە و ئەوانی دیکە بە غـاز دەکـوژران. تەنانـەت کـوورەی سووتـاندنی لاشـەکـانیش لە بیـرکنائۆ توانای سـووتاندنی ئەو هـەمـوو لاشانەی نەبوو و زەختێکی زۆریان لەسەر بوو، هەر بۆیەش هەندێک لە لاشەکانیشـیان لەنێو چاڵەکاندا دەسووتان. دواهەمین کوشتارەکان بە



غـاز لە پایزی ١٩٤٤ ئەنجـام دران. بەڕێوەبەرانی (SS) پێش لە هـاتنە ژوورەوەی ئەرتەشی شـورەوی لە ٢٧ کـانوونی دووەمی ١٩٤٥، سـەرەتا دەسـتـیـان گرت بەسـەر ژوورەکانی غـازدا و دواتر ئەوەی کـە مـابووەوە تەقـاندیـاننەوە. جگە لە نزیکـەی یەک ملیـۆن یەهوودی لە سـەرتاسـەری ئەوروپا، ٧٥٠٠٠ پۆڵۆنی و ٢١٠٠٠ قـەرەج و ١٥٠٠٠ زیندانیـی شـەڕی شــورەوی و ١٥٠٠٠ بەنـدکـراوی نەتەوەکــانی دیکە لە ئاوشــۆیتــیس کــوژران. ئـەم ئۆردووگــایـە بەلانیکەمـــەوە (١١٠٠٠٠٠) قـــوربانیـی لێ کەوتەوە.

## وێنەی بیرکنائۆ لە کتێبدا

بەشی باکوری سەکۆ

شـوێنی نیـشـتـەجـێبـوونی ژنان و منداڵان لە دەرەوەی سـووتاندنی کوورەکانی دوو.

ژنان و منداڵان لە ڕێگەدان بەرەو کـوورەکـانی سـووتاندنـی چوار یا پێنج.

وێنەی ڕووبەرگ

شوێنگە و بیناگرینگەکان لە ئۆردووگادا

١– سەکۆی هەڵبژاردن

٢– کوورەی ژمـارە دوو سـووتاندی لاشـەی و لەگـەڵ ژووری غـازی ژێر زەمینی.

٣– کوورەی سـووتـاندی ژمـارە سـێی لاشـە و لەگـەڵ ژووری غـازی ژێر زەمینی.

٤– کوورەی ژمارە چوار سووتاندنی لاشـە و لەگەڵ ژووری غاز

٥– کوورەی سووتاندی ژمارە پێنجی لاشەی و ژووری غاز و چاڵەکانی سووتاندنی لاشەکان.
٦– حەمامی هەڵمی – شوێنی گرووپ گرووپکردنی زیندانییەکان
٧– کانادا – دەستەبەندی کاریگەرییەکان
٨– ژوورەکانی پزیشکی
٩– ئۆردووگای بنەماڵە قەرەجەکان
١٠–ئۆردووگای پیاوان
١١– ئۆردووگای یەهوودییە مەجەرییەکان
١٢– ئۆردووگای بنەماڵە یەهوودییەکان لە ترسین ئیستات
١٣– ئۆردووگای ژنان
١٤– ژوورەی تاقیکارییە پزیشکییەکان
١٥– دەروازەی مەرگ – شوێنی هاتنە ژوورەوەی شەمەندەفەر






## هەڵبژاردن.....

ئەم وێنەیە یەکێک لەو وێنانەیە کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی زیندانییەکان، لەسەر سەکۆیەک لە بیرکنائۆ. زۆربەی ئەوانەی کە ماون لە دانپیانانەکانی خۆیاندا وتوویانە کە ئەم ساتە بۆ بنەماڵەکانیان خاڵی کۆتایی بوو. پزیشکەکانی (SS) و ئەفسەرە ئەڵمانییەکان، ئەو کەسانەی کە قەرارە کار بکەن لە ئۆردووگادا هەڵدەبژێرن. لە بەشی سەرەوەی وێنەکەدا ستوونێک لە مرۆڤە جیاکراوەکان دەبینرێن کە زۆربەیان منداڵ و ژن و پیرن کە لە حاڵی ڕێگا ڕۆیشتن بەرەو ژوورەکانی غازی کوورەکانی سووتاندنی دوو.

## ٢٠٠ وێنەی بیرکنائۆ

وێنەگرتن لە ڕێگاچارەی کۆتایی هێنان بەکێشەی یەهوود قەدەغە بوو، بەڵام زۆرێک لە کەسە تایبەتییەکان لە کاتی ئیعدامی بە کۆمەڵدا ئەم بڕیارە ژیان وەبەرچاو نەدەگرت. هەندێک لە سەربازەکان وێنەیان دەگرت و بۆ بنەماڵەکانی خۆیان دەناردەوە یا پێشانی دۆست و ناسیاوەکانیان دەدا لە کاتی مۆڵەت وەرگرتندا. لە ئۆردووگاکانی مەرگ ژمارەیەکی کەم وێنە بەجێ ماون. لەم ڕووەوە یەکێک لە بەڵگە کورتکراوە تاکە کەسییەکان، ئالبوومێکە ناسراو بە گواستنەوەی یەهوودییەکان لە مەجارستان، کە لە کۆتایی شەڕدا لە ئۆردووگایەکی کۆکراوە بەدەست کەوتوو. دیار نییە کە بۆچی و چ کەسێک ئەم وێنانەی گرتووە. وێنەکان بە بێ ڕێکەوت ڕێک خراون و لەسەرەوەیان ناونیشانێک دیارە. یەکەم ناونیشان (شەمەندەفەرێکی نەفەرهەڵگر دێتە ژوورەوە) و دواتر ئەم ناونیشانانە بەدوایدا دێن (دەستەبەندی،



پیاوانێک کە هێشتا توانای کارکردنیان هەیە، ئەو ژنانەی کە توانای کارکردنیان هەیە، ئەو ژن و منداڵانەی کە توانای کارکردنیان نەماوە، گواستنەوە بۆ ئۆردووگای کار، لەئەنجامدا کارکردن)، دواتر لە ئاخرین ناوونیشانی ڕەسمەکاندا (تۆشەی سەفەر و کەوشی لەسەر یەکتر هەڵچنراو و ...) شتی تر هەیە. دواجار دوو وێنە لە کوورەیەکی سووتاندن لە ئۆردووگایەکی بچووکدا بەدیار دەکەون کە پیر، کەمئەندام و ژنە منداڵدارەکان ڕاستەوخۆ بەرەو ژوورەکانی غاز ڕێنمایی دەکرێن. وێنەی ڕووبەرگ، وێنەی ئەم لاپەڕەیە و لاپەڕەکانی دیکە پێشاندەری ئەو وێنانەن بە ناوونیشانی (دەستەبەندی)، (ژنان و منداڵانی بێ سوود)ن.

ئەو کەسانەی کە جیاکراونەتەوە لە دەرەوەی دەرگای کوورەی مرۆڤ سووتاندنی دوو، وەستاون. ئەوان ڕەنگە تەنیا کاتژمێرێکی دیکە زیندوو بن. ئەم ژن و منداڵانە پێش لە ئاوابوونی ڕۆژ بە شێوەیەکی



میکانیزەیی و پێشداڕێژراو دەخنکێنرێن و دەکرێنە خۆڵەمێش. لەو شوێنەی کە وەستاون بەتەنیشت باغێکی بچووکدا تێ دەپەڕن و بەچەند قادرمەیەکدا دەڕۆنە خوارەوە و دەچنە نێو ژوورەکانی جل داکەندنەوە. دوای داکەندنی جلەکانیان، دەچنە ژووری غازەکەی تەنیشتەوە کە جێگای (٢٠٠٠) کەسی تێدادەبێتەوە. دەزگا زەبەلاحەکە دادەخرێت، چراکان دەکوژێنەوە و غازی "سیکۆن ب"ی تێکەڵ بە هیدرۆ سیانوور دەکەنە ژوورەوە. دوای بڵاوبوونەوەی غازەکە، ئەو زیندانییە یەهوودیانەی کە ئیشیان دەرهێنانی خنکێنراوەکانە، لاشەکان دەهێننە دەرەوە و لە کوورەکاندا دەیان سووتێنن، ئەم کارانە لە یەک یا دوو کاتژمێردا ئەنجام دەدرێن.

"پێنج ، پێنج لە شەقامی چوونە ژوورەوەدا دەڕۆنە پێشێ. ئەمە شەقامی دەرەکییە، بەڵام ئەوان نازانن کە تەنیا یەکجار بەم شەقامەدا تێ دەپەڕن. بە ڕێکی دەجووڵێن تا هیچ کەس بەسەریاندا نەگۆڕێنێ. دەگەنە



بینایەکی گەورە و ئاهێک هەڵدەکێشن.

ئاخیری گەیشتین.... کاتێک کە بەسەر ژنەکاندا دەگۆڕێن بۆ ئەوەی خۆیان ڕووت کەنەوە، ئەوان یەکەمجار پۆشاکی منداڵەکانیان دادەکەنن و بە ورياییەوە ئەم کارە دەکەن، نەکا لەخەو هەڵسن، منداڵەکانیان چەند ڕۆژێک لە سەفەردا بوونە، بۆیە هەنووکە بەهانە دەگرن و دەگرین. دواتر جلەکانی خۆیان دامالی و هەریەکەیان خاوەلییەکی دەدرێتێ. ئەوان ئەپرسن کە ئایا ئاوی حەمامەکە گەرمە، چونکە لەوە دەترسن کە نەکا منداڵەکانیان سەرمایان بێت. دوای ئەوەی کە پیاوەکانیش بە ڕووتی لە دەرگاکەی ترەوە دێنە ژوورەوە ژنەکان جەستەی خۆیان بە منداڵەکان دادەپۆشن، ڕەنگە ئەو دەمە بێت کە هەموو تێ دەگەن چ ڕوو دەدات."

شارلۆت دلبۆ



ژن و منداڵەکان یەک کیلۆمەتر و نیو بە پێیان دەڕۆن بۆ گەیشتن بە کوورەکانی ژمارە ٤ و ٥ی سووتاندن لە ئاوشۆیتیس. لە وێنەکەدا فاگۆنە بارهەڵگرەکان لە تەنیشت سەکۆکانەوە دەبینرێن.



## (٦٠٠) کوڕ

سالمن لۆتان کە، ئەندامی ئەو گرووپە بچکۆلانەیەی هەڵڕشتن و دەرهێنانی تەرمەکان بوو، ڕووداوێک کە خۆی شاهیدی بوە و لە ٢٠ تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ لە ئۆردووگای ئاوشۆیتیس – بیرکنائۆ ڕووی داوە. ئەم نووسراوەیە لە ساڵی ١٩٤١ لە ژێر خاکدا و لە نزیک یەکێ لە کوورەکانی ئۆردووگا دۆزراوەتەوە:

" نیوەڕۆ نزیکەی (٦٠٠) کوڕە منداڵی یەهوودی کە تەمەنیان لە نێوان ١٢ تا ١٨ ساڵان بوو، هێنایە ئێرەوە. ئەوان بە کراسی درێژ و ناسکی زیندان و بە کەوشی دڕاو و نەعلەوە هاتبوونە ئێرە(...)، کاتێک کە گەیشتنە شوێنەکە فەرماندەکە فەرمانی پێکردن کە جلەکانیان دابکەنن. کوڕەکان ئەو دووکەڵەیان بینی کە لە دوکەڵکێشەکانەوە دەهاتە دەرەوە و بە زوویی تێگەیشتن کە پاڵ پێوەدەنرێن بەرەو مەرگ. ئەوان بەملا و بەولادا هەڵدەهاتن و هەوڵی ڕزگاربوونیان دەدا . هەندێکیان گریانێکی قووڵ دای گرتبوون، لە دوورەوە گوێیان لە دەنگی گازاندە و پاڕانەوە بوو(...). کوڕەکان کە هەستیان بەترس و تۆقێنی مەرگ کردبوو، جلەکانیان دەرهێنا و لەلایەکەوە کۆبوونەوە بۆ ئەوەی دوور بن لە لێدانی پاسەوانەکان. منداڵێک بە ئازایەتی و نەترسییەوە چووە پێش فەرماندەکە و داوای لێ کرد کە نەیکوژێ و لەبەرامبەریشدا قورسترین کار دەکات، بەڵام بە چەندین دار و باتۆم وەڵامی درایەوە. ژمارەیەکی زۆر لەو منداڵانە هەڵاتن بۆ لای ئەو یەهوودییانەی کە بارەکان و تەرمەکانیان خاڵی دەکرد ودەستە و داوێنیان بوون تا ڕزگاریان بکەن، هەربۆیە

فەرماندەکە پاسەوانیکی گۆپاڵ بە دەستی (SS)ی بانگهێشت کرد بۆ هاوکاریکردنی.

دەنگی مەزڵوومانە و بێ گونایانەی ئەم کوڕانە خولەک بە خولەک بەرزتر دەبووەوە هەتاوەکوو لە ئەنجامدا گۆڕا بۆ گریانێکی تاڵ. دەنگی شین و ڕۆڕۆی ئەوان گەیشتبوونە ئاسمان. ئێمە تەواو لە هاتوهاوار و گریانی منداڵەکان حەپەسابووین. بە کرێگیراوەکانی (SS) بە بزەیەکی لەخۆرازیبوون لە سەر لێو و لەوپەڕی دڵڕەقیدا و وەک براوە و ڕزگارکەرێکی لەخۆبایی وەستابوون و کەوتبوونە گیانی منداڵەکان و بەرەو پەناگەکە پاڵیان پێوەدەنان(...). هێشتا هەندێک لە کوڕەکان بەملاو بەولادا هەڵدەهاتن و هەوڵی ڕزگاربوونیان دەدا. بەڕیوەبەرانی (SS) بە دوایاندا هەڵدەهاتن و وەحشییانە لێیان دەدان تا بارودۆخەکەیان کۆنترۆڵ کرد و توانییان بیانگەڕێننەوە بۆ پەناگەکە. چەکدارەکان لەرێژەبەدەر شادبوون، ئایا بۆ خۆیان منداڵیان نییە؟!"

## کارکردن لە دۆزەخ

ئەوانەی کاری خاڵیکردنیان دەکرد ئەو زیندانییانە بوون کە ئەڵمانییەکان ناچاریان دەکردن بە ئەنجامدانی ناحەزترین کار لە ئۆردووگاکاندا. ئەوانەی کە سەر بەم گرووپانە بوون بە دوور ڕادەگیران لە زیندانییەکانی دیکە و دنیای دەرەوە، چونکە ئەمانە نهێنی گەلی ترسناکیان لەلا بوون. کاری ئەوان ئەوە بوو کە ژوورەکانی غاز بەتاڵ بکەنەوە و ددانە زێڕەکان دەربهێنن و قژەکان بتاشن و دواتر مەیتەکان بخەنە نێو چاڵ و کوورەکانەوە و بیانسووتێنن. هەر ڕۆژە و ژمارەی ئەندامانی ئەم گرووپە کەم دەبوونەوە و کۆمەڵێک مردووی جووڵاوی دیکە جێگایان دەگرتنەوە.



یەکێک لەم پیاوانە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

"سروشتی بوو و دەمتوانی کە کارێکی وەها بکەم بکوژرێم و یا خۆم بکوژم، بەڵام من دەمویست بە زیندوویی بمێنمەوە و تۆڵەی خۆم بسێنمەوە و شاهیدی بدەم. وەها بیر مەکەنەوە کە ئێمە لە دێو و غوول دەچین، ئێمەش هەروەک ئێوەین، بەڵام ڕەزیلتر و بەدبەختتر(...)."

یەکێک لە ڕزگاربووەکان – پریۆ لوی – نووسەرێکی ئیتالی بوو. بە قسەی ئەو "دۆزەخاویترین تاوانی سۆسیالیستە نەتەوەپەرستەکان، هەڵبژاردن و ڕێکخستنی گرووپی خاڵی کردنەوە بوو(...)، لەم بارودۆخەدا هەوڵ دەدرا گوناهەکە بخرێتە ئەستۆی ئەوانی دیکەوە – بە مانایەکی دیکە بخرێتە ئەستۆی خودی قوربانییەکان – بەشێوەیەک هێمنی و ئارامییان کە لە بێتاوانیاندا بوو، لێیان بسەندرێتەوە."

لوی دەڵێت کە گرووپی خاڵیکردنەوە تەنیا یەک مانای هەبوو:"ئێمە سەردارەکان، وێرانکەری ئێوەین، بەڵام ئێوە لە ئێمە باشتر نین. ئەگەر مەیلی ئەوەمان هەبێت کە هەمانە، دەتوانین نەک تەنیا جەستەتان لەنێو بەرین، بەڵکوو ڕوحیشتان هەروەک ڕوحی خۆمان وێران بکەین." بە بڕوای لوی قەبووڵکردنی نازیزم بە لەنێوبردنی دەروونی کۆتایی دێت.

"..و لە هەموو ڕۆژ و شەوێکدا و هەر ڕۆژە و هەر شەوە لە دووکەڵدانەکانەوە، دووکەڵ بەرز دەبێتەوە، دوکەڵێک کە لە مادەی سووتێنراوی گشت وڵاتانی ئەورووپاییە."

شارلۆت دلبۆ

## کردنەوەی ژووری غاز

یەکێک لە نیگارەکانی دەیڤید ئاولەرە، ئەندامی دەستەی خاڵیکردن کە خۆی یەکێک لە ڕزگارکەرەکان بوو. ئاولەرە ئەو نیگارەی ساڵێک بەدوای شەڕ کێشاوە.



## شۆرش لە گێتۆ

سەرەرای خراپی و بارودۆخی نامرۆڤانەی ژیانی نێو گیتۆکانی وەرشۆ، ڕاپەڕین و بەربەرەکانی سەری هەڵدا. لە وێنەکەدا کۆمەڵێک لە ڕاپەڕیوەکان دەگوازرێنەوە و ئەوانی دیکە دەتوانن ڕابکەن. سیمکا ڕۆتم کە یەکێک بوو لە پاشماوەکانی کۆمەڵکوژییەکە، بەم شێوەیە باسی هەڵاتنی نێو گیتۆکان دەکات:



"سێ ڕۆژی یەکەمی بارودۆخی پێکدادانەکان لە دەستی یەهوودییەکاندا بوو. ئەڵمانییەکان بە زیاتر لە دە بریندارەوە بەرەو لای دەرگای گیتۆکە ڕایان کرد. دواتر بە فرۆکە و تۆپخانە هێرشیان کرد. ئێمە توانای بەربەرەکانیمان نەبوو بەتایبەت لەبەرامبەر هێرشە ئاسمانی و تاکتیکی ئەڵمانییەکان لە سووتاندنی گیتۆکەدا. گیتۆکە یەکپارچە ئاگر بوو و بڵێسەی دەپێکا. (...). وا بیردەکەمەوە کە هیچ کەس زمانی وەسفکردنی ئەو هەست و سۆزەی ئێمەی نەبوو لە گیتۆکاندا. لە شەقامەکانی گیتۆدا کە ئەگەر بتوانین بە شەقام ناویان ببەین، ناچار بووین بەسەر ئەو تەرم و لاشانەی کە کەڵەکە و کرابوون تێ پەڕین. جێگایەکمان نەبوو بچینە ناوی و سەرەڕای ئەوەش دەبوایە بە برسییەتی و تینوویەتی بەرەنگاری ئەڵمانییەکان بینەوە.

هیچ پەیوەندییەکمان نەبوو بە دنیای دەرەوە. بە تەواوی لە شوێنگەیەک و لەدەرەوەی دنیای دەورووبەرمان بووین. لە بارودۆخێکدا بووین کە درێژەدان بە بەربەرەکانی و ڕاپەڕین هیچ مانایەکی نەبوو.



بیرمان لەوە کردەوە هەوڵ بدەین بچینە دەرەوەی گیتۆ و بەنێو بەشی ئاریایی و وەرشۆدا تێپەڕین(...). بۆ بەیانییەکەی کە ڕۆژ بوەوە لە ناکاودا خۆمان لەنێو شەقامدا دیتەوە. بیری لێبکەنەوە کە هەوەڵی مانگی مەی ئێمە لە شەقامێکدا، سەرسووڕماو لەنێو خەڵکی ئاسایی وەستاوین هەروەک بڵەیت کە لە هەسارەیەکی ترەوە هاتووین(...) لە دەرووبەری گیتۆدا هەموو دەم پۆڵۆنیاییە گوومانداڕ و نەناسراوەکان هەبوون کە یەهودییەکانیان دەستبەسەر دەکرد. موعجیزە بوو کە ئێمە لە دەستیان ڕزگار بووین. لە بەشی ئاریانشینی وەرشۆ ژیانی ئاسایی ڕێڕەوی سرووشتی خۆی وەک هەمیشە تەی دەکرد. کافتریاکان وەک هەمووده‌م خەریکی کارکردن بوون و خواردنگە و پاس و سینەماکان کرابوونەوە. گیتۆ هەروەک جەزیرەیەک بوو لە نێو ژیانی ئاسایی."

## بەربەرەکانی و ڕزگاربوون

یەکێک لە گێڕانەوەی قەتڵ و عامی یەهودییەکان ئەوەیە کە شەش ملیۆن یەهوودی "هەروەک مەڕ بۆ کوشتارگا و پێست کەندن" بردران بەبێ ئەوەی کە هیچ جۆرە بەرگرییەک لەخۆیان پێشان بدەن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەزاران نمونەی لەم شێوەیە هەر لە بەربەرەکانی و خەبات لە ئینقیلابی نێو گیتۆی وەرشۆوە بگرە هەتا هێرشی چەکدارانەی یەهودییەکان بۆسەر هێزە ئەڵمانییەکان لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕوویاندا. ڕێکخستن لەنێو زیندانییە یەهوودی و نایەهودییەکانی ئۆردووگا کۆکراوەکان دەکرا بۆ بەربەرەکانی. ئەڵمانییەکان هەر هەوڵێکیان بۆ بەربەرەکانی بە توندوتیژترین شێوە تێکدەشکاند. تەنیا ژیانی ئەو لاوانە لە مەترسیدا نەبوو کە بەرەبەرکانیان ئەکرد، بەڵکوو ژیانی بنەماڵەکانیشیان بە



خوشک و برا و سەدان کەسی ترەوە دەکەوتە مەترسییەوە. ئەو زیندانییانەی کە لە گرووپی کاردا بوون، دەیانزانی کە هاوڕێ بەندییەکانیان لە کاتی ڕاکردنیاندا دەکەونە مەترسییەوە، تەنانەت زیندانییەکانی ئۆردووگای مەرگ دەیانزانی بەوەی کە ڕەنگە هەر ساتەو بکووژرێن، بەڵام ترسیان لە هەڵاتن هەبوو. خولیای ژیان یا بەلانیکەمەوە مەرگێکی شکۆدارانە کاریگەری دانا لە بڕیاری زۆرێک لە بەندییەکان.

ڕێکخراوی شەڕی یەهودییەکان لە گیتۆی وەرشۆ لە کانوونی دووەمی ١٩٤٣دا بانگهێشتی خەڵکیان دەکرد بۆ بەشداری لە ڕاپەڕین:

"ئەگەر وەک مەڕێک بەرەو کوشتارگا ڕێگا بگرینەبەر و خۆمان بدەین بە دەستەوە ئەوا ئازادی بەدی نایەت. ئازادی لە ڕێگای مەترسیدارەوە بەچەنگ دەکەوێت! کەسێک کە بەرگری لەخۆی بکات هەلی ڕزگاربوونی دەست دەکەوێت. کەسێکیش کە هەر لەسەرەتاوە خۆی لە مافە تایبەتییەکانی گێل بکات ئەوا لە سەرەتاوە دۆڕاوە! خەڵکینە هەستنەوە تا گرنگی خەبات و تێکۆشانتان بۆ دەربکەوێت! ئێمە دەبێت بژین، مافی ژیانمان هەیە(...)، خەڵکینە لەخەو ڕابن و بۆ ژیانتان تێ بکۆشن."

وا مەزەندە دەکرێت کە گرووپەکانی بەرگری لە نزیکەی ١٠٠ دانە گیتۆی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا، تەیار بوون، بەڵام ئاسانترین شێوازی بەرگری پێکهێنانی گرووپی پارتیزانی نێو دارستانەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بوو. نزیکەی (٢٠٠٠٠) یەهوودی کە هەندێکیشیان ئەو بنەماڵانە بوون توانیبوویان پێکەوە ڕابکەن، لەم گرووپانەدا خەریکی تێکۆشان و خەبات بوون، هەر لە ئەوروپای ڕۆژئاوا، لە فەرەنسا و

بەلجیکیا چالاکییان هەبوو. ژمارەیەکی کەم لە منداڵە یەهوودییەکان توانییان لە کلیسا یا لەلای بنەماڵە مەسیحییەکان لە پۆڵۆنیا و هۆڵەندا و فەرەنسا خۆیان حەشار بدەن و زۆربەشیان بە گوێرەی ئاینی مەسیحی پەروەردە دەکران. ئەڵمانییەکان سزای توند و دژواریان دانابوو بۆ ئەو کەسانەی کە یەهوودی حەشار بدەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەندێک هەبوون کە ئەم مەترسییەیان قبووڵ دەکرد. شێوەیەکی دیکەی بەرگریکردن، هەوڵدان بوو بۆ بردنەدەرەوەی یەهوودییەکان بە نهێنی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی نازییەکان. ئەم کارەش سانا نەبوو، چونکە چەندین وڵات بۆ ماوەیەکی زۆر، سنوورەکانی خۆیان داخستبوو، بۆنموونە هەندێک لەو یەهوودییانەی کە توانییان و سەرکەوتن بە بڕینی سنوورەکان و چوونە نێو سویسراوە، دووبارە ناردیاننەوە بۆ ئەڵمانیا. هەندێکیشیان توانییان بە بڕینی ڕێگایەکی دوور و درێژ خۆیان بگەیەننە فەلەستین و هەندێکی دیکەشیان چوونە شوێنە دوورەکانی وەک شانگهای. ئەم شارە لە ماوەی شەڕدا لە لایەن یابانەوە واتە هاوپەیمانی ئەڵمانیاوە بەڕێوەدەبرا، بەڵام ڕازی نەبووبە ئایدۆلۆژیای دژە یەهوودیی نازییەکان.

"هەر شتێک دەتوانرا بە بەرەنگاری لە قەڵەم بدرێت، چونکە هەمو شتێک قەدەغە بوو. هەر جۆرە چالاکییەک کە دەرخستبایە زیندانییەک تایبەتمەندیی تاکایەتیی پێشووی خۆی تێدا ماوە، ئەم ڕەفتارەی بە بەرەنگاری لەقەڵەم دەدرا."

ئاندریا دۆتۆ

پزیشکی دەروونیی خەڵکی ئیتالیایی



"دواتر بە زمانی ڕووسی وتی:

هاوڕێیان!

ئەمە جوانترین ڕۆژی ژیانی منە، چونکە بە چاوەکانی خۆم دیتم کە خەڵکانێکی زۆر گیتۆیان بەجێ هێشت! .... من هیچ قەولێکتان پێ نادەم، ڕەنگە لە پێناو هەوڵدان بۆ زیندوومانەوە بکوژرێین، بەڵام دەبێت بەلانیکەمەوە هەرچی زیاتر هەوڵ بدەین تا گیانی خەڵکانی زۆرتر ڕزگار بکەین. شێوەی کارەکەمان بەم شێوەیە دەبێت: ئێمە خەڵکەکە لێک بڵاوناکەینەوە. پیرەکان، منداڵەکان و ژنەکان لەنێو نابەین. ژیان دژوارە، بەڵام هەموودەم لە مەترسیدایین ئەگەریش لەنێو نەچووین. ئەگەر کوژراین، وەک مرۆڤ دەمرین."

مۆشە بایراش

ئەندامی ئۆردووگای بنەماڵەیی بیلسکی

## پارتیزانەکانی نێو دارستان

تۆیوا بیلسکی، یەهوودیی پۆڵۆنیایی، بڕیاری دا کە لە دەسپێکی داگیرکارییەکانی ئەڵمانیا خۆی بشارێتەوە. ئەو گرووپێکی هاو ئامانجی کۆکردەوە لە دارستانەکانی ڕووسیەی سپیی ڕۆژئاوا. بیلسکی بڕیاری دا کە ئەم گرووپە نەک هەر دیفاع لە خۆی بکات، بەڵکوو چالاکانە بگەڕێت بە دوای ئەو یەهوودییانەی کە پێویستیان بە هاوکاری هەیە و دواتر لە گرووپێکدا کە بە پارتیزانەکانی بیلسکی ناودەبران، ڕێکیان خستن. لە چالاکی ئازادکردنی ساڵی ١٩٤٤، نزیکەی (١٢٠٠) پیاو و ژن و منداڵ لەژێر چاوەدێری پارتیزانەکان بە زیندوویی مانەوە و ڕزگاریان بوو. ئەم گرووپە لەبەر ئەوەی کە لەسەر ئەو باوەڕە بوون ڕزگارکردنی یەهوودییەکان لە کوشتاری



ئەڵمانییەکان باشترە، توانییان لە شەڕدا بە سەلامەتی ڕزگاریان بێت. لە دارستانەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەڵمانییەکان، لە پۆڵۆنیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شورەوەی چەندین ئۆردووگای بنەماڵەیی هاوشێوە هەبوون. لە وتەکەی پێشوودا، مۆشە بایرۆن قسەکانی بیلسکی لەو سەردەمەی کە ئەوکاتە لەوێدا چاوی پێ کەوتوە دەگێڕێتەوە.

## شۆڕش لە گیتۆی وەرشۆ

بەدوای بردنەدەرەوەی ٢٥٠٠٠٠ یەهوودی لە وەرشۆ بەرەو تربلینکا، ئەندامانی بەجێماوەی جووڵانەوەی بەرگریی یەهوودییەکان بەو ئاکامە گەیشتن کە هیچ چارەیەکیان نییە جگە لە بەرەنگاری چەکدارانە. چەکدارە ئەڵمانییەکان لە ١٨ کانوونی دووەمی ١٩٤٣دا، چوونە نێو گیتۆوە تا دانیشتووە بەجێماوەکانی دیکە ببەنە دەرەوە. ئەوان لەگەڵ هێرشی ڕاستەوخۆدا بەرەو ڕووی دوژمن بوونەوە و بە ئاگر و ئاسن



وەڵامیان درایەوە و یەکەم زەرەر و زیانیان بەرکەوت. سەرەڕای ئەوەی کە ئەڵمانییەکان توانییان ٦٠٠٠ یەهوودی بۆ بردنە دەرەوە کۆبکەنەوە، بەڵام بە حەپەساوی پاشەکشێیان کرد. گیتۆ بۆ ماوەی چەندین مانگ وازی لێ هێنرا. لەم ماوەیەدا جووڵانەوەی بەرگری توانییان سەدان سیلاحی کەمەری و بچووک و تفەنگ و ڕەشاش پەیدا بکەن. سەرەڕای ئەوەی کە چەندین نارنجۆک و قومبەلەی دەستی و چاککراویان هەبوو. ٨٠٠ ژن و پیاو ئامادەی شەڕی داسەپاوی بێ ئەملا و ئەولا بوون، پەناگە و حەشارگەی تایبەتیان دروست کرد. ڕاپەڕین لە ١٩ نیسانی ١٩٤٣ بە هاتنە ژوورەوەی ئەڵمانییەکان دەستی پێ کرد. سەرەڕەای ئەوەی کە ئەڵمانییەکان بە پشتیوانیی دەبابەکانی خۆیان هاتنە گیتۆوە، بەڵام بەرگری و بەربەرەکانێ ئەودەم گەرمتر بوو کە ئەوان تاکتیکی خۆیان گۆڕی و سوودیان لە تۆپخانەو تەنانەت هێرشی ئاسمانی وەرگرت. مۆردەخای ئانیلۆویچ، یەکێک لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە لە شەشەمین ڕۆژی ڕاپەڕیندا بەمشێوەیە دەنووسێت:

"شتێک بە ڕوونی دیارە، ئەوەی کە ڕووی دا لە دەرەوەی ڕوانگەی ئێمە بوو. ئەڵمانییەکان دووبارە هەڵاتن لە گیتۆ (...)، زەرەرو زیانی ئێمە سەرەتایی بوو."

ئەڵمانییەکان ئاگریان بەردایە خانووەکان و ئەوانەی کە خۆیان شاردبووەوە دەریان هێنان و بە گوللە غەڵتانی خوێنیان کردن. ڕووبەڕووبوونەوەکان لە نزیک گیتۆ نزیک بە سێ حەوتوو درێژەی کێشا. یەکێک لە پیاوانی جووڵانەوەی بەرگری کە بە زیندوویی ڕزگاری بوو دەنووسێت: "ئێمەش لە بەرانبەریاندا جەنگاین، ئەم کارە مەرگی بۆ ئاسانتر کردین و تەحەمولی چارەنووس سادەتر بوو."




*هیچکات مەڵێ کە کۆتایی کار نێزیکە*

*هەرچەندە کە کۆمەڵە هەورێ وەک مسی قورس ئاسمانی شینیان داپۆشی بێت، ئەگەر ئەو کاتەی کە ئێمە ئارەزووی دەکەین بۆ ئەوەی بگاتەجێ، شوێن هەنگاوەکانمان پێمان دەڵێت: ئێمە لێرەین!*

هێرش گلیک (١٩٢٠ – ١٩٤٣) چووە نێو پارتیزانەکانی گیتۆی وێلنیوز لەساڵی ١٩٤٣. ئەو بە پێشینە و ئیلهام وەرگرتنی شۆرشی گیتۆی وەرشۆ، ئەو گۆرانییەی سەرەوەی بەرهەم هێنا کە بە گۆرانیی پارتیزانە یەهوودییەکان ناسراوە.

"لە دەمژمێر چواری تەواوی دوانیوەڕۆ، بە گرووپەکان ڕاگەیاندرا کە بۆ وەرگرتنی سیلاح بەرەو گەراج بەڕێ بکەون. ڕۆداک کە خەڵکی بلۆک بوو، بەرپرسی ڕاستەوخۆی سیلاحەکان بوو. هەموو ئەوانەی کە بۆ وەرگرتنی چەکوچۆڵ دەهاتن دەبووایە وشەی





نهێنیی(مەرگ!) بهێننە زمان و دواتریش بەپەلە وەڵام وەرگرنەوە. (ژیان!)، (مەرگ! – ژیان!)، (مەرگ! – ژیان!)...

ئەم وشانە بە پەلە و بە گەرمی دووبارە دەکرانەوە و دەستەکان بە پەلە بەرەو وەرگرتنی سیلاحەکان درێژ دەکران. فەرماندە زلۆمێر بە تەور بەدوای دوو پاسەوانی (SS) دەکەوێت و خۆیان دەگەیەنێتە سەر. ئەو فەرماندەیی گرووپەکە دەگرێتە دەست. لە تەنیشت گاراجەکەوە زرێپۆشێکی ئەڵمانییەکان وەستاوە. ڕۆداک پێشتر ماتۆرەکانی لەکار خستبوو. ئەو لەکاتی تەقەکردنی ئەڵمانییەکان لە پشتییەوە خۆی حەشار دابوو. گوللەکانی ئەو کورت میدلار و چەندین پاسەوانی دیکەی سەگی هیتلەر دەپێکان و دەیان کوژن. لەنێو هاوڕێکانیدا سیلاح دابەش دەکرێت. ئەوانی دیکە بە تەور و بێل و پاچ هێرش دەکەنە سەر ئەڵمانییەکان(...)، بەشێکی زۆر لە هاوڕێکانی ئێمە دەکوژرێن، بەڵام لە ئەڵمانییەکانیش زۆر کوژران. ژمارەیەکی کەم لە ئێمە بە زیندوویی ماینەوە."

ئیستانیسلاو کاون

لە بەشدارانی ڕاپەڕینی ئۆردووگای

مەرگی ترێبلینکا کە لە مردن ڕزگاری بووە

## شۆرش لە ئۆردووگای مەرگ

راپەڕینەکانی ئۆردووگای مەرگ لەهەموو ئەو هەوڵانەی کە بۆ بەرگریکردن دەدران لە سەردەمی قەتڵوعامی یەهوودییەکاندا زیرەکانتر بوون و چارەنووسێکی نادیاریشیان هەبوو. زیندانییە یەهودییەکان ئەوەیان دەزانی کە ئەڵمانییەکان بە زیندوویی نایانهێڵنەوە و هەموودەم ئەگەری کوژرانیان زۆرە و هەڵاتنی هەر بەندکراوێکیش کوشتنی بەکۆمەڵی لێ دەکەوتەوە، سەرەڕای ئەمەش سێ ڕاپەڕین ڕوویان دا کە یەکیان لە ئابی ١٩٤٣ لە تربلینکا بوو و دووەمیان لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ لە سۆبیبۆر و دواهەمینیان لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ لە ئاوشۆیتیس – تربلینکا.

لە تربلینکا ڕاپەڕینەکە لە دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووەمی مانگی ئووت دەستی پێ کرد. چەند کەسێک لە بەندییەکان سیلاح و چەکوچۆڵیان دەست کەوتبوو و هەندێکی دیکەشیان بە تەور و بێڵ و بە دەستی بەتاڵ هێرشیان کردە سەر پاسەوانەکان. چەند بینایەکی ئۆردووگاکە ئاگریان تێ بەردرا. لەو پێکدادان و ڕاپەڕینەی کە دروست بوو، نزیکەی ٧٠٠ زیندانی هەڵاتن، بەڵام زۆربەیان دەستبەسەر کرانەوە و کوژران. کەمتر لە ١٠٠ کەسیان ڕزگاریان بوو بە دوای ڕاپەڕینەکەدا.

ژوورەکانی غاز تا دوو حەوتوو بەدوای ڕاپەڕینەکەوە هەر خەریکی سووتاندنی هەڵاتووەکان بوون. ڕاپەڕینی سۆبیبۆر لە جۆری خۆیدا ڕێکخراوتر بوو، لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی (SS) و هاوکارە ئۆکرانییەکانیان کووژران. لە ٥٥٠ بەندکراو لەو شڵەژانەدا تەنیا ٣٢٠ کەسیان توانییان ڕابکەن. دواتر نزیکەی ١٧٠ کەسیان گیرانەوە و گوللەباران کران. هەتاوەکوو کۆتایی ئەم ڕاپەڕین و



تێکهەڵچوونانە تەنیا (٤٨) کەسیان توانییان بە زیندوویی بمێننەوە. ئەم ئۆردووگایە لە کۆتایی ڕاپەڕینەکەدا هەڵوەشایەوە. پاییزی ١٩٤٤ کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییەکانی بیرکنائۆ دەستی پێ کرد. زیندانییە بەجێماوەکانی خاڵیکردنی ژوورەکانی غاز دەیانزانی کە دوایین ڕۆژەکانی ژیانی خۆیان تەی دەکەن.

ڕۆژی حەوتەمی ئۆکتۆبەر کوورەی مرۆڤ سووتاندنی ژمارە چوار بە مادەی تەقینەوە کە بە دزی هێنرابووە ئۆردووگاوە تەقێنرایەوە. بەپێی ئەو قسانەی کە دەبیسترا، هیچ کەس لەم ڕاپەڕینەدا ڕزگاری نەبووە. هەر لە دوای ئەم ڕاپەرێنەدا یەکسەر هیملێر – فەرماندەی (SS) – بڕیاری هەڵوەشاندنەوە و لەنێوبردنی کوورەکانی مرۆڤ سوتاندنی دەرکرد.

## بەرگرییە مەدەنییەکانی ئەڵمانیا

هەرچەندە کە ئەڵمانیای نازی وڵاتێکی تەک حزبی بوو، بەڵام هاووڵاتییە ئاساییەکانی ئەڵمانیا دەیانتوانی لەبەرامبەریدا بەربەرەکانی بکەن. ئەم کارەش بە چەندین شێوە بوو، هەموویان مافی هەڵبژاردنیان هەبوو و دەیانتوانی پشتگیری لە تاوانەکانی ڕژێم نەکەن، بەڵام ژمارەیەکی کەم هەنگاویان هەڵێنایەوە. پاڵپشتینەکردن و خەمساردی بۆ ڕژێم سزای بۆ دیاری نەکرابوو، تەنیا بەرەنگاریی چالاکانە، مەترسیی بەپەلەی بەدواوە بوو. گشتاپۆ چاودێریی ئەو کەسانەی نەدەکرد کە پاڵپشتی ڕژێمیان نەدەکرد، بەڵکوو پشت ئەستوور بوون بەو زانیارییانەی کە خەڵکانی ئاسایی لەمەڕ دراوسێ و هاوەڵەکانیانەوە دەیانخستە بەردەمیان و تا ئەوان بتوانن دەستبەسەریان بکەن. ئەوەی کە خەڵکی ئەڵمانیا چەندە ئاگایان لەو



کوشتار و قەتڵوعامەی هەبوو هێشتاکەش جێگای پرسیارە، بەڵام ئەمە گومانی تیا نییە کە ئەوان ئاگایان لەو کوشتارە و جینایەتێکی وەها هەبوو و هەواڵەکەی لەنێو خەڵکی ئاساییدا بڵاو بووبووەوە، سەرەڕای ئەمەش خەڵکانێکی کەم نارەزایەتیی خۆیان دەربڕی سەبارەت بەم تاوانانە. شاهێدانی یەهووە(یەهوودی) گرووپێک بوون کە رەخنەیان لە رژێم دەگرت و لەبەرامبەریشدا تووشی چەرمەسەرییەکی زۆر هاتن. ئەمانە خۆیان بەدوور ئەگرت لە سوێندخواردن سەبارەت بە وەفادارمانەوە بۆ هیتلەر وئەڵمانیای نازی. بەربەرەکانی و دژکردەوەی ئەم گرووپە جێگای سەرنج بوو، چونکە تەنیا واژووکردنی بەرگەیەک بەس بوو بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێننەوە و رزگاریان بێت و لێیان خۆشبن، بەڵام زۆر بەکەمی ئەو کارەیان دەکرد. لە ئەڵمانیادا ٢٠٠٠٠ کەس لایەنگری ئەم گرووپە بوون کە هەزاران کەسیان گیران و نێردرانە نێو ئۆردووگاکانەوە. گریمانەی ئەوە هەیە کە لەسەدا ٢٥ یان کوژرابن. لاوە بەرهەڵستکارەکان زۆر



بوون کە بەدژایەتیکردنی رژێم و رێکخراوی لاوانی هیتلەر، لەنێو گرووپگەلی وەک دزانی دەریایی ئادلوایز و سوئینگ کیدز کە لە رێگای سەما ماندووکەرەکەیانەوە لەگەڵ مووزیکی جازی ئەمریکی رەخنەیان لە دەسەڵات دەگرت. سەرەڕای ئەوەش کە لە نێو ئەندامانی لاوانی رێکخراوی هیتلەر و دزانی دەریاییدا پێکدادان و شەڕی قورس رووی دەدا، بەڵام نازییەکان لەسەرەتادا نەیاندەزانی کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم گرووپانە بکەن. لە پایزی ١٩٤٤ نازییەکان هێرشی قورسیان کردە سەر ئەم گرووپانە، بەتایبەت سەرکردەکانیان و چەند کەسێکیان لێ لەسێدارە دان.

جووڵانەوەی لاوانی ناسراو بە دزانی دەریایی ئادلوایز دژی رێکخراوی لاوانی هیتلەر خەباتیان دەکرد. نۆڤەمبەری ١٩٤٤ چەندین کەسیان لە کۆڵن لە سێدارە دران. یەکێک لە گۆرانییەکانی خەباتەکەیان ئەمەی خوارەوە بوو:

**"لە زەختی هیتلەر وەزاڵە هاتووین**
**کەلەبچەی کردووەتە دەستمانەوە،**
**بەڵام....**
**بەزوویی زەمەنی ئازادی دەگاتە جێ،**
**ئێمە کەلەبچەکان دەشکێنین (...)**
**رێکخراوی لاوانی هیتلەر وێران دەکەین..**
**بەرەو پێش، ئادلوایز**
**هیچکات دەستی کەس پێمان ناگات!."**

لەنێوان کانوونی دووەمی ١٩٤٢ و فۆرییەی ١٩٤٣ گرووپێک بە ناوی بزووتنەوەی رۆزی سپی لە مۆنیخ هەبوو. ئەم گرووپە بچووکە لەلایەن

خوشک و برایێکەوە بە ناوەکانی سۆفی و هانس شۆڵ و مامۆستایەکی زانکۆ بە ناوی کۆرت هۆبر پێکهاتبوو. ئەوان بە ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکانیان خەڵکیان هاندەدا بۆ ئەوەی کە نازییەکان مەحکوم بکەن تا دژایەتی خۆیان پێشان بدەن بۆ کووشتاری یەهودییەکان و ڕەخنەگرتن لەم کردەوە و تاوانە. چالاکی ئەم گرووپە لەلایەن گشتاپۆوە ئاشکر کرا و ئەندامەکانی ڕۆژی سپییان ئیعدام کرد. ئەلیسکاندێر شمورل کە یەکێک بوو لە ئەندامانی ئەم گرووپە لە دواهەمین نامەی خۆیدا بەمشێوەیە دەنووسێت:

"ئێمە لەتەنیشت هانسەوە لە دژی ڕژێمی نازی جەنگاین و خەباتمان کرد، بەڵام ئاشکرا کراین و مەحکووم کراین بە مەرگ."

## ڕەخنەی ڕۆسن ئیستراوس

یەکێ لە سەیرترین و خۆشترین دژکردەوەو ڕەخنەکانی دژی ڕژێمی نازی لە مارسی ١٩٤٣ بە شێوەیەکی تەواو ئاشکرا لە شەقامەکانی بەرلیندا ئەنجامدرا. ڕژێم لە کردنەدەرەوەی ئەو پیاوە یەهودییانەی کە ژنی نایەهودیان هێنابوو کەوتنە ترس و گومانەوە، چونکە دڵگران بوون لە دژکردەوە و ڕەخنەی خەڵکی، بەڵام ئامادەیی یەهودییەکان لە بەرلین هۆکاری دڵگرانی تووندی وەزیری هەواڵگری جۆزێف گوبلز بوو هەر بۆیەش بریاری کردنەدەرەوەی یەهودییە بەجێماوەکانی بەرلینی دەرکرد. دڵگرانی نازییەکان بێ بنەما نەبوو، چونکە هەزاران ژن لە بەرامبەر ئەو بینایەی کە مێردەکانیان تێیدا بەند کرابوون دەستیان دایە دژایەتی و ڕێپێوان ئەو ڕووداوەکان بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

"ژنان بە ڕووی پاسەوانەکاندا هەڵدەشاخان و بە بکوژ ناویان



دەبردن"و نەک هەرجارێک، بەڵکو چەندین جار هەتاوەکو هێز تا برستمان لێ دەبڕا". ئەم دژکردەوەیەش ئەنجامی هەبوو و زۆربەی ژنەکان مێردەکانی خۆیان وەرگرتەوە. لە کۆتایی شەڕدا لە سەدا ٩٨ی یەهوودییە ڕزگاربووەکانی ئەڵمانی ئەو پیاوانە بوون کە ژنەکانیان غەیرە یەهودی بوون.

دوو منداڵی یەهوودیی ئەڵمانیا لە دوای چوونە ژوورەوەیان بۆ بەریتانیا لە ساڵی ١٩٣٨.



لە بەر ئەوەی ئیزنی چوونە ژوورەوەی بنەماڵەکان بۆ وڵاتانی دیکە دژوار بوو، هەر بۆیە زۆربەی دایک و باوکەکان ئەو بڕیارە دژوارەیان دا کە منداڵەکانیان بە تەنیایی بنێرنە لای خزم و کەسوکارەکانیان.

بە دوای شەوی کریستاڵدا یاسا و ڕێوشوێنی توند، دژی پەنابەرە یەهوودییەکان لە وڵاتانی دیکە ئاسانتر کرا بە تایبەت کە بۆ هەندێ منداڵ ڕیزپەریش هەبوو. ئەم جۆرە بنەماڵانە لە دوای شەڕ زۆر بە کەمی بەیەک گەیشتنەوە.

## سوید بەرگری دەکات

هەرچەندە کە مەبەستی نازییەکان ئەوە بوو دەستیان بگات بە هەر یەهوودییەک و بکوژن و سەرەرای ئەوەش لە پراکتیکدا سنوورێک بۆ ئەم کارە لە گۆڕێدا بوو. یەکێک لەم لەمبەرانە کە لەبەردەم هاووڵاتی بوونی یەهوودییەکاندا بوو ئەو وڵاتانەبوون کە ئەڵمان پێویستی بە پەیوەندیی باش هەبوو لە گەڵیاندا. ئەم کارەش وڵاتگەلی بێ لایەنی وەک سوید و وڵاتانی یەککگرتوو لە گەڵ ئەڵمانیادا بوو. لە دوای جێبەجێکردنی ڕێگا چارەی کۆتایی کێشەی یەهوود لە نەرویج لە ساڵی ١٩٤٢ دیپلۆماتە سویدییەکان تێ گەیشتن کە هاووڵاتیبوونی سوید دەتوانێ یەهوودییەکان بپارێزێت. لە پراکتیکدا ئەم پەیوەست بوونە پارێزەرگرییە بۆ یەهوودییە ناسویدییەکان. دیپلۆماتەکان لەوە ئاگادار بوونەوە کە ئەگەر بێت یەهوودییەکان ڕزگاریان بێت لە کردنەدەرەوە، ئەوا شانسی زیندوو مانەوەیان زۆرە.

دیپلۆماتەکان دانیشتنی خۆیان هەموو ڕۆژێ لەگەڵ بەرپرسانی





ئەڵمانی لە نەرویج، دانیمارک، هەنگاریا، ئەڵمان و فەرەنسا دەست پێ کرد. سوید بە زوویی بە ئەڵمانییەکانی ڕاگەیاند کە بەرژەوەندی سیاسیی سوید لە ڕزگاری و خۆشگوزەرانی هەندێک یەهودی دایە و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەڵمانییەکان نەتوانن بەوجۆرەی کە خوازیاری بوون ڕەفتار بکەن. سوید دەستی دایە بەرگریی ئیداری و سەلماندی کە تەنانەت فەرمانبەرە ئیدارییەکانیش دەتوانن لە بەرامبەر نازییەکانیدا بوەستنەوە. سویدییەکان لە بۆداپۆست توانییان بە هەبوونی ئەیوان دانیلسۆن، پرانگێر، لارش بری و ڕائول والنبریش لە شوێنگەی خۆیان وەک دیپلۆماتگەلی ناپابەند بچنە کایەکەوەو داکۆکی و پارێزگاری لە ٢٠٠٠٠ تا ٣٠٠٠٠ یەهوودی بکەن. دیپلۆماتەکانی وڵاتانی سوید، دەوڵەتی واتیکان، ئیسپانیا وڵاتانی دیکە لە بۆداپۆست سودیان لەم تاکتیکە وەرگرت.

ڕائول والێنبری دیپلۆماتی سویدی لە پشت مێزی کارەکەی لە بۆداپۆست.

بە چوونە نێو سەفارەتی سوید لە تەمموزی ١٩٤٤، ئەم سەفارەتە گڕوتینێکی گەورەی لە خەبات بۆ یارمەتیدانی یەهوودییەکان لە بۆداپۆست بە خۆیەوە دیت.

دکتۆر ئاڵ پۆرستۆڵت بە دوای ئەوەی کە سەفارەتی سوید یارمەتیی دایک و باوکی دابوو لە ٢٥ ئایاری ١٩٤٤ بەم شێوەیە بۆ وەزارەتی دەرەوەی نووسی:

"... ئێزن دەخوازم لە وەزارەتی دەرەوەی پادشاهی و لە دڵەوە سوپاسی ئەو هەنگاوە خێرایانەی سەفارەتی سوید لە بۆداپۆست بکەم. نامەی پارێزەری ئێوە لە ژێر هەر بارودۆخێکدا کاریگەریی خۆی

دەبێت، واتە کەمبوونەوەی دڵگرانی و پاڵپشتیی ڕووحی بۆ دایک و باوکم و ئەو مرۆڤانەی کە لە بارودۆخی وەهادان، پاڵپشتی دەوڵەتێکی ئەورووپی بێشک دەبێ بەهاکەی بەقەدەر بەهای ژیانی بەرامبەر بێت...."

ولێنبری لە کانوونی دووەمی ١٩٤٥ لە لایەن ئەرتەشی سووری شورەوییەوە دەستبەسەرکرا و هیچ کات نەگەڕایەوە بۆ سوید. لە چارەنووسی ڕاستەقینەی ئەم پیاوە زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەر دەستدا نییە.

"گوناه لە ئەستۆی نازییەکانە... بەڵام ئەگەر بتوانین کارێک بۆ ڕزگارکردنی قوربانییەکان ئەنجام بدەین و نەیکەین و بە زوویی هەنگاو هەڵنەگرینەوە ئایا بێ تاوانین؟ ئەگەر دەوڵەتەکانی ئینگلیستان و ئەمریکا بیانویستایە دەیانتوانی ڕێگایەک بۆ ڕزگارکردن بدۆزنەوە کە وەڵامدەری ئەو خواستە بەربڵاوانە بێت.."

جۆرج بێڵ،
ئۆسقۆفی چیمپێر(ئینگلیستان)
١٨ مانگی ئایاری ١٩٤٣

## بینەر

ئەمڕۆکە مێژوونووسان، بەشدارانی قەتڵوعامی یەهودییەکان بۆ سێ دەستە دابەش دەکەن – جێبەجێکەر، قوربانی و بینەر. گرووپی دوایی لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە سەیرترین گرووپە. زۆر قورسە کە بتوانیت ئەو کەسانە بە تاوانبار بزانیت کە کارێکیان ئەنجام نەداوە. ڕەخنەگران، کاردانەوە یا هەنگاوهەڵنەهێنانەوەی گرووپی تەماشاچی



بە جۆرێک لە بەشداربوونی ئەم کارەساتە دەزانن، بەڵام ئەگەر بێت و بەم شێوەیە قەزاوەت بکەین دەبێت هۆکارەکانی خۆپارێزی و بێ هەڵوێستیی وەبەرچاو بگرین، ئێمە دەزانین لە لایەن ئەوانەی کە بە بینەر ناودەبرێن، لە پلەی یەکەمدا دیمۆکراسییەکانی ڕۆژئاوا، چەندین جار داوای یارمەتییان بۆ یەهوودییەکان کردووە، ئایا ئەو وڵاتانەی کە بە تەماشاچی ناودەبرێن، بەرپرسیارەتییان لە ئەستۆدا بوو لە بەرامبەر ڕزگاریی گیانی چەندین ملیۆن یەهوودی لە نەتەوە جیاوازەکان ؟ لە دەیەی١٩٤٠ بۆ ئەم پرسیارە وەڵامێکی دیاریکراو نەبوو و ڕوانگەی جیاواز لەم بارەوە بەرگوێ دەکەوت، یەکێتیی سۆڤیەت بۆ سەلماندنی خۆی خەباتی دەکردو سەرەرای ئەوەی کە ئەم وڵاتە یارمەتییەکی لە ڕادەبەدەرکەمی یەهوودییەکانی دا، بەڵام لە ماوەی شەڕدا یەهوودییەکانی دوورخستەوە. سیاسەتی دەوڵەتی واتیکان لە بەرامبەر ئەڵمانیای نازی گۆڕا بوو. زۆرێک لەکەشیشەکان لە ماوەی شەڕدا منداڵە یەهوودییەکانیان شاردەوەو هەندێکیشیان یارمەتیی نازییەکانیان دا کە لە دوای شەڕ هەڵێن بۆ ئەمریکای باشوور. ئانجێلۆ ڕۆتا، نێردراوی پاپ لە بۆداپۆست یارمەتیی هەزاران یەهوودیی دا، لە حاڵێکدا کە کەشیش جۆزێف تیسۆلە ئۆسلۆاکی، دەیان هەزار یەهوودیی ئەو وڵاتەی ڕاپێچی کوورەکانی غاز کرد. ئەم جۆرە دیاردانە دژایەتیی قەزاوەتی گشتی، دژوار دەکات. هەڵسەنگاندن و قەزاوەت لە سەر تەماشاچییەکان وەک بابەتێکی هەستیار هەر وا ماوەتەوە.

"وا پێ دەچێت خەڵکی ڕایشی سێیەم بە مەیلی خۆیان زانیارییەکی زیادیان(بۆ نموونە لەمەڕ کوژرانی هاووڵاتییانی ئەڵمانی) و یا زانیارییەکی زۆر کەمیان

(بۆ نموونە لە مەڕ هاوولاتییانی یەهوودی) هەبووبێ. ئەوەی کە لێی بێ ئاگا بوونە لە سەر بنەمای هۆکارگەلێکی ڕوون، مەیلیشیان بۆ زانینی نەبووە، بەلام کاتێک مرۆڤ خولیای بۆ زانین نییە هەموو دەم بەو مانەیەیە کە بە ڕێژەیەکی تەواو دەزانێت کە خولیای بۆ زانین نییە..."

ج. پ. ئیسترین – مێژوونووسی بەریتانی
و یەکێک لە شاهیدانی کارەساتەکان

کاتێک هێزەکانی هاوپەیمانان لە کۆتایی شەڕدا، فەرمانی ئازادکردنی بەندییەکانیان دا لە ئۆردووگاکاندا، چاویان بە دیمەنێکی وەها کەوت کە بە تەواوی پێی شڵەژان و تێک چوون. ئەو دیمەنەی کە ناچاری کردن داوا لە خەڵکی ناوچەکە بکەن بۆ خستنەژێر گڵی هەزاران لاشەی لاوازی مردوو. لە وێنەکەدا خەڵکی سیڤیلی نۆرەنبێرگ دەبینرێن کە ناچار بوون تەرمی بەجێ ماوە بەندکراوەکانی نێو ئۆردووگاکان لە نێو شارەکەیاندا بۆ گۆڕستانەکان بەرن.



"من ئەم ئەزموونە لە دایک وباوکمەوە فێر بووم کە – پاڵپشتی حیزبی مللیی خەڵکی دەکرد – مرۆڤ دەتوانێت بڕوای دژە یەهوودییەتی هەبێت بێ ئەوەی کە ئەم کارە



کاریگەری دابنێت لەسەر پەیوەندییە شەخسییەکانی لەگەڵ کەسێکی یەهوودییدا . ڕەنگە وابیر بکەمەوە کە لەم بابەتەدا پینەیەک هەیە لەم نێوەندەدا، بەلام ئەوەی کە دواتر بە تەواوی ماناوە بەرگریم لە نیزامی سیاسەتی دژە مرۆیی کردووە بە بێ ئەوەی کە بە دروستی شک بکەم بەهۆی ئاڵۆزی بیرکردنەوە بووە. کاتێک بەسەرماندا دەسەپێنرا کە هۆکاری گشت بەدبەختییەکانی ولات بە هۆی یەهوودییەکانەوەیە، یا ئەوەی کە یەهوودییەکان شۆرشگێڕ وخەباتگیڕن و خوێنان ئەخلاقی پیسی تێدایە، ناچاریان نەدەکردم کە وەک ئێوە یا بەڕێز لوی یا ڕۆسڵ کۆهەن بیربکەمەوە، من تەنیا بیرم لە ڕوحی خەیاڵیی یەهوود دەکردەوە و ئەودەمەی کە گوێم لێ بوو یەهوودییەکان ناچارکراون ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ بهێڵن و لە گیتۆکاندا بەندکراون، بیرم بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی گۆڕانی بەسەردا هات، بەجۆرێک بیرم لەوەنەدەکردەوە کە ئێوە یا لوی پیریش ڕەنگە تووشی ئەم چارەنووس بن. ئەمە تەنیا یەهوود بوو کە جێگای ئازار و چاوودێری بوون و (مەترسییەکەی دەرەوییەوە)."

ملیتا ماشمێن – سەرنووسەری بۆند دۆچێرمێدڵ
بەشی تایبەت بە کچانی (١٤ تا ١٨ ساڵ) لە ڕێکخراوی لاوانی هیتلەر

لاوێکی یەهوودی لە ڤیەنا دەکەوێتە بەر گاڵتەپێ کردن و سزاوە و ناچاری دەکەن کە بینایەکی یەهوودی پیس بکات کە لەژێر چاودێری چالاکییەکانی حزبی نازیدا بوو.

## شاهیدەکانی کۆمەڵکوژی یەهوودییەکان

هەر لە یەکەمین ڕۆژی داگیرکردنی پۆڵۆنیا لە لایەن ئەڵمانیاوە، توندوتیژی و بەدرەفتاری وبێ ڕەحمی بووە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە. ئەو ئازار و ئەزیەتەی کە لە خەڵکی پۆڵۆنیا (بەدەر لە یەهوودییەکانی ئەو وڵاتە) دەکرا، زۆر گەورە بوو و هەتاوەکوو هەنووکەش ئەم نەتەوەیە کاریگەرییەکانی ئەوکاتی هەست پێ دەکەن. پۆڵۆنییەکان بەناچارییەوە شاهیدی کۆمەڵکوژیی یەهوودییەکان بوون و تەنانەت دەرەنجامەکەش لە وڵاتەکەیاندا دەرک و هەست و پێ کرد.




ژمارەیەکی کەم لە پۆڵۆنییەکان هاوکاریی نازییەکانیان کرد، سەرەڕای ئەوەش پۆڵۆنییەکان ئەو یەهوودییانەی کە لە هەڵاتندا بوون دەیاندانە دەستی هێزەکانی بەرگری و یا بە پارەیەک حەشاریان دەدان تا بتوانن دواتر خیانەتیان پێ بکەن. لە لایەکی ترەوە هەزاران پۆڵۆنی بەهۆی یارمەتیدانی دراوسێ یەهوودییەکانیان گیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان خستە مەترسییەوە، تەنیا پۆڵۆنییەکان بوون کە بزووتنەیەکی بەرگرییان بە ئامانجی سەرەکیی ڕزگاربوونی یەهوودییەکان پێک هێنا. پەیوەندیی پۆڵۆنیایی ویەهوودییەکان پێش لە



شەڕدا گرفتی پێکەوەبوون بوو کە ڕوخساری دیارنەبوونی بڕوا و دوژمنایەتیی دوولایەنە بوو. سەرەڕای ئەمەش جاری وەها هەبوو کە دژە یەهوودییەکان یارمەتیی یەهوودییەکانیان دەدا کە ڕەنگە ئەم کارەشیان لە ڕووی هەستی مەزهەبی یا دراوسێیەتییەوە ئەنجام دابێت. جگە لە یەهوودییەکان و قەرەجەکان، هیچ گرووپێک و میللەتێکی دیکە بە قەدرا پۆڵۆنییەکان زەجر و ئازاریان نەکێشا و دوژمنی هاوبەشیان واتە نازیزم بووە هۆی ئەوەی کە ببنە خاوەنی خۆشەویستی و دلۆڤانی پابەندبوونێکی هاوبەش. ڕەفتاری بێ بەزەییانە و سارد لەگەڵ ئەو یەهوودییانەی کە زیندوو مابوونەوە و یا گەڕابوونەوە ٣٠٠٠٠٠ کەس لە سێ ملیۆن یەهوودیی پۆڵۆنیا بەردەوام بوو و کەوتنە بەر تانە و تەشەر و ئازار و ئەشکەنجەی بێ ڕەحمانەوە و لە ئەنجامدا زۆرێکیان هەڵاتن. ئەوڕۆکە لاوە پۆڵۆنییاییەکان حەز و خولیایان بۆمێژووی یەهوودییەکانی وڵاتەکەیان و نوێژخانە خاڵی و گۆڕستانە چۆڵەکانیان بزووتوە، بەڵام یەهوودییەکان ئامادەگیی ئەوەیان تێدا نییە.

**کەمپۆ دوو فیۆری لە بیرەوەریمدا زیندوو ماوەتەوە**
**دوانیوەڕۆیەکی جوانی بەهاری**
**لەگەڵ ئاوازی زیندووی مۆسیقا**
**لە وەرشۆ، تەنیشت چەرخ وفەلەک.**
**دەنگی مۆسیقا و ئاوازەکەی بەرز بووەوە،**
**گوللەکانی پشت دیوارەکەی گیتۆ**
**سەماکەرە جوانەکان هەڵدەستێنێتە سەر پێ..**
**زۆر بەرز بەرەو ئاسمانی ڕوون.**
**هەندێ جار لە خانووە سووتاوەکان**

**با... ئەژدیهای دووکەڵاوی لەگەڵ خۆی دەهێنێت**
**و خەڵکیش لەسەر چەرخ و فەلەکەکەدا پارچە سووتاوەکانیان دەگرنەوە..**
**با لە لای ئەو ماڵانەی کە دەسووتان**
**داوێنی کچەکانی هەڵدەدایەوە،**
**شادی و خۆشی ئەو خەڵکە کەمە.**
**لە یەکشەممەی پڕ لە درەوشانەوەی وەرشۆ**
**ڕەنگە کەسێک قسە لەسەر ئەخلاق بکات..**
**کە لە ڕۆم و وەرشۆ خەڵکی**
**شت دەکڕن.... خۆش ڕادەبوێرن.... خۆشەویستی دەکەن،**
**خاڵین لە ئاگری شەهید سووتێنەر.**
**ڕەنگە یەکێکی دیکە قسە لە ئەخلاق بکات**
**کە هەر شتێکی مرۆڤ لەنێو دەچێ،**
**کە لەبیرچوونەوە لەدایک دەبێ و گەشە دەکا،**
**بەڵام بڵێسەکان هێشتاکەش نەکوژاونەتەوە،**
**بەڵام من لەو کاتەدا بیرم لە تەنیایی مرۆڤەکانی دەم مەرگ دەکردەوە!**

گێڕانەوە لە کەمپۆ دووفیۆری، ژسلاو میلۆش
(هەڵگرتن: نێڵسن ئۆکە نیڵسۆن)

## پۆلێکی وانە خوێندنی پۆڵۆنیایی

سیسیلیا پرزیلۆکای پۆڵۆنیایی کە خۆی قوتابیی پۆلەکە بوو لەمەڕ هاوپۆلە یەهوودییەکانی و چارەنووسیانەوە بەم شێوەیە دەنووسێت:
"بە زەرەبین سەیری ئەو منداڵانە بکەن کە لە وێنەکەدان. ئەمانە



منداڵە پۆلی پێنجەمی ئەلفن لە شاری کۆزۆو لە پۆدۆلین و خۆشحاڵن بەوەی کە قوتابخانە دەستی پێ کردووەتەوە. باوکم داوای لێ کردم کە لەنێو منداڵە یەهوودییەکاندا دابنیشم. زۆرجاران دەیوت: یەهوودییەکان مرۆڤگەلی ژیرن، دەبێت گوێ بۆ قسەیان ڕابگیردرێت. ڕەنگە تەنیا لەبەر ئەوە بووبێت کە من زۆریان لەگەڵ هاوڕێ بووم و لە هەموویان زیاتر لەگەڵ «کلارا و ڕۆزا» هاوڕێ بووم کە لە ناوەندی پۆلدا دادەنیشتن. ڕۆزا جیددی بوو و زۆرجار قژەکانی دەکردە پەلکە و لەسەر سەریەوە کۆی دەکردنەوە و لە لای گوێیەوە گوڵێکی ڕۆبانی لێ دەدان. لە ماتماتیکدا زۆر باش بوو یارمەتیی قوتابییەکانی دیکەشی دەدا. کاتێک دەچووینە سەفرە ئەو کێکی بچوکی فەرەنسایی بۆ هەموان دەهێنا. باوک و دایکی نانەوایی و کارگەیەکی بچکۆلانەی شیرینییان هەبوو. کلارا لە تەنیشتی دادەنیشت و دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی بوون. قژەکانی کلارا لوول و بە پەلکەی کورت ڕازابوونەوە، ئەو حەزی لەوە بوو کە هاوڕێکانی بە قسەی خۆش وە پێکەنین بخات. لە پۆلەکەدا کلارایەکی دیکە هەبوو کە زۆر شەرمن و پڕکار و دلۆڤان بوو.

لە وێنەکەدا ئەو لە لای دیوارەکەوە و لە تەنیشت مۆسیۆ کە یەخەیەکی گەورەی هەبوو، دەوەستا. مسیۆ لەو جۆرە کراسانەی دەپۆشی، هەمووکات دادەنیشت و لەسەر ئانیشکەکانی دەستی دەکەوتە نێو بیرکردنەوەوە، ئەو کاتانە مامۆستا دەیوت: مۆسیۆ، دڵنیام کە ئەتۆ وەڵامەکە دەزانیت. لە ڕاستیشدا دەیزانی. سۆنیا، نەفەری دواوەی لای چەپ، تەنیا کچێک بوو و زۆر ڕێک و جوان بوو. ئەو لە ڕێگای پۆلدا سەمای دەکرد و گۆرانیی دەوت. دواتریش سارا



بوو(لە لای ڕاست)، بە قـژە سـوورەکـانی کـە لە زەردە دەچوون، زۆر شەرمن بوو و زمانی پۆڵۆنیایی زۆر لا گران بوو.

کچ و کـوڕێکی دیکە هەبوون کـە ناوەکـانیـانم لـەبیـر چووەتەوە(...)، کاتێک ئەڵمـانییـەکان هـاتن، منداڵە یەهوودییەکانی ئەم وێنەیە و هـی هەموو قوتابخانەکە کوژران. خوشک و برا و کەس و کارەکانیان لە لایەن ئەڵمانییەکانەوە بردرانە لای تەپۆڵکەیەکی بەردەڵان و گوللەباران کران. بەم شـێوەیە زۆربەی خەڵکی شـارەکەی ئێمـە کـوژران و تەنیا چوار کـەس بە زیندوویی مـانـەوە. باوک و کـوڕێک کـە خـۆیان لەنێـو زێرابە دوورەکانی شاردا شاردبووەوە و دایکیشم کە لەژێر زەمینەکەی خانووەکەماندا شاردینینەوە و یەک ساڵ و نیو خواردنی داینێ. ئەو تەنانەت ئـەمـەشی بـە باوکم نەوتبـوو و ئەوان لە ژێر زەمـینەکـەدا دوور بوون لەو مـەترسـییـە. منداڵیـان بوو، بەڵام بە مـردوویی لەدایک بوو. ناچاربوون کە منداڵەکەیان لە تەنیشت خۆیانەوە بخەنە ژێر گڵەوە، ئەم بابەتەیان ئەو کاتە بۆ ئێمە گێڕایەوە کە ئازاد بووبووین."



## دیموکراسییەکان دەروازەکانی خۆیان دادەخەن

دیموکراتەکانی ڕۆژئاوا سـەریان سـووڕمـابوو لە ئازار و ئەشکەنجە بێ ڕەحـمـانەیەی یەهوودییـەکـان لە لایـەن نازییـەکـانی ئـەڵمـانیـاوە سـووڕمـابوو. نەریتی مـرۆڤـدۆسـتی بەهۆی دزەکـردنە ناوەوەی دژە یـەهوودی لـە وڵاتەکـەیاندا لای دابـوو. زۆرێک حـەزیان دەکـرد کـە یارمـەتیی مـرۆڤـە زیان پێکەوتوەکـان بدەن، بەڵام لـە هەمـانکاتدا دەروازەکانی خۆیان لە ترسی بە لێشـاو چوونەژوورەوەی سوییدییەکان دەبەست. سیـاسـەتڤـانەکان زۆر بە کـەمی دەیانوێرا کە پێشـداوەرییـە ڕیشەدارەکان ببەنە ژێر پرسیارەوە.

دەنگۆی زۆر بـەرز بووبووەوە بۆ یارمـەتیـدانی یـەهوودییـەکـان، بەڵام ڕێژەیەکی زۆرکـەم ئامـادە بـوون بۆ جـێبـەجـێکردنی قـسـەکـانیـان. حکوومـەتی سـویدیش هـەر بەم شـێوەیە ڕەفـتـاری کـرد. زویک فـرید کـانسۆن، بەڕیوەبەری گشـتی شوورای بەرزی تەندروستی لە شـوباتی ١٩٣٩ دانی بەوەدانا کە:

"ناتوانین خۆبەزلزانانە ئیدیحا بکەین و بڵـەین بە باوەشی ئاواڵەوە پشـتـیـوانیـمـان لە پەنابەرەکـان کـرد. ئێـمـە دڵفـراوان نەبووین بۆ ئیـجـازەدانی نیـشـتـەجـێـبوونی ئەو کـەسـانـەی کە لە تـرسی ئازار و ئەشکەنجە پەنـایان بۆ ئێرە هێنابوو." پایزی ١٩٤٢ زانیارییەکی زیاتر سـەبارەت بە کـۆمـەڵکوژییـەکـە وەدەست کـەوت و هـاوپەیمانـەکـان پاڵـەپەسـتـۆی زیاتریـان کـەوتـەسـەر لەمـەڕ ئەنجـامـدانی کـردەوە و هەڵێنانەوەی هەنگاوی پێویست، بەڵام شتێکی وەها نەکرا. کاتێک کە ڕێکخـراوی ڕزگارکـردنی یەهوودییـەکانیـان دانا بە ناوی ڕێکخـراوی پەنـابەرانی شـەڕ، حکوومـەتی بەریتـانیـا نـاڕەزایەتیی دەربڕی و ئەم

کارەیان بە فیلمێکی ڕاگەیاندنی ڕیکلامی دانا. سەرەڕای سەرکەوتنی پراکتیکی ئەم ڕێکخراوەیە هەندێک مێژوونووس، سیاسەتی ئەمریکایان بە گەورەترین شکستی پریزدێنت ڕۆزفێلد زانی. لایەنگرانی ڕۆزفێلد دەڵێن کە باشترین ڕێگای هاوکاری یەهوودییەکان کۆتاییهێنان بە شەڕ بوو. ئەم ڕوانگەیە هەتاوەکوو ڕادەیەک ڕاستە، بەڵام زۆرێک لە خاوەن ڕایەکان زۆرجار ڕەخنە لەوە دەگرن کە بە شکستی دیموکراسییەکان ناودەبردرێت."

## گەڕان بەدوای پەناگەدا

پەنابەرە یەهوودییەکان بە دوای ئەوەی کە ناچارکران بگەڕێنەوە بۆ ئەورووپا، لە حاڵی دابەزین لە پاپۆڕی سێنت لویس. ڕۆژی ١٣ ئایاری ١٩٣٩، نزیکەی ١٠٠٠ پەنابەری یەهوودی، هامبۆرگیان بە پاپۆڕی سێنت لویس بەجێهێشت و لەدەست نازییەکان هەڵاتن. شوێنی مەبەستی ئەوان کووبا بوو، بەڵام ڕێگایان پێ نەدرا. هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی شوێنێک بۆ پەنابەری لە ئەمریکاش شکستیان هێنا. نزیکەی مانگێک دواتر ناچاربوون بگەڕێنەوە بۆ ئانتۆرپ لە بەلجیکیا و لە ١٧ کانوونی دووەم گەیشتنەوە ئەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندێکیان لە بەریتانیا مانەوە، بەڵام زۆربەی ئەم کەسانە وردە وردە کەوتنە دەست ئەڵمانییەکان و نێردرانەوە بۆ ئۆردووگاکانی مەرگ.

"ئێمە دەستمان لەکارکێشایەوە و سەربازە ئەڵمانی و هاوپەیمانەکانیان بەرەو پەناگەکان هەڵاتن، بەڵام زۆربەمان ئەمەمان نەکرد. ڕەنگە بەم کارە دەمانهەویست هەستی باڵاتری خۆمان پێشان بدەین یا بەجۆرێک تۆڵەی خۆمان بکەینەوە. شتێکمان نەبوو،





هەتا لە کیسی بدەین، دڵشا دەبین کە دەبینین ئەو کارخانە گەورەیە کە بۆ کۆمپانیای پیشەسازیی (LG) فاربنمان دروست دەکرا، وێران دەبێت. ئەو هەستی شادییەش تەنانەت لە کاتی بۆردمانکردنی ئەمریکییەکانیش لەنێونەچوو کە بریندار و کووشتەشمانی لێ کەوتوە. چەندە جوان بوو دیتنی ئەو یەکە ئاسمانییانەی کە یەک لە دوای یەک دەردەکەوتن و بۆمبەکانی خۆیان فڕێ  خوارەوە و بیناکانیان وێران دەکرد و تەنانەت خەڵکی ئەو وڵاتە سەربەرزەشیان دەکوشت. بۆمبارانەکان ورەی بەرز دەکردینەوە و بە شێوەیەکی سەیر هیوای زیندوومانەوە و هەڵاتن لەو دۆزەخەی تێدا دروست کردینەوە. لە قووڵایی هیوایەتەکانی خۆشمدا، جۆرێک پەیوەندیم لەنێوان هاوپەیمانەکان و بزووتنەوەی بچووکی ژێرزەمینی لە ئۆردووگاکاندا، کە پەیوەندیم پێوەیان هەبوو، دەبینی.

ئێمە لەبیری چالاکی تەقینەوە و هەڵاتندا بووین، وێرانکردن لە ئاسمانەوە، لە لایەن بۆمبهاوێژەکان و کوشتن بەهۆی ئێمەوە کە لە حاڵی هەڵاتن دابووین، تەنانەت ئەگەر ناچار بووینایە کە سوودیش لە جەستەی خۆمان وەک بۆمب وەربگرین، بەداخەوە هیچکات بەم شێوەیە نەبوو."

شالۆم لیندلبائۆم

لە پاشماوەکانی ئاوشوێتیس و مۆنۆتیس

## بۆمبارانکردنی ئاوشوێتیس

ڕاگواستنە بە کۆمەڵەکان لە هەنگاریاوە و لە ڕێگای سلۆڤاکیاوە بۆ ئاوشوێتیس لە مانگی مای تا تەمموزی ١٩٤٤ لەبەرامبەر چاوی جیهاندا ئەنجام درا. زۆرێک لە ڕێکخراو و کەسایەتییە جیاوازەکانی ئەمریکا و بەریتانیا داوایان کرد کە بۆ وەستانی ڕەشەکوژیی یەهوودییەکان هەنگاوێک هەڵهێنرێتەوە. بە تایبەت داوای ئەوە دەکرا کە ئۆردووگای مەرگی بیرکنائۆ کە ئەوکات ناوبانگی بڵاوبووبووەوە، بۆمباران بکرێت و یا هێڵی ئاسنەکەی بپچڕێنرێت. شەڕ کەوتە دوایین ساڵی خۆیەوە و کۆنترۆڵی سنووری هەواییەکانی ئەوروپا لە دەست هێزەکانی هاوپەیمانان بوو. بۆمبهاوێژە ئەمریکییەکان بەلانیکەمەوە ڕۆژانە لە ئیتالیاوە هەڵدەستان و لەبان هەرێمەکە هەڵدەفڕین و لەسەر ئۆردووگاکانەوە لەهاتوچۆدا بوون، بەڵام هاوپەیمانەکان لەبەر چەند هۆیەک خۆیان لە بۆمبارانکردن دوور دەگرت، هەندێک لەو بەهانانەی کە لە شوێنە فەرمییەکانەوە لە کاتی شەڕدا بڵاودەکرانەوە زۆر گاڵتەجاڕانە بوون. ڕیچارد لاو، وەزیری وڵاتی بەریتانیا بۆ یەکەمجار



لە ئەیلوولی ١٩٤٤ وەڵامی ڕێبەرە یەهوودییەکانی خائیم وایزمەنی بەم شێوەیە دایەوە:

"بەشی هێزی ئاسمانی بابەتەکەیان بە وردبینییەکی تەواوەوە لێک دەدایەوە، بەڵام من بەداخم کە دەبێت ڕابگەیەنم بە لەبەرچاو گرتنی ئەو گرفتە فەنییە گەورانەی کە لەم بابەتە هەن هیچ ڕێگا چارەیەکمان نییە جگە لەوەی کە پێشنیارەکەتان ڕەد بکەینەوە."

هەندێک لە مێژوونووسان لەو باوەڕەدان کە بیرۆکەی دژە یەهوودی لەم بابەتەدا ڕۆڵی هەبووە. ئەم کێشەیە پڕ لە هەرا و هۆرایە هەتاوەکوو ئەمڕۆکەش درێژەی هەیە، بەڵام حەقیقەت هەروەک هێزی جارانی خۆی ماوەتەوە: هەلی ڕزگارکردنی یەهوودییەکانی لە ژوورەکانی غاز هەبوو، بەڵام سوودی لێ وەرنەگیرا.

## پەند وەرگرتن

شارلۆت دلبۆ، نووسەری فەرەنسایی کە خۆی لە ئۆردووگای ئاوشوێتیس – بیرکنائۆ زیندانی سیاسی بووە، لەمەڕ قڕکردنی بێ کۆتایی کە نازییەکان لە ئۆردووگاکاندا دروستیان دەکرد، دەگێڕێتەوە. ئەو داوای ئەوەمان لێ دەکات کە هەوڵ بدەین ئەم دیمەنانە بە بێ ئەوەی کە ڕوویان تێ بکەین و بیانبینین و هەوڵ بدەین تێیان بگەین. ئەو لە هەمانکاتدا هەستی دەکرد کە تێگەیشتنەکەی کە لە ڕێگای ئەزموونی شەخسییەوە بە دەستی هێنابوو جێگای سوود لێ وەرگرتن نەبوو. ناشیرینی کۆمەڵکوژیی یەهودییەکان، بووە ڕۆژی عیبرەت. ڕەهەندی کاولکاریی شەڕی دووهەمی جیهانی هێشتاکەش لە توانای وێناکردنی ئێمە بەدەرە. شەڕ دوو لایەنی هەبوو، لە لایەکەوە شەڕێکی سیاسی(نەریتی) بوو و دەیان ملیۆن کەس لەم شەڕەدا گیانی خۆیان

لەدەست دا، بەڵام لایەنەکەی تری جیاواز و تازە بوو.

ئەم شەڕە، شەڕێکی ئایدۆلۆژی و ئەنقەستی دژ بە یەهوودییەکان بوو کە ئامانجیشی وێرانکردنی هەستی بیۆلۆژیکیی ئەوان بوو لە گۆڕەپانی ئەوروپادا. مەسەلەی داهاتووی یەهوودییەکان لە ئەوروپا هێشتاکەش ڕوون نییە، بەڵام دەبێت یەقینمان هەبێت کە مێژووی ئەوروپا و تەواوکەرەکەی بۆ هەموودەم بە شێوەیەکی نەرێنیانە کەوتوتە ژێر کاریگەرییەوە. ئێمە لەمەڕ کۆمەڵکوژیی یەهوودییەکاندا زۆر شت دەزانین. ماوەیەکی زۆر یەکێک لە گرنگترین پرسیارکانی لێکۆڵەرەوان بووە، بەڵام ئەو پرسیارە کە (بۆچی) دەبووایە لەسەدا نەوەدی منداڵە یەهوودییەکانی ژێر تەمەن ١٥ ساڵان لە ئەوروپا لە ساڵی ١٩٣٩ بکوژرێن؟ هێشتاکەش بەو ڕێژەیەی کە بۆ قوربانییەکان بێ پاکانەکردن بوو، بێ بەهانە ماوەتەوە.

بیرمەندانێک هەن کە لەو بڕوایەدان ئێمە هیچکات تێ ناگەین(بۆچی)، واتە دەرککردنی تەواوی کۆمەڵکوژیی یەهوودییەکان لە سەرووی هێزی تێگەیشتنی مرۆڤایەتییەوە دەمێنێتەوە، بەڵام ئینکارکردنی ئەم کارەساتە و یا گرینگینەدان بە بەپاشماوەکانی ئەم ڕووداوە، مەترسییەکی گەورەی بۆ داهاتووی هاوبەشی ئێمە لەپێش دەبێت. نووسەرێک بە ناوی پریمۆ لوی بەم شێوەیە قسەمان بۆ دەکات:

"پەیجۆری و تێبینیکردن لەم بەدواکەوتنە نالەبار و گلاوە، نە ئاسانە و نە داهاتووشی ڕوونە(...)، پیاو دڵی وەها دەخوازێت کە دەموچاوی تێک نێت و ڕووی لێ وەرگێڕێت و نەیبیستێت: پێویستە لە بەرامبەر ئەم دڵەراوکێیە خۆڕاگری بکەیت." ئەمڕۆ ئەتوانیت هیوا بخوازیت کە خۆزیا ئەم کێشەیە هیچ کات نەبوایە، بەڵام لەو دەمەی کە کۆمەڵکوژی یەهوودییەکان ڕووی دا، وەک بەشێک لە میراتی ئەوروپای لێ هات و



دەشمێنێتەوە. لەکن مێژوونووس، ئۆمەر بارتۆف وەحشیانەترین و مەترسیدارترین بابەت نەبوون و وەرنەگرتنی زیندانییە لە کارەساتی یەهوودییەکاندا. ئەوپەڕی بێمانایی و پووچی تەواوی ئەم ڕووداوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر بابەتێک لەبارەی دەرس وەرگرتن لێی، لە خۆڕا و بێ پەیوەندی دەربکەوێت، ئەمەش سەلماندنێکی پتەوە. ڕووداوی قەتڵوعامی یەهوودییەکان، ساڵێکی تاریکە لە مێژووی نوێی جیهان و ئەوروپادا.

هۆکاری ڕوودانی ئەم کارەساتە ئەوەیە کە کەسانی وەک من و تۆ نەخشەی ئەو کارەساتەیان کێشا و لەماوەی چەند ساڵێک بەڕێوەیان برد. ئەوان مافی هەڵبژاردنیان هەبوو و دەبووایە لەبری ئەمە شتێکی دیکەیان هەڵبژاردبایە، هەربۆیەش و لەبەر ئەم هۆیە لەسەر شانی دایک و باوک و مامۆستایان و سیاسەتمەدارەکان و گشت مرۆڤە گەورە و باڵغەکانە کە منداڵەکانیان فێر بکەن و ئەوانیش بەنۆرەی خۆیان فێری منداڵەکانی خۆیان بکەن کە هەموودەم ڕێگەیەکی دیکە و هەڵبژاردنێکی دیکە بوونی هەیە، بەڵام ئەگەر تەنیا کەسێک بزانێت و پابەند بێت کە هەڵبژاردنێکی خراپ چ داهاتوویەکی لە دوایە.

"ئەم تاوانانە بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژە و ترسناکی قوربانییەکانی، بێ وێنەیە. ژمارەی گەورەی ئەو خەڵکانەی کە لە ئەنجامدانی ئەم کارەساتانە بەشداربوون ترسناکترێکە(...). ئەمانە لە بێرەحمی و تاوان پێکەوە پێشبڕکێیان بوو."

ڕۆبێرت .h. جەکسۆن

دادوەری دادگایەکانی نۆرەنبێرگ

ئەی ئەو کەسانەی کە دەزانن...
دەتانزانی کە برسییەتی لە چاوەکانتان دەدرەوشێتەوە
تینوویەتی چاوەکان بەرەو تاریکی ڕکێش دەکات.
ئەی ئەو کەسانەی کە دەزانن...
دەتانزانی کە دەتوانرێ دایکی خۆتان بە مردوویی ببینن
بێ ئەوەی فرمێسکێک هەڵرێژن.
ئەی ئەو کەسانەی کە دەزانن...
دەتانزانی کە بە دەسپێکی سەرلەبەیانی، مرۆڤ ئارەزوو بۆ مەرگ دەخوازێت
و شەوان لەمەرگ دەترسێت.
ئەی ئەو کەسانەی کە دەزانن...
دەتانزانی کە ڕۆژێک درێژتر دێتە بەرچاو لە ساڵێک
و خوولەکێک درێژتر لە تەمەنێک.
ئەی ئەو کەسانەی کە دەزانن...
دەتانزانی کە ئێسک لە چاو بەهێزترە
و دەمار لە ئێسکیش بەهێزتر
و دڵیش لە ئاسن ڕەقترێکە
(...)
دەتانزانی کە کۆتاییەک بۆ ئازاردان نییە
کە سنوورێک نییە بۆ وەحشەت
ئەمانەتان دەزانی...
ئەی ئەو کەسانەی کە دەزانن...

شارلۆت دلبۆ





گۆڕێکی بە کۆمەڵی یەهودییە خنکێنرا و قڕکراوەکان بە غازی کووشندە.

## مێژووی زیندوو

### هەنگاوی زانیاری کۆکردنەوە لەمەڕ کۆمەڵکوژی یەهودییەکان.

سەرۆک وەزیر یۆران برشۆن، لە ماوەی چەند دانیشتنێکدا لە نێوان ڕێبەرانی حزب لە کانوونی دووەمی ١٩٩٧، بەڕێوەبردن و توانای لە بواری ڕاگەیاندنی زانیاری بەربڵاو بە ناوی مێژووی زیندوو لەسەر کۆمەڵکووژی یەهوودیەکانی گرتە دەست. ئامانجی ئەمەش ئەوەیە کە بەوەگەڕکەوتنی کۆمەڵکووژی یەهودییەکان لەماوەی شەڕی جیهانی دووەمدا مەسەلەی تایبەت و پەیوەندیدار بە مرۆڤایەتی، دیموکراسی و یەکسانی بوونی گشت بەها مرۆڤایەتییەکان بێتە بەر باس. لە ڕێگەی

زانست و مناقشەوە پێشگیری بکرێت لە ڕوودانی کارەساتی وەها. کارەساتی کووشتنی یەهودییەکان دەبێت وەک زەنگێکی خەتەر و مەترسیداری هەمیشەیی بزرینگێتەوە و پێشاندەری ئەوە بێ کە ئەگەر بێت و ئێمە بەردەوام باسی دیموکراسی و بەها مرۆڤایەتییەکان نەکەین، چ شتێک ڕوودەدات. چالاکی و هەنگاو هەڵێنانەوە لە چوارچێوە و سنووری مێژووی زیندوو لە سێ بەش پێک دێت. ئەو چالاکییانەی کە پێشاندەری ڕێککەوتنی سیاسی و دوور کەوتنەوە لەو هێزانەی کە ئینکاری لە ڕاستی و کۆمەڵکووژی یەهوودیەکان دەکەن و دیفاع لەو ئایدۆلۆژیانە دەکەن کە هۆکاری کۆمەڵکووژی نەتەوەیی بووە.

## حزبەکانی وڵات لەگەڵ یەکتری ڕێککەوتوون

قەتڵ و عامی یەهودییەکان یەکێک لە کارەساتاویترین تاوانەکانە کە دژی مرۆڤایەتی ئەنجام درا. بە ملیۆن مرۆڤ لە لایەن نازییەکانەوە



کووژران. ئەم تاوانە ئەمڕۆکە جێگای باوەڕ نییە، سەرەڕای ئەوەی کە تەنیا پەنجا ساڵ لە ڕوودانی تێدەپەڕێت. ئێمە کاتێک خوازیاری کۆمەڵگایەکین لەسەر بنەمای بەها مرۆڤایەتییەکان، دیموکراسی و مافی یەکسانی بۆ هەمووان، ئەوا پێویستە لەبەرامبەر ئایدۆلۆژیای توندوتیژدا بوەستین. ئێمە ناتوانین هەروا بە هێمنی و بێدەنگی شاهیدی دووبارە ڕوودانی هزری نازییەت و ئینکاری تاوانەکانیان بین. لە بیرکردنی مێژوو، ئەو ترسەی لەپێشە کەمێژوو دووبارە بێتەوە. هێشتا مرۆڤ گەلێک زیندوون کە دەتوانن لەمەڕ تاوانی نازییەکان شاهیدی بدەن. زانیاری تایبەت بە ڕووداوێک کە ٥٠ ساڵ پێش ئێستا ڕوویداوە، نابێت لەگەڵ خۆیان



بیبەنە ژێر گڵەوە. ئەو قوورسی و بەدبەختییەی کە ئەوان لەسەر شانییان بوە نابێت لەبیر بکرێت. بە لەبەرچاوگرتنی بابەتی ناوبراو، دەوڵەتی داهێنەر بۆ مێژووی زیندووی گرتە دەست کە لەخۆگری و هەنگاوی بەرفراوان بۆ پەرەپێدانی زانست لەمەڕ کارەساتی کۆمەڵکووژی یەهوودیەکانە. زۆرێک بەشداریان لەم پڕۆژەیەدا هەبوە، گرنگتر لە هەمووان، ئەوەی کە گشت حزبەکانی پەرلەمان بە یەکگرتنیان لە پڕۆژەی مێژووی زیندوو پشتگیرییان کرد.

یورانپێرشۆن – سۆسیال دیموکراتەکان

من بە بێدەنگی لە تەنیشت کوورەی سووتاندنی ئۆردووگاکانی مەرگی نازییەکان و لە تەنیشت گۆڕە بە کۆمەڵەکانی بەرهەمی کووشتاری زاڵمانەی شەڕی بۆسنی وەستام.



هەروەها گێڕانەوە دڵەزێنەکانی بەجێ ماوی کوشتاری سەردەمانی ستالینم گوێ لێ بووە. ئەم کارەساتانە ڕەنگە دووبارە ڕوو بدەنەوە و ڕەنگە هیتلەر بە ستالینێکەی تر دەرکەونەوە، بەڵام ڕەنگە ترس لە نەناسراوەکان بگۆڕێت بۆ دانبەخۆدانەگرتن. ڕەنگە بێزاری و نەفرەت زیاتر بێت یا بەربلاوتر بێت و هێز بکەوێتە خزمەت کوشتن. کوشتنی ئەوانەی کە ڕەنگیان جیاوازە و ئەوانەی کە جودابڕن. کوشتنی کەسانێک کە خاوەن بڕوای جیاوازن. یەهوودییەکان، سپی پێستەکان یا گەنم ڕەنگەکان و ئەوانەی تریش کوشتاری خەڵکانێک کە جگە لە ڕوخساری جیاوازیان، سەبارەت بە بکوژەکانی خۆیان، تووشی هیچ گوناهێکی دیکە نەبوونە، هەر لەبەر ئەم هۆیەش پەند وەرگرتن لە مێژوو بۆ ئێمە گرنگایەتییەکی

زۆری هەیە. هیچ کات نابێت مێژوو لەبیر بکرێت، دەبێت ئێمە بتوانین ئەنجام لە مێژوو وەربگرین. واتە ئەوەی کە دەبێتە هۆی جیاوازیی نێوان جڤات و کەلتوورەکان لە زۆر بواردا دەبێتە هۆی هەڵدانی تواناکان و جووڵە لە گەشەپێدان و گۆڕانی ئێمە. واتە هاوکاریی هەرچی نزیکتری نێوان تاک و نەتەوە و دەوڵەتەکانە کە بەربەستێکی پتەو لەبەرامبەر ئەگەری کوشتاری نوێ لەلایەن بەربەریەتەوە پێک دنێت.

کارل بیلدت – مۆدێراتەکان

هەر مرۆڤێک تایبەتە و دەبێت ڕێزی تایبەتی لێ بنرێت. کراوە بیت لە بەرامبەر ئەوانەی دیکەدا و بنەمای کۆمەڵگایەکی دیموکرات، تەحەممولکردنی ئەوانەی دیکەیە بە بێ لەبەرچاوگرتنی نەژاد، 



مەزهەب، کەلتوور و ناسنامەی نەژادییان، بەڵام بڕوا بەم جۆرە بەهایانە هەمووده‌م بەردەوام و دیاریکراو نییە. هەر نەسلێکی نوێ دەبێت خۆی بۆ بەدەستهێنانی ئەم جۆرە بەها مرۆڤانە و دیموکراتییانە، خەبات بکات، هەر بۆیەش مەسەلەی تایبەت بەڕێز و هێمنیی نێوان مرۆڤەکان تەنیا بە یاسادانان و چالاکیی ئیداری حەل نابێت.

بەهاگەلێک کە ئێمە داوای دەکەین بۆ ئەوەی کۆمەڵگای خۆمانی لەسەر بنیاد بنێین دەبێت ورد لە کرۆکی ڕێزی تاک بۆ گشت مرۆڤەکان گەشە بکەن. ئیهانەکردن بە مرۆڤێک، ئیهانەکردنە بە بنەما و ئەسڵی کۆمەڵگایەکی مرۆیی و دیموکرات. لە سەردەمانی هیتلەر و کارەساتی لەنێوبردنی یەهوودییەکاندا بەهای مرۆیی خرایە ژێر پێ. ئەم



کارەساتە نابێت دووبارە ببێتەوە، ئێمە لەبەرانبەر ئەوانەی کە تووشی ئەمە بوون قەرزدارین. مرۆڤ دەبێت وەک مرۆڤ بمێنێتەوە، ئەمە ئەرکێکە کە لەبەرامبەر خۆماندا لەسەر شانمانە.

ئۆلۆف یۆهانسۆن – حیزبی سێنتەر

ئێمە لە بەرامبەر جینایەتەکانی نازییەکاندا دەڵێین، بۆ هەمیشە بەسە. سەرەرای ئەمەش چەندین جار ئەم ڕووداوە دووبارە دەبێتەوە. بژار و پاککردنەوەی نەتەوەییی ناو ئۆردووگاکان، کۆمەڵکوژیی نەژاری، هەر لەم ساڵانەی دواییدا لە بۆسنی و 



ڕواندا ڕووی دایەوە. ساڵانێک بەدوای ڕووخانی نازیزم، شێوەکانی بەربەریەت لەگەڵ خەڵکی جیاواز و جیابیرەکان لەناخی دیکتاتۆرەکاندا چێنراوە، بەڵام ئێمە دەبێت بەردەوام بڵێین، بۆ هەمیشە بەسە و لە پلەی یەکەم دەبێت چالاکی و هەنگاوەکانمان لەم ئاڕاستەیەدا چڕ بکەینەوە. ئەگەر قبووڵ بکەین کە توانای دوورکەوتنەوە و لەنێو بردنی بەربەریەتمان نییە ئەوا لە خەباتی مرۆڤدۆستی و بەها مرۆڤایەتییەکاندا خۆمان داوە بە دەستەوە و تەسلیم بووین.

زانین بنەمایە. بەشێک لەم زانستە پێویستە بۆ دژە یەهوودی، مێژوو، بایەخ و دنیای خەیاڵە نەخۆشەکان. لە ژانۆیەی ١٩٨٨ وەکیلێکی سویدی دانی بەوەدانا کە ناتوانێت دەرک بکات کە بۆچی شێوەی ڕێزو سڵاوی هیتلەری دەبێت خراپ و ناخۆش بێت. بەشێکی گەورەی مۆزیکی هێزی نەژاری سپی کە لە بازارە جیهانییەکانی دەفرۆشرێت لە سوید بەرهەڤ دێت. بۆ من هەر ئەم دوو نموونەیە

بەسەن کە ڕابگەینم پرۆژەی مێژووی زیندوو، ئەرکێکی گرینگی سەرشانە.

لارش لیۆبنۆری – حزبی لیبراڵی خەڵک

یادکردنەوەی کارەساتی لەنێوبردنی یەهوودییەکان، هەنووکە لە گشت کاتێکی دیکە پێویست ترێکە. نەک تەنیا لەبەر ئەو هۆیەی کە هەندێک کەس ڕوودانی ئینکار دەکەن، بەڵکو لەبەر ئەو هۆیەکە ئەمڕۆکە ڕەوتی گەشەی کۆمەڵگای ئەوروپایی هەندێک خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئەو بارودۆخە هەیە کە تیایدا نازیزم لە ئاڵمانیادا هێز و دەسەڵاتی گرتەدەست. مرۆڤایەتی لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانیدا بۆ زانین و دڵنیابوون لەوەی کە کێشەی ئابووری و بێکاریی بەرین و نەبوونی ئاسایش چ داهاتوویەکی هەیە، بەگران لەسەری کەوت. لەو سەردەمانەدا، هەروەک ئەمڕۆ، هێزە ڕەشەکان و دژە دیمۆکراتییەکان بە دوای جیاوازییە کەلتووری و نەتەوەییەکانەوە بوون. ئەوان بە ئایدۆلۆژیی نەژار پەرستانە هەوڵیان دەدا بۆ تاوانبارکردنی دەستەیەک و گوناهی شڵەژانی کۆمەڵایەتی و گەشەنەکردنیان کە لە ئەنجامی نەبوونی یەکسانی و گەشەی ناعادیلا دادەنا، دەخستە گەردەنی ئەو دەستەیەوە. ڕوون و ئاشکرایە کە پەروەردە دژی نازیزم و ڕەگەزپەرستی پێویستە، بەڵام ئەم کارە دەبێت هەنگاو هەڵێنانەوە بێت دژی بێکاری، جیاییی ناوچەکانی دانیشتن و نەهامەتییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە.



ئۆردۆن شێمن – حزبی چەپ





مێژووی خۆمان و ئەوەی کە ڕووداوی ترسناکی قەتڵوعامی یەهوودییەکان کە ٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا و لە ئەوروپادا ڕووی دا، بۆمان جێگای تێگەیشتن و دەرککردن نییە، بەڵام هۆکاری ئەم ڕووداوە ئەوە بوو کە مرۆڤگەلی وەک من و تۆ داکۆکی و بەرگریان نەکرد لە مافی مرۆڤەکانی تر بۆ کە کەوتبوونە بەر شاڵاوی هەڵاواردنەوە داکۆکیمان لە مافی هەبوونی بیروڕای جیاواز و بیرۆکەی جیاواز نەکرد و لە ئاڕاستەی دژە ڕەگەز پەرستی و دژە بێگانەیی هەنگاومان هەڵنەهێنایەوە.



ئەم ڕووداوە نابێت دووبارە ببێتەوە، هەر بۆیەش دەرککردنی ئەم بابەتە کە مرۆڤەکان خاوەن بەهای یەکسان و پێداویستیگەلی وەک یەکن و ئەوەی کە یەکگرتن لەگەڵ یەکدا و لەگەڵ نەسلەکانی داهاتوو، شەڕی بنەماییی کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتە، زەروورەتی هەیە. هەموومان دەبێت بۆ چێکردنی کۆمەڵگایەک کە تیایدا جێگایەک بۆ هەمووان هەبێ، هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەین، کۆمەڵگایەک کە خەڵک تیایدا بەشدار بن و هەست بەوە بکەن کە دەتوانن لەسەر مەسەلەو بابەتەکان کاریگەرییان هەبێت، کۆمەڵگایەک کە تیایدا گرینگی بدرێت بە دیمۆکراسی و ئاسایش.

ماریان سامۆئێلسۆن

حزبی ژینگە، سەوزەکان

ئەوەی کە ڕاستیی مێژوو ئینکار بکات، ئەوا ئینکاری بوونی خۆی دەکات. هیچ کات ناتوانین ڕزگارمان بێت لە شەڕی گەورەترین

شێتایەتیی مرۆڤایەتی و ئەو ئیهانەیەی کە نازیزم کردی، بەڵام ئەمە



بەرپرسیارەتی بۆ ئەم لاو ئەولای هەر نەسل و گرینگترین و سەرەتاییترین ئەرکی هەر بنەماڵە و تاکێکە کە ڕاستییەکان ببینێت و بەرگریان لێ بکات و بیانگوازێتەوە بۆ داهاتوو و هیچ کات ئیزن نەدات کە خەڵەلێک بکەوێتە ناو حەقیقەتەوە. لێکترازانی پێشینەی مێژوویی و نابەرپرسیاریەتی شێتکەرە. ئێمە زۆر بە سادەیی بیر دەکەینەوە کە نەسلی ئێمە، زەمانی ئێمە دەتوانێت سەرکەوێت بەسەر ڕەفتاری نامرۆڤانە و شێتایەتیدا و ئێمە کە هەنووکە زیندووین دەتوانین بهێڵین عەقڵ و لۆجێک بەهێزبێت و سەرکەوێت.

ئەمە ترسناکە و بیرکردنەوەیەکی بەتاڵە. ئاگاییی ئەخلاقی پێویستییەکی هەر کۆمەڵگایەکە. هەموومان دەبێت لە ماڵەوە لەسەر مێزی خواردن، لە ناوەندو ئەنجوومەنەکان، لە ژوورەکانی نان خواردن، لە کۆڵان و شەقام پێشان بدەین کە هەر تاکێک بەبێ لەبەر چاوگرتنی نەژار، مەزهەب، تەمەن، زیرەکی و هتد، خاوەنی کۆمەڵێک بەهایە کە نابێ لەبەرچاو نەگیرێن. پاراستنی داهاتوو تەنیا ئەو کاتە دێتەدی کە ئێمە بەهاوبەشی دژی جوولانەوە گەلێک کە درۆکردن لە هێزی جووڵەیاندایە، خەبات بکەین.

ئالف نۆنسۆن – لە دیموکرات مەسیحییەکان

**تێبینی:**

ناونیشانی کتێبەکە لە سورەتی (یوئیل، باب الاول، ئایەی دوو و سێ)ی ئینجیل وەرگیراوە:



ئەی بە ساڵاچووەکان گوێ بیستی ئەمە بن و گوێ بگرن، ئێوە ئەی بەرهەڤکەرانی زەوی. ئایا هاوشێوەی ئەم ڕووداوە پێشتر لە سەردەمانی ئێوە یا باوکەکانتاندا ڕوویداوە؟

نا.....

لەسەر ئێوەیەکە ئەم ڕووداوە بۆ منداڵەکانتان بگێڕنەوە و منداڵەکانتان بۆ منداڵەکانی خۆیان و ئەوانیش بۆ نەسلەکانی داهاتوو.

ئێسفان برۆسفێڵد

خوێندکاری دکتۆرا لە مێژووی بیروڕایە و لەگەڵ ناوەندی لێکۆڵینەوەی کۆچی سەر بە زانکۆی ستۆکۆڵم هاوکاری دەکا. بەرهەمەکانی ئەو نووسینێکە لەژێر ناوی ئینکاری لەنێوبردنی یەهوودییەکان، تەزویری مێژوو لەلایەن نئۆنازیزستەکانەوە بەدوای ئاوشۆیتیس.

پاوڵ. ئا. لڤین

دکتۆرای هەیە و لەگەڵ ناوەندی لێکۆڵینەوەی فرە نەتەوەیی سەر بە زانکۆی ئۆپسالا هاوکاری هەیە. ئەو پسپۆری کۆمسیۆنی دەوڵەتە لەمەڕ داراییەکانی یەهوودییەکان. ئەو تێزی دکتۆراکەی خۆی لەژێر ناوی لە ئاسایی بوون تا خەباتی چالاکانە: دیپلۆماسیی سوید و ڕووداوی کۆمەڵکوژی یەهودییەکان (١٩٣٨– ١٩٤٤) نووسیوە.

**کۆتایی**

# پێڕست


پێشەکیی وەرگێڕ ..... 5
پێشەکیی کتێبەکە ..... 9
منداڵان وەک ئاژەڵی تاقیگە ..... 13
بنەمای هزریی نەژادپەرستی ..... 18
دژە یەهوودی و ..... 19
ئانی هۆرۆویتس ..... 22
ڕووداوە گرینگەکانی نێوان ..... 24
ژیانی یەهوودییەکان پێش شەڕ ..... 38
ئان فرانک ..... 40
قەرەجەکان ..... 42
قەرەجەکان و نەژادپەرستی ..... 43
یاسای باڤاریا بۆ ..... 45
ترۆڵەن (قەرەج) ..... 48
هۆمۆسێکسواڵەکان ..... 49
کەم ئەندامەکان و کەم ئەقڵەکان ..... 51
چاودێری و ئازار ..... 53
ڕووتکردنەوەی یەهوودییەکان ..... 55
تیرۆر دژی شوێنی... ..... 56
سگێرستێد ..... 56
یەهوودی لە قوتابخانە کرایە دەرەوە ..... 58
شەوی کریستاڵ ..... 59
گیتۆکان دروست دەکرێن ..... 62
بڕیاری هایدریش ..... 63
ژیان لە گیتۆدا ..... 66
ئاغای بەهێزی گیتۆ ..... 68





بنرزین، ١٩٤٢ ..... 71
هەڵبژاردنی دژوار ..... 73
مەرگی شەقامی ..... 74
کۆمەڵکوژیی یەهوودییەکان لە شوێنە جیاوازەکانی ئەوروپا ..... 77
کۆبوونەوە لە ئەسکەندەناڤیا ..... 80
بڕیارە دەرچووەکان ..... 82
دوورخستنەوە ..... 84
ئۆمشلاگ پلاتس ..... 86
شوێنێک لە فرمێسک و خوێن ..... 88
کردنەدەرەوەی قەرەجەکان ..... 91
لەنێو حوکمدراوەکان ..... 94
لێکجیابوونەوەکان ..... 96
ماڵئاوایی ..... 99
دوورخستنەوە بە پاپۆڕی دۆنائۆ ..... 100
لە دەستدانی هەموو بوونێک ..... 101
ڕێڕەوی شەمەندەفەرە تایبەتییەکان ..... 103
کۆمەڵکوژی دەست پێ دەکات ..... 105
لە وڵاتانی دەورووبەری بالتیک ..... 109
گرووپەکانی گورز وەشێن ..... 111
قەتڵوعامی ژنان و منداڵان ..... 113
لە گرووپە گورز وەشێنەکانەوە بۆ کارخانەکانی مەرگ ..... 115
هۆکاری مەترسیدار بۆ... ..... 117
عەمەلیاتی ڕینهارد ..... 119
تابلۆیەک لە تربلینکا ..... 121
قەتڵوعامی یەهوودییەکان ..... 121
تربلینکا کارخانەی مەرگ ..... 122
فرانس ئیستنگڵ ..... 124
لەنێوبردن لە ڕێگای کارەوە ..... 125

ئاوشوێتیس بیرکنائۆ ..... 127
وێنەی بیرکنائۆ لە کتێبدا ..... 128
هەڵبژاردن ..... 130
٢٠٠ وێنەی بیرکنائۆ ..... 130
(٦٠٠) کوڕ ..... 134
کارکردن لە دۆزەخ ..... 135
کردنەوەی ژووری غاز ..... 137
شۆرش لە گیتۆ ..... 137
بەربەرەکانێ و ڕزگاربوون ..... 139
پارتیزانەکانی نێو دارستان ..... 142
شۆرش لە گیتۆی وەرشۆ ..... 143
شۆرش لە ئۆردووگای مەرگ ..... 147
بەرگرییە مەدەنییەکانی ئەڵمانیا ..... 148
ڕەخنەی ڕۆسن ئیستراوس ..... 151
سوید بەرگری دەکات ..... 153
بینەر ..... 155
شاهیدەکانی کۆمەڵکوژی... ..... 159
پۆلێکی وانە خوێندنی پۆڵۆنیایی ..... 161
دیموکراسییەکان دەروازە... ..... 164
گەڕان بەدوای پەناگەدا ..... 165
بۆمببارانکردنی ئاوشوێتیس ..... 167
پەند وەرگرتن ..... 168
مێژووی زیندوو ..... 172
حیزبەکانی وڵات ..... 173
تێبینی ..... 179